ئەحمەد شوقەیری

# گەشتەکەم لەگەڵ گاندی

هێمن قادر
لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی



ئەحمەد شوقەیری

# گەشتەکەم لەگەڵ گاندی



هێمن قادر
لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی

ADIBAN

**ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان**

بەڕێوەبەری گشتی: ئارامی مەلا محەمەد

**ناونیشان:** سلێمانی، شەقامی ئیبراهیم پاشا،فولکەی گۆزەکان، نزیک ناوەندیی ڕۆژهەڵاتی کوڕان.

**پەیوەندی:** 07701974656 - 07501590032 - 07731974646 - 07501696369.

**Email:** bookadiban@gmail.com
**Facebook:** https://www.facebook.com/eadiban/

## ناسنامەی کتێب

ناونیشان: گەشتەکەم لەگەڵ گاندی.

نووسەر: ئەحمەد شوقەیری.

وەرگێڕانی: هێمن قادر.

هەڵەبڕی: باخان ئەحمەد.

بابەت: سەفەرنامە.

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم.

پەخشانگە: ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان.

ساڵی چاپ: ٢٠٢٠میلادی.

تیراژ: ١٠٠٠ دانەی لێ چاپکراوە.

---

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (٢٦٥٢) ساڵی (٢٠١٩) پێ دراوە، ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبانە، مافی لەچاپدان و کۆپیکردنی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان.

"ئەوەی ئاینی ئیسلامی سەرخست شمشێر نەبوو،
ڕەوشتی بەرزی محەمەد بوو".

ماهاتما گاندی

## ئەم گەشتە بۆچی؟

بە ناوی خودای بەخشندە، باشترین و جوانترین درووود و سەلام لەسەر گیانی پاکی پێغەمبەر (ﷺ).

بەو پێیەی لەناو ڕاگەیاندندا کار دەکەم، زۆر پرسیارم لێ دەکەن، بەتایبەت گەنجان: چ ئامۆژگارییەکت هەیە بۆ ئەوەی لە ژیاندا سوودی بۆمان هەبێت؟ پێیان دەڵێم: ئامۆژگاریتان دەکەم بەبێ ماندووبوون و وەڕسبوون، گەشە بە توانا و ڕۆشنبیرییەکانتان بدەن. هەر یەکە لە ئێمە کەموکورتیی هەیە، کامڵبوون تەنها بۆ خودایە، بەڵام جیاوازی لەنێو مرۆڤەکاندا ئەوەیە هەندێک کەس لە گەشتی ژیانیاندا زۆر پێداگر و وردن لە بنبڕکردن و هەڵکێشانی کەموکورتی و نەنگییەکانیان.

هەمیشە دەڵێم: ئامانج ئەوە نییە بگەیتە کامڵبوون و بێ کەموکورتی، چونکە کامڵبوون تەنها بۆ خودایە، بەڵام ئامانج ئەوەیە بەردەوام کۆشش بکەیت بۆ کامڵبوون، بۆ ئەوەی بگەیتە نزیکترین پلە لێیەوە.

لەم کتێبەدا چەند ڕاز و پەند و ئامۆژگاری لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانت بەرچاو دەکەوێت. لە کۆتاییدا هەموومان بەو دەردەوە دەناڵێنین و هەمان لاوازیی مرۆڤبوونمان تیایە، لەم پەرتووکەدا بەڕاشکاوانە بە ڕوونی و دیاریکراوی باسی ئەو لاوازییە دەکات لە گەشتی ژیانمدا تووشی بووم و چارەسەر و هەستانەوەی بۆ دیاری کراوە.

هەندێک لایەنی ڕۆحی و هزری دەبینی، لە هەر باخێک لە باخەکانی دونیا گوڵێکمان بۆ هەڵبژاردوون.

# چەند ڕازێک دەربارەی ژیاننامەی مهاتما گاندی



## دەستپێک:

لەم بەشـــەدا هەنـــدێک ڕاز و سەرگوزەشـــتە دەربـــارەی ژیاننـامەی کەسـێتیی "مهاتمـا گانـدی" و ئەوەی نووسـیویەتی؛ دەگێڕینەوە و شیکاریان بۆ دەکەین.

سەرەتا وتە و بیرۆکەی گاندی باس دەکەین و لەپێش وتەی ئێمە دەینووسین، هەموویمـان لە کتێبی "ئەزمـوونم لە ژیانـدا" دەرهێنـاوە، لە سـەرەتادا خـاڵی بـۆ دادەنێین و لە کۆتـایی ئەو دەقەی هیی گاندییە، ئاماژە بە لاپەڕەکەی دەدەین.

لە هەندێک نووسینم لەسـەر وتەکانی، زۆر بە تـامەزرۆیی و گەرموگـوڕی ئامـاژەی پـێ دەدەم، ئامـانج لێـی؛ دەرخسـتنی فێرکارییەکـانی پێغەمـبەرە (ﷺ)، چـونکە فێرکارییەکـانی ئەو، جیهـانی ئەبەدیـیە... ئەوەی شـوێنی بکەوێـت؛ لە دونیـا بـراوە دەبێت، ئەوەشـی پشـتگوێی بخـات؛ شکسـت دەهێنێت، تەنـانەت ئەگەر مسوڵمانیش بێت.

گانـــدی چیرۆکـــی پیـــاوێکە تەمەنێکـــی بـــۆ گەڕان بەدوای ڕاسـتییەکدا بەسـەر بـرد، بـۆ ئەوەی لەو ڕێـگەیەوە بگـات بە ئاشـتەوایی دەروونـی، لەم گەشـتەدا زۆر پەنـد و ئامۆژگـاری هەیە بۆ خەڵکانێک ژیر و تێگەیشتوو بێت.

گاندی لەکاتی باس کردنی فەلسەفە و شێوازی ژیانی خۆیدا، لە بیۆگرافییەکەیدا دەڵێت:

«کاتێکد نائومێد دەبم، بەبیرم دێتەوە کە بە درێژایی مێژوو، ڕێگەی حەقیقەت و نەرمونیـانی هەمیشـە سـەرکەوتوو بـووە.

حوکمڕانەکان و قاتڵەکان لە بڕگەیەکدا وا دەردەکەون کە قەت تووشی شکست نابن، بەڵام سەرەنجام هەموویان رووخاون – هەمیشە ئەم واقیعەتان لەیاد بێت».

«چ جیاوازییەکی هەیە کە مەرگ و ئاوارەیی و دەربەدەری، سەرچاوەکانیان حکومەت بێت، یان بەناوی نیسک ئازادی و دیموکراسی دروست ببێت؟»

گەڕان بەدوای ڕاستیدا زۆر ئاسانە، بە ئەندازەیەک هیچ بارگرانیی تێدا نییە، تەنها خەڵکی خۆبەگەورەزان و لووتبەرز ئەم بیانووانە دەهێننەوە، ڕەنگە ئەو ڕاستییە لە منداڵێکی پاکی بێتاوان دەربکەوێت. بۆیە ئەو کەسە بەدەستی دەهێنێت، دەبێت لە خۆڵ؛ خاکیتر بێت. سەرجەم خەڵک خۆڵ دەخەنە ژێر پێیان، بەڵام ئەو کەسەی سەرگەردانی دوای ڕاستییە، پێویستە خۆی بخاتە شوێنی ئەو خۆڵە بۆ ئەوەی پێشێلی بکەن، لەو کاتەدا، تەنها لەو کاتەدا ئەوەت بۆ دەنووسرێت؛ ڕاستیت بۆ دەردەکەوێت. هەردوو ئایین؛ مەسیحی و ئیسلامیش، پشتگیرییەکی زۆری وتەکەی من دەکەن.

دەڵێم: ئەم مەبەستە بەتەواوی لە چیرۆکی ئادەم و ئیبلیسدا خۆی وێنا دەکات، ئەوەی چاوی ئیبلیسی کوێر کرد بۆ ئەوەی سوژدە نەبات بۆ ئادەم و فەرمانی خودای شکاند، لووتبەرزییەکەی بوو. بەڵام کاتێک ئادەم تاوانی ئەنجام دا و لێخۆشبوونی کرد لە خودا و پەشیمان بوویەوە. فەرموودەیەکی پەروەردگار هەیە زیاتر ڕوونی دەکاتەوە بە تیشکخستنەسەر ئەم بابەتە، دەفەرمووێت:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَعِبَادُ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلْجَٰهِلُونَ قَالُوا۟ سَلَٰمًا ﴿٦٣﴾﴾ الفرقان: ٦٣

واتا: بەندە راستاڵەکانی خودا ئەوانەن: کە بەئەدەبو ویقارەوە بەسەر زەویدا دەڕۆن! لە ڕۆیشتنو جمو جوڵیاندا لارو لەنجەو دەعیەو تەکەببور ناکەن. بەسەر زەوی دا دەڕۆن بەڕۆیشتنێکی لەسەرەخۆو سادە، خۆیان بانادەن، قونگرانی ناکەن، بەزۆر بارێکی ڕۆیشتنی نائاسایی بەسەر خۆیان دا ناهێنن، ئاوڕدانەوەو جرتو فرت لەڕۆیشتنەکەیان دا ناکەن! تەنانەت، کە نەفامو سەرسەری یەخەیان پێ دەگرن، دەڵێن: سڵاوتان لێبێو وەڵام دانەوەی ئێوە کاری ئێمە نیە، ئێمە کاتو جوهدی خۆمان بە دەمە دەمێ لەگەڵ ئێوەدا بەفیرۆ نادەین، ئەگەر سەرسەریو نەزانێک قسەیەکی ناشیرینیان پێ بلێ: بەهەمان شێوەوەڵامی نادەنەوە، بەڵکوو لێبوردویی نیشان دەدەنو چاوپۆشی دەکەن، نەک لەبەر زەعیفیو بێهێزی بەڵکوو لەبەر ئەوەی خۆیان زۆر لەوە بەبەرزتر دەزانن: کە خۆیان هەڵەو گیریوەڵامدانەوەی ئەوانە بکەن ، نایانەوێ کاتی زێڕینی خۆیان بەو وشە بێسودانە بکوژن!

بەندەی خودا بە لەسەرخۆیی و خاکیبوون و ئاسپایی بەسەر زەویدا دەڕوات. هەر کاتێک کەسێکی نەفام و نەزان ئازاری بدات، پەنا ناباتە بەر تۆڵەسەندنەوە و هەمان کاری لەگەڵ بکاتەوە بە مەبەستی بەرگریکردن لە خۆی، بەڵکوو ئەمان چەکێکی کاریگەرتریان پێیە بەرامبەر بە خراپەی بەرامبەر، ئەویش (سلام) ئاشتی و لێبوردەییە!

بۆم دەرکەوت دەستخەت ناخۆشی یەکێکە لە کەموکورتی و ناتەواوییەکانی ڕۆشنبیری. لەو کاتەوە هەستم پێ کردووە، هەوڵم داوە نووسینم جوان بکەم، بەڵام دوای چی! کار لە کار ترازاوە. ئێستا ئەو کارە ئاسان نییە بۆ من، کەمتەرخەمیی گەنجێتی لەم تەمەنەدا قەرەبوو بکەمەوە. ئامۆژگاریم بۆ ئەو کوڕ و کیژانەی هەمان دەردی منیان هەیە، بەباشی ئەوە بزانن خۆشنووسی بەشێکی سەرەکیی ڕۆشنبیرییە. بڕوام وایە لەمڕۆدا منداڵان پێویستە پێش ئەوەی فێری نووسینی پیتەکان ببن، فێری وێنەکێشان ببن. لێ گەڕێن منداڵان بە سەرنج و تێبینیی خۆیان فێری پیتەکان ببن، وەک چۆن بە توانای خۆیان فێری شتە جیاوازەکانی وەک: ناوی گوڵ و باڵندە و شتەکانی دەوروبەر... هتد دەبن. پێویستە فێری نووسینیان نەکەن، تا بەجوانی فێری وێنەکێشانی شتەکان نەبن. نووسین بەهرەیەکە هەر کە پێی گەشت، ئیدی زۆر بلیمەت و شارەزا دەبێت.

دەڵێم: وتەیەکی جوانە، ئەمڕۆ وای لێ هاتووە خوڵ و ئەکادیمیا دەکرێتەوە بۆ خوێندنەوەی دەستخەتەکان و ناسینی کەسێتی لە ڕێگەی دەستخەتەکەیەوە. بەداخەوە لەگەڵ هاتنەکایەی تەکنەلۆژیا و کۆمپیوتەر و کەمبوونەوەی نووسین بە دەست، خەتناخۆشی گەیشتووەتە ئاستێک زۆر جار لێی تێناگەیت چیی نووسیوە!

ئەو هاوڕێیەتییە هانی دام بۆ ئەوەی خیانەت لە هاوسەرم بکەم، بەڵام بەهەڵەداوان لێی ڕزگار بووم. ڕۆژێک برادەرێکم بردمی بۆ یەکێک لە خانەکانی لەشفرۆشی، بە بیانووی بەدەستهێنانی هەندێک زانیاریی گرنگ؛ بردمی بۆ ئەو خانەیە. کە ڕۆشتمە ژوورەوە، سەیر دەکەم هەموو شتێک پێشوەختە

پلانـی بـۆ دانـراوە، دەبـووایە پێشـەکی پـارەی خـواردنەکەت بدەیت. گەیشتمە سەر لێوی ئەنجامدانی کارەکە، بەڵام خودا بە میهرەبـانییە بـێ کۆتـاییەکەی پاراسـتمی لە هەوەسـبازیی دەروونـم. وەک کەسـێکی کـوێر و کەڕ ڕۆشـتمە نـاو ئەو ئاستنزمییە، لەنزیک ئافرەتێکەوە و لەسەر سیسەمەکە دانیشتم، بەڵام من زمانم بەسترابوو، هیچم بۆ نەدەگوترا، ئافرەتەکەش ئـارامیی نەمـا و سنووری چاوەڕوانیی بەزانـد و بە جـوێن و وتەی ناشرین دایگرتمەوە و دەریکردم. ئا لەو کاتەدا هەستم کرد پیاوەتیم خەریکە ئازارم دەدات، لە شـەرمدا خەریک بوو بڕۆمە نـاخی زەوییەوە. لەو سـاتەوە هەمیشـە سوپاسـی خـودا دەکەم لەو پیسی و چەپەڵییە پاراستمی...

دەتوانم باسی چوار ڕووداوی هاوشێوەی ئەو کارە بکەم لە ژیانمـدا بەسـەرم هـاتووە، بەڵام لە زۆربەری ڕووداوەکانـدا بەخت یاوەرم بووە و هیچ بە دەستی خۆم نەبووە کە ڕزگارم بووە، بەڵکوو ڕزگار کراوم. لە تێڕوانینی ڕەوشتییەوە ئەگەر سەیری ئەم بابەتانە بکەین، هەموویان وەک زڵلەی میهرەبانی وا بوون بۆمان، چونکە ویستەمەنیی جەستەیی نموونەی نییە، ئەو ویستەمەنییانەش کـار دەکـاتە سـەر کـارە دەروونییەکـان. بەڵام لە ڕوانگەی تیۆرییایەکی ئاساییەوە وەریانبگرین، دەبینین ئەو مرۆڤانەی پاک و بێ لەکەن لە تاوانی جەستەیی؛ مرۆڤێکی ڕزگـار بـوون، بەو مـانـایەی باشـترین جـۆری ڕزگـاربوونە. لە ڕاستیدا هەندێک کار هەیە ئەو کەسە هەڵدێت لە دەستی، وەک بەخشینێکی ئاسمانی وایە بۆ ئەو کەسـەی هەڵدێت و هەروەها بـۆ دەوروبەرەکەشـی. پێویسـتە هەمیشـە سوپاسـی خـودای پەروەردگار بکات کە هەڵهاتووە و ڕزگاری کردووە. هەروەک

چۆن دەزانین مرۆڤ زۆر جار فریو دەخوات، هەر چەند زۆر بەرگری و ململانێی لەگەڵ فریودانیشدا بکات، ئەوەش دەزانین زۆر جار پاراستنی خودابیە وا دەکات مرۆڤ لە هەندێک کاری چەوت و چەپەڵ دەپارێزرێت لە کاتێکدا ئارەزوویشی دەکات. نازانرێت کەی ویست و ئیرادەی مرۆڤ ئازاد دەبێت و لەسەر شانۆی ژیان بەئازادی نمایش دەکات، هەموو ئەمانە شاراوەن و بەشاراوەییش دەمێننەوە...

دەڵێم: ئەو ڕستەیە چەند ناوازەیە دەڵێت: "بەڵام لە زۆربەری ڕووداوەکاندا بەخت یاوەرم بووە و هیچ بە دەستی خۆم نەبووە کە ڕزگارم بووە، بەڵکوو ڕزگار کراوم"، خاکەڕایی و هەستکردن بە لاوازیی مرۆڤ و سۆز و میهرەبانیی پەروەردگار بەسەریەوە بەدی دەکەیت! ئەم وتەیە زۆر نزیکە لەو فەرموودەیەی پەروەردگار کە دەفەرمووێت:

قَالَ تَعَالَى: ﴿وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِۦ وَهَمَّ بِهَا لَوْلَآ أَن رَّءَا بُرْهَٰنَ رَبِّهِۦ كَذَٰلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلْفَحْشَآءَ إِنَّهُۥ مِنْ عِبَادِنَا ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٢٤﴾﴾ يوسف: ٢٤

"بێگومان زولەیخا قەصدی یوسفی کرد بەوە پەلاماری بداو تۆڵەی مل نەدانی بۆ فەرمانەکەی لێ بستێنێ، ئەو ئاغا ژنو گەورەو خاوەنیەتی‌و داوای کارێکی وای لێ دەکاو بەقسەی ناکا، دەیەوێ تەمبێی بکاو سزای ئەم سەرپێچیکردنەی لێ بستێنێ! یان زولەیخا شاڵاوی بۆ یوسف هێناو پەلاماری داو باوەشی پێدا کرد بۆ ئەوەی لەگەڵی تێکەڵاو بێ! حەزرەتی یوسفیش بەگوێرەی سروشتی ئادەمیزادو حاڵەتی گەنجی‌و بارودۆخی رووداوەکە لەدڵاداو بەشێوە ختوکەدانی نەفس‌و خەتەرەی ناو دەروون مەیلی کرد، خۆ ئەگەر نیشانەی خودای خۆی نەبینیایە دەکەوتە ژێر کاریگەری

زولەیخـاوەو تـاوان روی دەدا، بەلاّم خـودا پاراسـتیو خسـتیە دلّـیەوە کە باشترین چارە بۆ ئەو هەلاّتنەو هەولاّ بدا خۆی لەدەست زولەیخا رزگار بکا. یوسـف بەگوێی مەیلی دلّـی نەکـردو پڕکێشی تـاوانو خییـانەتی نەکـردو بەداوێنپاکی مایەوە، بەم جۆرە یوسفمان لەسەر پاکو خـاوێنیو داوێنپـاکی پەروەردە کـردو رامـمـان کـرد لەسـەر بەردەوام بـوون لەسـەر ئەو رەوشـتە بەرزانە، بـۆ ئەوەی خـراپەی خییـانەتو تـاوانی زینـا کردنـی لـێ دوور بخەینەوە، بۆ ئەوەی لەپێری چاکەکاراندا بمێنێتەوەو نەچێتە نـاو تـاقمی ستەمکارانەوە. بێگومان یوسـف یەکێـک بـوو لەبەنـدە راسـتاڵەکانی ئێمە، دلّسۆز بوو بۆ ئایینی خـودا، هەلّبژاردەبـوو، شـەیتان نەیتـوانی لەخشـتەی بەرێ!جا وەکوو لەپێشەوە ئامـاژەمان پێ کرد زولەیخا کە زانی یوسـف مـل نـادا بـۆ داواکەی ویسـتی پەلامـاری بـداو تـۆلّەی سـەرپێچی لـێ بسـتێنێ، (یوسـف)یش ویسـتی بەرگـری لەخـۆی بکـا بەلاّم کە بورهـانو بەلّـگەی خودایی بینین، یان مەوکیبو کەژاوەی عەزیزی میصری بینی بەرەو مـالاّ دەهاتەوە بڕیاریدا هەلّێو خۆی دەرباز بکا، ئیتر."

کاتێک یوسف بەلّگەکەی پەروەردگاری بینی، ڕزگاری بوو لەوەی بکەوێتە ناو کارێکی وەها ناشرینەوە. ئا لێرەدا مانای ئەو نزایەی خۆشەویستمان دەردەکەوێت کە دەفەرمووێت:

"اللهم لا تكلني إلى نفسي طرفة عين فأهلك!"

واتە: خودایە بۆ چرکەیەکیش مەمدەرە دەست نەفسم تا تیا نەچم.

بەڵـێ، ئەمە چاوترووکـانێکە. ئەگەر خـۆت بـدەیتە دەسـت دەروونت و ئارەزووەکانتەوە، بێگومان دەکەویتە ناو تاوانەوە.

ئەمەی ئێستا باسی دەکەین، سەیرترین چیرۆکە لە ژیانی گاندیدا. کاتێک باسی کۆتا ساتەکانی مردنی باوکی دەکات، لە کاتێکدا گاندی و مامی لەو کاتەدا چاودێرییان دەکرد.

کاتژمێر نزیکی دە و نیو یان یازدەی شەو بوو، پشتی ئەوم دەشێلا. مامم پێی وتم هێندە بەسە. ئەمەم پێ خۆش بوو، ڕۆشتم بۆ ئەوەی بڕۆمە ناو ژووری نووستن، هاوسەرم بینی سەرەتای شەوە و نوستووە، منیش پرسیارم لە خۆم کرد: چۆن دەبێت پێش من بخەوێت و من هێشتا نەنووستوم؟ منیش هەڵمساند لە خەو. نازانم پێنج خولەک بوو یان شەش خولەک، خزمەتکارەکە هات و دای لە دەرگا. زۆر شپرزە دیار بوو، پێی وتم: "هەستە، باوکت زۆر نەخۆشە!" منیش دەمزانی کە زۆر نەخۆشە. کە وتی زۆر نەخۆشە، من لەو کاتەدا زۆر بەگرنگییەوە لە "زۆر نەخۆشە" ڕوانیم. باوێشکێکم دا لەناو جێگەی نووستن و وتم: "چی بووە؟ پێم بڵێ!"

"باوکت ڕۆشتە جێگە و شوێنی خۆی."

بەم شێوەیە هەموو شت کۆتایی هات. هیچم پێ نەکرا، جگە لەوەی دەست بەیەکدا بهێنم. هەستم بە گەورەترین شەرمەزاری و بێئومێدی کرد. ڕامکرد بۆ ژوورەکەی باوکم، سەیرم کرد ئەگەر ئارەزووە ئاژەڵییەکانم هانی نەدامایە، ئەوە زۆر بەئاسانی ساتە ناسۆرییەکانی جیابوونەوەی باوکم و گیاندەرچوونی باوکم لەوێ دەبووم، پێویست بوو قاچەکانی بۆ بشێلم و لەنێوان دەستەکانمدا گیانی دەربچووایە. بەڵام ئێستا مامم ئەو خەڵاتەی بردەوە...

زۆر ڕێزی برا گەورەکەی لا بوو، گەیشتبووە پلەیەک خزمەتکردنی وەک شەرەفێکی گەورە وا بوو. هەستان و دانیشتەکانی کۆتایی تەمەنی لەگەڵیدا بووم، کاتێک باوکم هەستی بەوە کرد کە کاتی داواکردنی هاتووە، داوای پێنووس

و کاغەزێکی کرد (خۆی ئامادە کرد بۆ نووسینەوەی کۆتا ڕێوڕەسمی خۆی)، پاشان نوشتەکەی داکەند لە دەستی و ئەنگوستیلە ئاڵتوونەکەی لا برد، لەتەنیشتی خۆیەوە داینان. پاش چەند ساتێک، کۆتا هەناسەکانی دا.

ئەو شەرمەزارییەی کە هەستم پێ کرد لە بەشی پێشوودا باسم کرد، بە هۆی شەرمەزاریی ویستەمەنی و ئارەزووەکانمەوە بوو. ئەو کاتە کە باوکم کۆچی تێدا کرد، پێویست بوو بەخەبەر بوومایە. ساتێکە کە هەرگیز شیاوی لەبیرچوونەوە نییە و برینێکە هەرگیز سارێژ نابێت. هەمیشە بە خۆم دەڵێم: لەگەڵ ئەوەی کە دڵسۆزیم بۆ باوکم بێسنوور بوو، بۆیە هەر پێویست بوو هەموو شتێک لە پێناوی بەخت بکەم، چونکە ئەو دڵسۆزییەی پێوانەیەکی هەبوو، بینیم کەموکورتییەکی تیایە کە هەرگیز لێخۆشبوونی بۆ نییە، چونکە لەو کاتەدا ئاوەزم لە دەستی حەزێکی چڵێسدا بوو. لەبەر ئەوە هەمیشە خۆم بە هاوسەرێکی هەوەسباز زانیوە، هەر چەند زۆر دڵسۆزیش بووم بۆ هاوسەرم. ساڵانێکی زۆر گلەیی ئەوەم دەکرد کە لە چنگی ئارەزووەکانم ڕزگارم نابێت، پێویست بوو لەسەرم چەند ئەزموونێک تاقی بکەمەوە بۆ ئەوەی سەر بکەوم بەسەریدا.

دەڵێم: وتەکانی، مرۆڤ دەگرینەن! هەر چەند ئەو کارێکی نادروست و بەدڕەوشتیی نەکردووە، بەڵام هێشتا بە خیانەتی دادەنێت، هەستێکی ناوازە و تایبەتە، زۆر بەکەمی هاوشێوەی هەیە، ئەمڕۆ گەنجەکانمان سەرقاڵی تێرکردنی ئارەزووەکانیان لە شتی نادروست و زۆر بێباک و بێئاگان... تاکە موویەکیان ناجووڵێت و بۆ ساتێکیش هەست بە بەرپرسیارێتی ناکەن

وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت! هیچ شتێک لەو هەستە ناخۆشتر نییە دوای ئەنجامدانی تاوانێک تووشی مرۆڤ دەبێت! وەک وتراوە: پێکەنین و خۆشحاڵی دوای ئەنجامدانی تاوان، لە تاوانەکە قورستر و خراپترە.

وێنەی گاندی و هاوسەری کاستوربا، ساڵی 1913 لە ئەفریقای باشور



من رقم لە هەموو ئیمتیازاتێکی تایبەتە. ئەوەی لەگەڵ خەڵکی رەش و رووتدا دابەش نەکرێت، ئالوودە بە گوناهە و حەرامە.

ماهاتما گاندی

گاندی: لەم ڕۆژگارەماندا کتێبی "بهاجافات" بە گەورەترین کتێبی دادەنێم کە گەرمیی ئایین بهێنێتە جۆش، بە زمانی کوجاراتی بەوپەڕی چێژلێوەرگرتنەوە خوێندوومەتەوە. بەڵام کاتێک گوێبیستی چەند بەشێکی بووم، "باندید مادان موهان" دەگێڕێتەوە لە ماوەی بەڕۆژووەکەمدا کە بیست و یەک ڕۆژ بەردەوام بوو، هەندێک لەو کتێبەی بۆ خوێندمەوە، ئەو کاتە ئاواتەخواز بووم لە منداڵیمدا گوێبیستی وتەکانی ئەم پیاوە ڕۆحانییە بوومایە، بۆ ئەوەی ڕۆژەکانی تەمەنم بە سەرسامبوون و تێفکرین لەو دەقانە و لە ژیان بمڕوانیایە و چاوکراوە بوومایە، چونکە ئەو چاولێکەری و لاساییکردنەوانەی لەو تەمەنەدا دەکرێت، کاریگەریی قووڵیان لەسەر ناخ و سروشتی مرۆڤ هەیە، بەداخەوە بەخت یاوەرم نەبوو لەو تەمەنەدا گوێبیستی وەها کتێبێک ببم!

### وێنەی منداڵیی گاندی



ئەرکی ئێمە نییە کە بەدوای هەڵەی خەڵکدا بگەڕێین و لەجێی خۆمانەوە حوکم لەسەر ئەم و ئەو بدەین. دەبێ هەموو توانای خۆمان سەرفی حوکمدان لەسەر کردەوەکانی خۆمان بکەین.

ماهاتما گاندی

دەڵێم: بەڕاستی منداڵ وەک ئیسفنج وایە. من زۆر پەشیمانم لەوەی نەمتوانی سوود لە تەمەنی منداڵی و گەنجێتی وەربگرم و ئایەتێکی تیا لەبەر بکەم یان کتێب تیا بخوێنمەوە. ئەمڕۆ من تەمەنم (35) ساڵە، توانای لەبەرکردن و خوێندنەوەم کەمتر بووەتەوە بە هۆی سەرقاڵی و بەرپرسیارێتییەکانمەوە، کەمتر کۆبیر (ترکیز)م لەسەر شتەکان هەیە و وەک پێشوو نییە. پەیامی من بۆ هەموو کوڕ و کیژە لاوەکان: سوود لە تەمەن و کاتی گەنجێتیتان وەربگرن، ئەگەر ئەم تەمەن و توانا و وزەتان لەدەست بچێت، هەرگیز بۆتان ناگەڕێتەوە.

گاندی: لەو تەمەنەمدا تەنها مەسیحی لەگۆڕێدا هەبوو، لە ناخمدا ڕقێکم بەرامبەر بە مەسیحیەت هەبوو، ئەم ڕقەش لەخۆوە نەبوو، لە سەردەمی ناوەندیمدا دابونەریت وا بوو هەندێک لە مژدەدەرانی مەسحی لە سووچێکی نزیکی قوتابخانەکەمان دەوەستان، پەیامی مەسیحیەتیان بڵاو دەکردەوە و دەستیان دەکرد بە بەدگۆیی بەرامبەر بە هیندۆسی و خواوەندەکانیان. نەمدەتوانی گوێبیستی ئەو وتانە ببم، بەڵام هەر دەبوو جارێک گوێیان لێ بگرم، ئەو جارە بەس بوو بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بە بیروبۆچوونەکانمدا بچمەوە. لەو ماوەیەدا دەنگۆی ئەوە بڵاو بوویەوە یەکێک لە هیندۆسییە ناودارەکان بووەتە مەسیحی، لەبەر ئەوەی چاوی لەسەر بوو، هەموو شارەکە باسی ئەوە ڕووداوەیان دەکرد، لە کاتێکدا زۆری لێ کراوە گۆشتی مانگا بخوات و مەی بخواتەوە، تەنانەت پۆشاک و جلوبەرگە هیندییەکانی داکەندووە و پۆشاکی ئەورووپیی لەبەر کردووە و کڵاوی ئەوانی لەسەر کردووە. ئەمە کاریگەریی کردە سەر بیرکردنەوەم، بە خۆم

دەوت: باشە ئەگەر ئایینێک بە هۆی خواردنی گۆشتی مانگا و مەی و پۆشینی کڵاو و بەرگی ئەورووپی ڕق لە خەڵک هەڵبگرێت، ئەوە نابێت ئەو ناوەی لێ بنرێت و پێی بوترێت ئایین. بیستم ئەو کابرایەی تازە بووەتە مەسیحی، دەستی کردووە بە سووکایەتیکردن بە ئایینی باوباپیران و پۆشاکی کولتووریی نەتەوەیی خۆی. هەموو ئەم شتانە وایان لێ کردم ڕقێکی زۆرم بەرامبەر بە مەسیح هەبێت.

دەڵێم: خوایە! ئێمەی مسوڵمانان زۆر ئەو هەڵەیە دووبارە دەکەینەوە، زۆر جار بەبێ هیچ ڕووداوێک، ڕقمان لەو کەسانەیە دینمان جیاوازە! کێ وتوویەتی ئەوەی مسوڵمان بێت، پێویستە لەسەری جبە و عەمامە بپۆشێت؟ کێ وتوویەتی ئەوەی مسوڵمان بێت، پێویستە پشت لە کەسوکار و کۆمەڵگە و خزمانی بکات بۆ ئەوەی ببێتە بڕوادارێکی تەواو؟ یەکێک لە خاڵە گەورەکانی ئیسلام، میانڕەوییە. یەکێکی دیکە لە خاڵە مەزنەکانی ئیسلام، بەجیهانیبوون و سەرتاپاگیریی سەرجەم فەرهەنگ و کولتوور و نەرتە جیهانییەکانە، بە مەرجێک پێچەوانە نەبێت بە کرۆک و جەوهەری ئایین... دکتۆر یوسف قەرزاوی چیرۆکێکی سەیر دەگێڕێتەوە لەسەر یەکێک لە هۆزەکانی ئەندۆنوسیا. ویستوویانە مسوڵمان ببن، ڕۆشتبوون بۆ لای مامۆستایەک یان موفتییەک لە ئەندۆنوسیا، بە سەرۆکی هۆزەکەی وتبوون: پێویستە سەرجەم نێرینەکانی هۆزەکەتان خەتەنە بکرێن. سەرۆکی هۆزەکە تووڕە بووبوو، وتبووی: ئەمە چی ئایینێکە نێرینەکان ناچار دەکات خەتەنە بکرێن! ئەو هۆزە بە هۆی ئەو فتوایەوە، بڕیاریان دابوو مسوڵمان نەبن. شتێکی سروشتییە لە مەزهەبی شافیعی کە

زۆربەی خەڵکی ئەندۆنوسیا سەر بەو مەزهەبەن، پێویستی دەکات لەسەر نێرینە خەتە بکرێن، بەڵام ئەگەر مامۆستاکە سەیرێکی میانڕەوی و گونجاویی ئیسلامی بکردایە، پێویست بوو پشتی بە بۆچوونی مەزهەبەکانی دیکەی وەک "مالیکی" ببەستانە، کە دەڵێن خەتەنەکردن بۆ پیاوان سوننەتە و پێویست (واجب) نییە! بەو هۆیەوە ئەم هۆزە زیاتر ئایینیان لا خۆشەویست دەبوو، نەک لێی هەڵبێن. "گاندی" لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانیدا ڕقی لە مەسحیەت دەبوویەوە، بە هۆی ئەو کەسە کە جوێنی بە ئایینی هیندۆسی داوە. ئەم وتەیە ئەو ئاماژەی تیایە پێویستە لەسەر بانگخوازان و پیاوانی ئایینی ڕێز لە ئایینەکانی دیکە بگرن، بۆ ئەوەی دڵی شوێنکەوتووانی ئەو ئایینە بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، نەک لەبەری هەڵبێن و پشتی تێ بکەن. خوای پەروەردگار دەفەرموویێت:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَلَا تَسُبُّوا۟ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَسُبُّوا۟ ٱللَّهَ عَدْوًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍۗ كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٠٨﴾﴾ الأنعام: ١٠٨

واتە: پەروەردگار نەهی لە پیغەمبەرو موسوڵمانان دەکا لەوەی کە جنێو بە بتی موشریکەکان بدەن! جا هەرچەندە جنێودانەکە بەرژەوەندییەکی تێدایە بەڵام چونکە سەر دەکێشێ بۆ ئەوەی موشریکەکانیش جنێو بە خودا بدەن کە ئەمە تاوانێکی گەلێ گەورەو سامناکە، جنێودانەکەیان لێ قەدەغە کراو فەرمووی: ئەی موسوڵمانان! جنێو بە خودای موشریکەکان مەدەن؛ ئەو بتانەی دەیپەرستن! چونکە لەوانەیە سەر بکێشێ بۆ ئەوەی کە ئەوانیش بە ناحەقو ناڕەوا بۆ تووڕە کردنی موسوڵمانان جنێو بە خودا بدەن، لەم ڕووەوە کە نازانن خودا چەند گەورەو بەڕێزو پیرۆزە!، هەر بەو

جۆرە بۆ هەموو گەلو نەتەوەیەک کردەوەکانیانمان لەلا شیرین کردوونو لە پێش چاویان رازاندومانەوە، هەر کەسە بیروباوەرو گوفتارو کرداری خۆی پێ باشە! هەڵبەتە ئەم جوان کردنو رازاندنەوەیە بە شوێن ئیختیارو هەڵبژاردنی ئادەمیزادەکان خۆیان بۆ کردەوەکانیاندا پەیدا دەبێ، واتە: ئەوان بە ویستو سەربەستی خۆیان ئازادانە کردەوەو بیروباوەڕەکانیان هەڵدەبژێرن، ئەمجار خودا لە دڵیاندا شیرینی دەکا، ئەمە عادەتو سوننەتی پەروەردگارە لەگەڵ بەندەکانیدا. ئەمجار پاش ئەوەی کە خودا لێیان دەگەڕێ هەرکەسە بۆخۆی ئازادانە ڕێبازی ژیانی خۆی هەڵدەبژێرێ، دوای مردنو زیندوبوونەوەی رۆژی قیامەت دەچنەوە بەرقاپی پەروەردگاری خۆیانو هەر بۆلای ئەو دەگەڕێنەوە، سزاو پاداشی کردەوەکانیان دەداتەوە، چاکە بە چاکەو خراپە بە خراپە!

گاندی: پارچە کارامییەکی "کۆجاراتییە" هەیە زۆر سەرنجی ڕاکێشام و خستمیە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، دەڵێت:

**"خراپە بە چاکە وەڵام بدەرەوە"**

ئەمە بووە مەبدەئم لە ژیاندا.

لەبەرامبەر پەرداخێک ئاودا، ژەمێک خواردنی گەورە ببەخشە. لەبەرامبەر یەک سڵاو، خۆت بچەمێنەوە بۆ زەوی لە گەرمیی ئەو سڵاوە. لەبەرامبەر یەک درهەم، یەک دیناری زێڕ ببەخشە. ئەگەر یەکێک ژیانتی ڕزگار کرد، ڕژد مەبە لە گیانبەختکردن بۆی. ئەمانە ئەو ڕاسپاردانەن، دانایان هانمان دەدەن کاریان پێ بکەین. ئەوان لە پاداشتی شتی زۆر بچووکدا، بە دە هێندەیان بەخشیوە. بەڵام پیاوانی گەورە و

ناوازە ئەوانەن هەموو مرۆڤێک بە یەک دابنێن، کاردانەوەیان بەرامبەر خراپەت هەیە و دڵخۆشن بە کاری چاکە و باشە.

دەڵێم: جگە لەم ئایەتە پیرۆزە، هیچم پێ ناوترێت:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا۟ بِأَحْسَنَ مِنْهَآ أَوْ رُدُّوهَآ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ حَسِيبًا ﴿٨٦﴾﴾ النساء: ٨٦

واتا: ئەگەر موسوڵمانێک سەلامی لێ کردن، ئێوەش وەڵامی سەلامەکەی بدەنەوە بە باشتر، یان کە هیچگە نەبێ بە ئەندازەی خۆی، زێدە وەڵام دانەوە باشترە، بە ئەندازەی سەلام کەر وەڵام دانەوە پێویستو فەرزە، ئەگەر یەکێک گوتی (السلام علیکم) سەلام لێ کراو دەبێ بڵێ (وعلیکم السلام) یان (وعلیکم السلام ورحمە اللە) ئەگەر زیادی کردو گوتی (وبرکاتە) ئەوە باشترەو بە هەموو وشەیەک دە چاکەی بۆ دەنووسرێ، وا باشە بە روویەکی خۆشەوە وەڵامەکەی بدەینەوە. دڵنیا بن خودا لەسەر هەموو شتێک- سەلام کردنو شتی تر - خیسابتان لەگەڵ دەکا: ئەمە جەخت کردنو پی لەسەر داگرتنی پێویستی وەڵام دانەوەی سەلامە.

گاندی: دوودڵیم لە وتاردان، ئەوەی دوێنێ بووبوو بە بارگرانییەک بەسەرمەوە، ئەمڕۆ بووە بە چێژێک بۆم. سوودی زۆر گەورەم لێ بینی و فێر بووم کەم وشە بەکار بهێنم و بیر و ئەندێشە سەرشێتییەکانم کپ بکەمەوە، ئێستا دەتوانم شاهیدی بۆ خۆم بدەم کە زمانم یان پێنووسەکەم بەدەگمەن نەبێت؛ شتی بێهوودە و بێسوودیان لێ بەجێ نامێنێت. بیرم نایەت ڕۆژێک هەبووبێت پەشیمان بم لە شتێک نووسبێتم یان وتبێتم. بەم هەنگاوە زۆر کێشە و کاتکوشتنمان لەناو بردووە.

ئەم ئەزموونە ئەوەی فێر کردم، بێدەنگی بەشێکی گرنگی ڕێکخستنی یاسایی ڕۆحی ئەو کەسانەیە بەشوێن ڕاستیدا وێڵن. خۆهاویشتنە ناو زیادەڕەویکردن بۆ جەختکردنەوە لە ڕاستی، یان گۆڕینی ڕاستی بە ویست بێت یان بەبێ ویست، بەشێکە لە لاوازی لە سروشتی مرۆڤدا، بێدەنگی ئەرکێکی لەپێشینەیە بۆ ئەوەی سەر بکەویت بەسەر ئەو لاوازییەدا. ئەو پیاوانەی کەم دەدوێن، زۆر بەکەمی لە ئاخاوتندا هەڵە دەکەن، چونکە ئەوان هەموو وشەیەک هەڵدەسەنگێنن ئەوسا دەیڵێن. ئێمە زۆر خەڵک دەبینین گیرۆدەی وشەکانیانن، یان دەبنە بەرپرسی وتەکانیان، هێندە لەسەریان کەڵەکە دەبێت نازانن سنوورداری بکەن، زۆر جار لە کۆڕ و سیمینارەکانماندا زیاتر لەو کاتەی بۆیان تەرخان کراوە؛ قسە دەکەن، دوای کاتی زیادکراو بەردەوام دەبن، بەبێ مۆڵەت خواستن بەردەوام دەبن بۆ تەواوکردنی وتەکانیان. زۆربەی ئەم وتانەش هیچ سوودێکی تیا بەدی ناکرێت، زۆربەی جاریش کات بەفیڕۆ دەدەن. لە ڕاستیدا شەرمنییەکەم بووەتە بەربەست و پارێزەرێک بۆ من، ڕێخۆشکەر بووە بۆ گەشەکردن و هاوکاریی کردووم بۆ ئەوەی هەست بە ڕاستییەکان بکەم.

وێنەیەکی ماهنما گاندی لە تەمەنی لاوێتیدا



تووڕەبوون وەک تێزابێکە کە زیاتر زیان بە قاپەکەی خۆی دەگەیەنێت.

ماهاتما گاندی

دەڵێم: پاک و بێگەردی بۆ خودایە، ئایا مرۆڤ لەسەر چی بەدی هاتووە؟ لە فەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرمووێت:

﴿إن اللهَ خلَقَ آدمَ مِن قبضةٍ قَبَضَها مِن جميعِ الأرضِ، فجاءَ بنو آدمَ على قَدْرِ الأرضِ، جاء منهم الأحمرُ، والأبيضُ، والأسودُ، وبينَ ذلك، والسَّهْلُ، والحَزْنُ، والخبيثُ، والطيِّبُ﴾.

واتە: "خوای پەروەردگار لە مشتێک خۆڵی زەوی ئادەمی درووستکرد، بۆیە نەوەکانی مرۆڤ هەمەچەشنن، هەندێکیان سوورن، هەندێکیان سپین، هەندێکیان ڕەشن، دڵخۆش و دڵتەنگ، یاخود تگوناهبار و هەندێکیش بێگوناهن."

ئەوەتا گاندی باسی کەڵک و سوودی شەرمکردن دەکات، هەندێک لە ئێمە دەیەوێت بە ناوی وازهێنان لە شەرمکردن؛ کارە بێئابڕووییەکانیش بکات... ئەوەتا پێغەمبەر(ﷺ) سوود لە توندیی عومەر وەردەگرێت و هانی دەدات، سوود لە میانڕەویی ئەبو بەکر وەردەگرێت و ستایشی دەکات، گەشە بە توانای لەبەرکردنی ئەبو هورەیرە دەدات و گەشە بە لێهاتوویی و بلیمەتیی خالد و حەسانی کوڕی سابت دەدات. هەریەکە و بە سروشتی خۆی داوا لە کەسیان ناکات واز لەو سروشتەی خۆی بهێنێت، بەڵکوو هانیان دەدات و گەشە بە تواناکانیان دەدات بۆ ئەوەی لە کاری چاکە بەکاری بهێنن.

گاندی: پێویستە لەسەرمان هەندێک شت لەسەر بورجی ئیڤڵ بڵێین، من نازانم چ مەبەستێک لەپشتی دروستکردنی بورجی ئیڤڵەوە هەیە، بەڵام ئەوکات زۆر سووکایەتیم بەو بورجە دەبیست و زۆریشی پیا هەڵدەدەن. تۆلستۆی یەکێکە لەو

کەسانە زۆر زۆر سووکایەتی و گاڵتەی بە دروستکردنی بورجی ئیڤڵ کردووە، تەنانەت دەڵێت: بورجی ئیڤڵ بەڵگەی بێمێشکی و گەمژەیی مرۆڤە، نەک دانایی و ژیری. دەڵێت: تووتن مەترسیدارترین جۆری ئالوودەبوونی مرۆڤە، تەنانەت لە سەرخۆشبوونیش مەترسیدارترە، چونکە کەسی سەرخۆش بێهۆش دەبێت و توانای هەندێک تاوانی نییە، بەڵام کەسی ئالوودە بە جگەرەکێشان، وا دەکات هەموو دەمار و مێشکی لای جگەرە بێت و لە کۆتاییدا لە بۆشایی و هەوادا کۆشکی بڵند دروست بکات، بورجی ئیڤڵیش لە ئەنجامی کاریگەریی ئەو جۆرە ئالوودەبوونانە دروست کراوە. دەتوانین ئەوە بڵێین ئەم جۆرە کارانە هیچ جوانییەکی لە پیشانگەی ڕاستیی ناخی مرۆڤ دروست نەکردووە، تەنها هەندێک بۆ خۆی ڕادەکێشێت، بەڵکوو ئەمە وەک بووکەشووشە وایە، ئەو بووکەشووشەی بە دەست منداڵەوە دەیبینین، سەرنجی ئێمە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. ئەم بورجەش بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر ئەوەی هێشتا ئێمە منداڵین و شتی ڕەنگاوڕەنگ بۆ خۆیمان پەلکێش دەکات. دەتوانین بڵێین ئەمە ئەو لایەنە شاراوەیە کە بورجی ئیڤڵی لە پێناودا دروست کراوە.

دەڵێم: ئای ئەگەر ئێستا گاندی لە ناوماندا بووایە و ئەم ململانێ و پێشبڕکێیەی ئێمەی دەبینی، چۆن هەوڵ دەدەین بزانین کێ بەرزترین و بڵندترین تاوەر و باڵەخانە دروست دەکات، ئەوکات چیی دەوت؟ دانی پیا دەنێم ئێمە ملیۆنان یاخود بلیۆنان دۆلار خەرج دەکەین بۆ ئەوەی ئەم جۆرە باڵەخانانە دروست بکەین، بەڵام بیرمان چووە ئاوەز و مێشکمان بونیات بنێین! چ سوودێکی هەیە بڵێین: ئێمە

بەرزتــرین تــاوەر یــان باڵەخانەمــان هەیە لە جیهانــدا، بەڵام نەتوانین بڵێین ئیمە خاوەنی بەرزترین و ژیرمەندترین مرۆڤی ســـەر زەویـــین! کــارێکی زۆر بەئــازارە و زۆر شـــت هەیە دەربارەی بوترێت.



چ سـوودێکی هەیە بڵێـین ئـێمە بەرزتـرین تـاوەر یـان باڵەخانەمان هەیە لە جیهاندا، بەڵام نەتوانین بڵێین ئێمە خاوەنی بەرزترین و ژیرمەندترین مرۆڤی سەر زەوییین!

ئەحمەد شوقەیری شوقەیری

**گاندی لەکاتی چنینی پێداویستیەکانی لە جل و ببەرگ و ...**
**ئەوکاتەی داوای لە گەلەکەی کرد کەلوپەلی بەریتانیەکان بەکارنەهێنن**



**گۆڕان سەرەتا لەخۆتەوە دەست پێ بکە، ببە بەو گۆڕانکاریەی کە دەتەوێت لە جیهاندا بیبینی**

مەهاتما گاندی

گاندی: من زۆر بڕوام بە تیۆریای "گورو" - مامۆستایەکی ئایینیی هیندۆسییە- و گرنیگی لە لێپرسینەوەی بەسەر ڕۆحەوە، هەیە. زۆر بڕوام بەو بیردۆزەی هەیە، دەڵێت: فێربوون و بەدەستهێنانی ڕاستییەکان جگە لە "گۆرو"، لە هیچ شوێنێکی دیکە بەدەست نایەت. کەمتەرخەمییە پێشەوا و مامۆستا تەنها گرنگی بە دونیایی بدات و هیچ گرنگییەک بە لایەنە ئایینی و مەعنەوییەکان نەدات. زانایەکی تەواو و بێ کەموکورتی دەتوانێت تاج و پلەی "مامۆستای ئایینی" بەدەست بهێنێت و بگاتە ئەو پۆستە. کەواتە بۆیە پێویستە بەوپەڕی تواناوە کۆشش بکەین بۆ ئەوەی بگەینە پلەی باڵای کامڵبوون، چونکە مرۆڤ دەتوانێت بگاتە ئەو "گۆرو"ەی شایستەیەتی. کۆششی بەردەوام و کۆڵنەدان بۆ گەیشتن بە کامڵبوون، مافی هەموو مرۆڤێکە. هەر کەسێکیش بە ئەندازەی کۆششەکەی دەگات بەو پاداشتەی بۆی دیاری کراوە، ئەوەش دەمێنێتەوە؛ بە دەستی خودایە.

دەڵێم: نهێنیی ڕێزگرتنم لە گاندی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گەڕان و لێکۆڵینەوە بەردەوامەی بەرەو گەیشتن بە ڕاستییەکان و کامڵبوون داویەتی. پیاوێکە هەرگیز وەڕس و بێزار نابێت لە سەرزەنشتکردن و لۆمەکردنی خۆی، لەسەر هەموو تاوانێکی بچووک یان گەورە لە ژیانیدا. دەبینی سەرزەنشتی خۆی دەکات لەسەر ئەوەی لە تەمەنی گەنجێتیدا چەند ڕۆژێک جگەرەی کێشاوە، یان ویستەمەنیی مانەوەی لای هاوسەری چەند ساتێک پێش مردنی باوکی، لەسەر زۆر شتی بچووک کە لە ژیانیدا ڕووی داوە، لە کتێبەکەیدا بە شێوەیەکی ئاسایی زۆر جاریش بە شێوەیەکی توند لێپرسینەوە لەگەڵ خۆی دەکات.

ئەم لێپرسینەوە ئەو فەرموودەی پێشەوا عومەرمان وەبیر دەهێنێتەوە، دەفەرموویت:

"حاسبوا أنفسكم قبل أن تحاسبوا."

واتە: "لێپرسینەوە لەگەڵ خۆتان بکەن، بەر لەوەی لێپرسینەوەتان لەگەڵ بکەن."

جارێک یەکێک لە براکانی گاندی بە هۆی کێشەیەکی کۆن کە هەیبوو، گاندی دەنێرێت بۆ لای یەکێک لەو ئەفسەرانەی کە دەیناسین، بۆ ئەوەی کارێکی بۆ بکات، ئەوەی خۆمان پێی دەڵێین: (ڤیتامین واو - واستە).

گاندی: ... لەگەڵ ئەوەی من زۆر ڕقم لەم شتە بوو، ڕووی لێ کردم بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو ئەفسەرە بدوێم، من باش دەمزانی مافی ئەوەم نییە کە ئەو کارە بکەم، چونکە تەواو دڵنیا بووم ڕێز و شکۆی خۆم بۆ بێئابڕوویەک دەردەبرم، لەگەڵ ئەوەشدا داوام کرد چاوم بە ئەفسەرەکە بکەوێت، ئەویش کاتێکی بۆ دانام بۆ بینینی، منیش باسی پەیوەندیی رابرووم کرد لەگەڵیدا، بەڵام "کاسیاواد" جیاواز بوو لەو کەسەی لە ئینگلتەرا دەمناسی، لە کاتی کارکردنی ڕۆژانەدا ئەو ئەفسەرە نییە لە کاتی پشوودا دەیبینی. پاشان کە ئەو پەیوەندییەی بەبیر هاتەوە بە هۆیەوە یەکمان ناسی، بە هۆی ئەوەوە زۆر توند و خراپتر بوو: "دڵنیام بۆ ئەوە نەهاتوویت بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییەی نێوانمان بەکار بهێنیت، وا نییە!"

ئەو توندییەی باسی دەکەم، ئەمە بوو. وا دیار بوو ئەو دێرە لە ناوچاوانی نووسرابوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر خاتری

براکەم؛ داوای هاوکاریم لێ کرد. هاوڕێکەم دەستی کرد بە زبرگۆیی و وتی: "براکەت فەرمانی پێ کراوە و بواری تیا نییە، من نامەوێت لەو زیاتر گوێم لە هیچی دیکە بێت، هیچ کاتم نییە بۆ ئەوەی گوێ لە تۆ بگرم، ئەگەر براکەشت شتێکی هەیە بیڵێت، ئەوە پێویستە بە ڕێگەی یاسایی داوای بکات."

ئەم وەڵامە بەس بوو بۆ من، شیاوی ئەوەش بووم، بەڵام خۆویستی چاوی کوێر کردم. بەسادەیی باسی ڕووداوەکەم کرد، ئا لێرەدا هەستا و وتی:

- پێویستە هەر ئێستا بڕۆیتە دەرەوە!

- تکایە گوێ لە دوا وتەم بگرە!

ئەو تووڕەتر بوو، بانگی پاسەوانەکەی کرد، فەرمانی کرد من بباتە دەرەوە، بەڵام من هێشتا دوودڵ بووم لەسەر ئەوەی دەرمدەکات، تا ئەو کاتەی دەستی خستە سەر شانم و لە ژوورەکەی کردمیە دەرەوە.

پاشان لەگەڵ پاسەوانەکەی گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی، هێشتا تووڕەیی و هەڵچوونم لا نەچووبوون، بەخێرایی نامەیەکم نووسی: "تۆ سووکایەتیت پێ کردم... بە هۆی ئەو پاسەوانە تایبەتەتەوە دەستدرێژیت کردە سەرم. ئەگەر پۆزشم بۆ نەهێنیتەوە، سکاڵات لەسەر تۆمار دەکەم!" ناردم بۆی.

لە ڕێگەی نامەبەرەکەیەوە بەخێرایی وەڵامی دامەوە: "تۆ زۆر کەللەڕەق بوویت لەگەڵم، داوام لێ کردیت بڕۆیت، بەڵام نەڕۆشتیت، بۆیە هیچ بژاردەیەکی دیکە لە بەردەممدا نەمایەوە، جگە لەوەی داوا لە پاسەوانەکەم بکەم بۆ ئەوەی لە ژوورەکەم

دەرتبکات، تەنانەت ئەمە دوای ئەوە بوو داوام لێ کردیت لە نووسینگەکەم بڕۆیتە دەرەوە، بەڵام نەتکرد. بۆیە منیش کەمترین هێزم بەکار هێنا بۆ ئەوەی دەرتبکەم، ئازادیت لەوەی داوام لەسەر تۆمار دەکەیت یان نا."



هەرکەسێک بە هێندەی دەنکە گەنمێک باوەڕی بە خودا هەبێت، هەرگیز هیوا لەدەست نادات، چونکە ئەو کەسە هەمیشە باوەڕی هەیە کە ڕاستی سەرکەوتنی کۆتاییە.

ماهاتما گاندی

ئەم وەڵامەم خستە گیرفانم، بەدڵشکاوی گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. ئەوەی ڕووی دابوو، گێڕامەوە بۆ براکەم، بەو ڕووداوە نیگەران بوو. لەو کاتەدا من سەرگەردانی ئەوە بووم چۆن تازیباریی خۆم بدەمەوە. لەم بارەیەوە لەگەڵ هاوڕێ پارێزەرەکانم ڕاوێژم کرد دەربارەی ئەوە چۆن سکاڵا دژی ئەو ئەفسەرە تۆمار بکەم، لەبەر ئەوەی خۆم شارەزاییم دەربارەی ئەوە نەبوو. لەو کاتەدا "فەیرۆز شا مهتا" لە راجکو بەڕێ کەوت، بەڵام نوێنەرێکی ناردبوو بۆ مۆمبای، بەڵام چۆن پارێزەرێکی بچووکی وەک من بوێریی ئەوەی هەیە لەگەڵ ئەو بەرپرسە کۆ ببێتەوە؟ بۆیە سکاڵاکەم لە ڕێگەی نوێنەرێکەوە نارد بۆ لای، ئەویش لە ڕێگەی نوێنەرەکەیەوە کە ناردبووی. پاش ئەوەی پەیامەکەی منی پێ گەیاندبوو، وتبووی: "بە گاندی بڵێن بەردەوام ئەم ڕووداوانە بەرامبەر پارێزەران ڕوو دەدەن، ئەو گەنجێکە تازە لە بەریتانیا گەڕاوەتەوە و هێشتا خوێنگەرم و توندە لە کارەکەیدا، بەتەواوی ڕووی ڕاستی ئەفسەرە ئینگلیزەکانی بۆ دەرنەکەوتووە. داوای لێ بکە کارێکی دیکە بکات و واز لەو کارانە بهێنێ و چاو لەو سووکایەتییە بپۆشێت و دەستی لەسەر دۆسیەکە هەڵبگرێت. دڵنیای دەکەمەوە هیچی دەست ناکەوێت لە سکاڵاکردنەکەی و تەنانەت زیانیش دەکات و شکست دەهێنێت. پێی بڵێ جارێک زۆری ماوە لە ژیان تێبگات."

بەڕاستی ئەم ئامۆژگارییە بۆ من زۆر تاڵ و ناخۆش بوو، وەک نۆشینی ژەهرێکی کوشندە وا بوو، بەڵام ناچار بووم قووتی بدەم و هەزمی بکەم، بێدەنگ بووم لەسەر ئەو سووکایەتییەی پێی کردم، بەڵام لە هەمان کاتدا سوودی

زۆریشـــم لەم ئامۆژگـــارییە وەرگـــرت، بە خـــۆم وت: "لەدوای ئەمڕۆوە هەرگیز خۆم ناخەمەوە ناو هەڵوەستەی هاوشێوەی ئەوەوە، لەمڕۆ بەدواوە پەیوەندیی هاوڕێیەتی بۆ بابەتی وەها بەکـــار نـــاهێنم." لەو ســـاتە بەدواوە شـــكۆی ئەم بڕیـــارەم پاراستووە و نەمشكاندووە، ئەم كارە وەك زللەیەك بەهۆشی هێنام و ڕێڕەوی ژیانی گۆڕیم.

دەڵێم: نموونەیەك بۆ ئەم وتەیە باس دەكەم. ئەمە شكست نیـــیە، بەڵكـــوو ئەزمـــوون و دەســـتكەوتە، ئەمە یەكـــێكە لە تایبەتمەنـدییەكانی كەسـە نـاوازە و سـەركەوتووەكان، چـونكە سـوود لە ئەزمـوونە نـاخۆش و سـەختەكانیان وەردەگـرن و خۆیـانی پـێ تەواو دەكەن... بە شـێوەیەكی دیـكە: ڕۆژهەڵاتـی جگە لە واستە و بەرتیل و كەسێك كارێكی بۆ بكات، چ شتێكی هەیە! بەڵام ڕۆژئـــاوا بە هـــۆی لەنـــاوبردن و توانـــای باڵادەســـتبوون و ســـەركەوتن بەســـەر واســـتە و بەرتیـــل و نوێوەنـدگیری، لەم جەنـگەدا بـراوەن. ئـێمە دەتـوانین كتێبێكـی گەورە لەسەر ئەم دەردە كوشندەیە كە پێی دەوترێت "ڤیتامین واو"، بە جۆر و بەش و ناو و نازناو و شێوەكانیەوە بنووسـین كە تووی خێر و باشە و چاكەی لە كۆمەڵگەكەمان هەڵگرتووە.

بڕوانە كاتێك داوایان لێ كردووە بۆ كـاركردن بڕوات بـۆ باشووری ئەفەریقا...

گاندی: ئەو ماوەیە چەندە پێویستە خزمەت بكەم؟ مانگانەی چەندێكە؟

- كەمترە لە ساڵێك. كرێی هاتنەوە لەسەر ئێمەیە، سەد و پێنج جونەی و نانخواردن و شوێنی مانەوەت پێ دەدەین.

ئەم پیشـــەیەم زۆر دوور بــوو لە پیشـــەی پـارێزەری، وەک خزمەتکارێکی ئەو کۆمپانیـایە وا بـوو، بەڵام مـن دەمویسـت بە هەر هۆکارێـک بێـت لە هیندسـتان بـڕۆمە دەرەوە، لە هەمـان کاتــدا ئەمە دەرفەتێکــی زۆر بەنــرخ بــوو بــۆم، تــۆ دەڕۆیـت وڵاتێکی نوێ دەناسیت و ئەزمـوون و شـارەزایی نوێت دەست دەکەوێـــت، لە هەمــــان کاتـــدا ســــەد و پێــنج جــــونەییش؛ دەستکەوتێکی باشـە بۆ ئەوەی بتوانم هاوکاریی براکەمـی پێ بـکەم و ئەرکــی سەرشــانی کەم بـکەمەوە. بەبــێ دوودڵــی و گەڕانەوە، داواکەیانم قبووڵ کرد و خۆم ئامادە کرد و گەشتم کرد بۆ باشووری ئەفەریقا.

شوقەیری: گەشتی باشووری ئەفەریقا گۆڕانێکی گەورەی لە ژیـانی گانـدی ئەنجـام دا، هەر چەند ئەو بە کرێیەکی زۆر کەم ئەو کــارەی کــرد، وەک خــۆی دەڵێــت: "وەک خزمەتکــارێکی کۆمپانیاکە وا بوو"، چونکە ئەوە کرێی پارێزەرێک نەبوو، بەڵام ئەوە قوربانیــدان و گیانفیـدابییە لە پێنــاو فێربــوون و خــۆ پـڕ زانیـــاری کـــردن و جەنگـــان لەگەڵ نـــاخی... پەیامێــک بــۆ لاوەکانمان: دەست بە کارکردن بکەن، هەر چەند بە کرێیەکی کەمتریش بێت و کرێکەی لە چاوەڕوانی و تەمـای ئێوە کەمتر بێـــت، بەڵام ئەوە بـــزانە ئەمە بنـــاغەیەکی زۆر باشــــە ئەگەر بتەوێت ژیـانێکی بەرەو باشـتر و نـاوازەترت هەبێت. زۆر جـار وتـوومە: لە بەنزینخـانەیەک مانگـانە بە (٢٠٠٠٠٠) کـار بکەیـت، باشترە لەوەی لە مـاڵەوە دابنیشـیت و هـیچ کـار و کاسپییەکت نەبێت، ئەمە ئەزموونێکە بۆ گەشـەپێدان بە توانـا و بەهرەکانت و جەسـتەیەکی بەتوانــا و هێــزی ئارامگرتنــت زیــاد دەکــات و سوودێکی گەورە بە ئایندەت دەگەیەنێت.

گاندی: ئەگەر ئەوە دینداری بێت مەسحییەکان باسی دەکەن، ئەوە من ناتوانم قبوولّی بکەم و ببم بە مەسیحی، چونکە من نامەوێت ئاییینێکم هەبێت تاوانەکانم پاک بکاتەوە، من تامەزرۆی ئەو ئایینەم نەهێڵێت تاوان بکەم و دەمەوێت لە ئەنجامدانی تاوان ڕزگارم ببێت. تا دەگەمە ئەو ئامانجە، لەم ژیانە پڕ لە دوودڵی و پەشێوییەی خۆم دەمێنمەوە و بەردەوام دەبم لەسەری.

شوقەیری: من زۆر سەرسامم بەو پێداگری و ویستە زۆرەی گاندی لەسەر کاملبوون و کۆششکردن بۆ گەیشتن بەوەی نەکەوێتە تاوانەوە نەک لە تاوانی خۆش ببن. بڕواشم وایە ئەمە ئەو خاڵە جەوهەرییەیە داوا کراوە لە مرۆڤ جێبەجێی بکات و پێی بگات، داوا لە مرۆڤ نەکراوە بگاتە کاملبوون، بەڵکوو داوای لێ کراوە بەرەو کاملبوون بڕوات. ئەمە ڕەوشتی گاندییە، هەمیشە و بەردەوام کاری لەسەر گەشەپێدانی خۆی کردووە، ئەمە ڕەوشتی هەموو کوڕ و کیژێکی لاوە هەمیشە کار بکەن لە ڕۆشنبیرکردنی خۆیان و گرنگیدان بە گەشەپێدانی خۆیان بە خوێندنەوە و کۆڕ و کۆبوونەوە و دیبەت و هاوڕێیەتیی خەڵکە ژیر و ڕۆشنبیرەکان. تەنانەت ئەگەر هەڵەیان کرد، لەو هەڵەیە نەمێننەوە و هەستنەوە. لە ئەنجامدانی هەڵە و تاوان گەورەتر ئەوەیە هەمیشە تامەزرۆی بیت و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بیت بەردەوام بیت لەسەر ئەو تاوانە.

جارێک گاندی لە باشووری ئەفەریقا لەلایەن پیاوێکی سپیپێستەوە ئازار دەدرێت و لێی دەدرێت، کابرایەک بەمەی زانی، زۆر پزشکی بۆ هێنایەوە و هاوخەمیی خۆی بۆ

دەربڕی، داوای لە هاوڕێکانی کرد سکاڵای لەسەر تۆمار بکەن. گاندی وتی: "پێویست بە نیگەرانی ناکات، ئەو پیاوە هەر چی کردووە؛ مافی خۆیەتی. هەمووان ڕەنگی جیاوازمان هەیە، گومانی تیا نییە، ئەو ڕێک وەک کەسێکی ڕەشپێست مامەڵەی لەگەڵم کرد. من بڕیام داوە هەرگیز سکاڵا لەسەر هیچ کەسێک نەکەم ئازاری داوم، بۆیە من سکاڵای لەسەر تۆمار ناکەم."

دەڵێم: لێرەدا گاندی خۆی لەسەر ڕەوشتی "لێبووردن" و "ئارامگرتن" ڕاهێناوە، گرنگترین ڕاهێنان لەسەر ئەو شتە ئەوەیە جێبەجێی بکەیت. زانست ئەوەیە پیادەی بکەیت، چونکە زانست تەنها هەر لەبەرکردنی وشە و ڕستە و تێکستەکان نییە. ئەم ئایەتەت لەبەر کردووە:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَاۖ فَمَنۡ عَفَا وَأَصۡلَحَ فَأَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ۝٤٠﴾ الشورى: ٤٠

واتە: تۆڵەی خراپە خراپەیە بە ئەندازەی خۆی، نابێ زیاد لەئەندازە تۆڵە بستێنیتەوە. خودا ستەمکارانی خۆش ناوێن، نە ئەوانەی سەرەتا دەست دەکەن بەتاوان، نە ئەوانەی لەتۆڵە ستاندنەوەدا زێدەڕەوی دەکەن!

بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەتدا جێبەجێیان ناکەیت. یاخود ئەم فەرموودەیەت لەبەرە:

"الْمُسْلِمُ مَنْ سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِهِ وَيَدِهِ"

هەر کاتێک بتەوێت دەیڵێیتەوە، بەڵام ئایا زیندووت کردووەتەوە؟ پیادەی دەکەیت؟ لە پاشەڕوو باسی کەس



یەکێکی لە چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ محمد علی جەنابی بۆ یەکپارچەیی وڵاتی هندستان لە ساڵی 1939



پێغەمبەر مەسیحی ئێوەم خۆشئەوێت، بەڵام حەزم لە مەسیحییەکانتان نییە. مەسیحییەکان زۆر جیاوازترن لە پێغەمبەر مەسیحیان.

ماهاتما گاندی

ناکەیت؟ ئازاریان نادەیت؟ گویدریژیش وەک مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە لەسەر پشتی؛ کتێبی زانستی هەڵبگریت، بەڵام ئایا کاری پێ دەکات؟ چاک بزانە: زانست تەنها ئەو دەقانەیە کاریان پێ دەکەیت، بێجگە لەوانەش، وتەی پڕوپووچ و ژاوەژاوە.

گاندی: کارەساتەکانی من لەوە قووڵترە بیری لێ دەکەیتەوە. من شکستم هێناوە لەوەی بڕوا بکەم یەسووع کوڕی تاقانەی خودا بێت! بڕوام بەوە هەیە هەر کەسێک بڕوای بە تاک و تەنهایی خودا بێت، ناز و نیعمەتی ئاسوودەیی هەمیشە بەدەست دەهێنێت. ئەگەر دروست بێت خودا کوڕێکی وەهای هەبێت، ئەوە ئێمە هەموومان کوڕی ئەوین. ئەگەر یەسووع کوڕی خودا بێت، یان خودا خۆی بێت، ئەوە هەمووومان وەک یەسووع واین. کەواتە هەمووومان وەک خودا واین، ڕەنگە خودی خوداش بین. من ئاوەزم هێشتا ڕێگەم پێ نادات بڕوا بەمە بکەم، باشە بۆچی یەسووع بڕوای بە مردنی خۆی کرد و خۆی کردە قوربانیی هەڵە و تاوانی مرۆڤەکان؟ ڕەنگە ئەمە بەشێکی ڕاستیی تیا بێت، بەڵام بۆچی تەنها بۆ مرۆڤەکان خۆی کردە قوربانی -بوونەوەر و زیندەوەرانی دیکەی هەڵاوێر کرد و لەو بازنەیە دەریکردن-؟ هەر کاتێک ئەو گیانلەبەرانەی دیکە مردن؛ ژیانیان کۆتایی دێت، لە کاتێکدا ئێمە بیروڕایەکی دیکەمان هەیە. باشە ئەگەر بڕوامان هێنا مەسیح خۆی کردووە بە قوربانی، بووە بە پێشەنگ و مامۆستای فێرکاری بۆ قوربانیدان، بەڵام چۆن بڕوا بەوە بکەم مەسیح کاملترین و تەواوترین مرۆڤ بووە لەسەر ڕووی زەوی، ئێستا لەسەر خاچێک بمرێت و ببێت بە نموونەیەکی پیرۆز و

خودایەکی باڵا لەسەر ڕووی زەوی! ئەگەر شتێکی شاراوەی پیرۆز یاخود سەیروسەمەری تیا نەبێت، دڵم هەرگیز ڕێگە نادات ئەوە قبووڵ بکات.

بەڕاستی ژیانی پیاوە لەخواترسە مەسیحییەکان جیاوازتر نییە لە ژیانی ئاسایی هەر کەسێکی سەر بە ئایینێکی دیکە، لە ژیانی کەسانی دیکەدا باسی چاکسازیی زیاترم بیستووە وەک لە ژیانی کەسێکی مەسیحی هەیە و باس دەکرێت.

ئەوەم بۆ دەرکەوتووە هیندۆسییەکان لە زۆر شتدا لەپێش مەسیحییەکانەوەن. دەبێت ئەوانەی پێیان وایە مەسیحی باشترین و گەورەترین ئایینە لەسەر زەوی، بمبورن.

دەڵێم: خوێنەر لەسەر ئەم وتەیەی سەرەوە بەجێ دەهێڵین، بۆ ئەوەی خۆی بیری لێ بکاتەوە و بڕیاری لەسەر بدات.

گاندی: هەستامە سەر پێ لەبەردەم بەڕێوەبەری تۆماردا سوێندم خوارد، هێشتا سوێندەکەم تەواو نەکردبوو، دادوەر ڕووی تێ کردم و وتی: "بەڕێز گاندی، پێویستە ئەو مێزەرەی سەرت دابنێیت و پابەند بیت بەو یاسایانەی دادگاوە بۆ یەکپۆشیی پارێزەری ڕاهێنراو دایناوە."

منیش زانیم سنووری خۆم کوێیە، ئەو پێداگرییەی پێشتر دەمکرد لەسەر ئەوەی مێزەر لەسەر بکەین و شەڕم لەسەر دەکرد، ڕاستەوخۆ دوای داواکاریی دادوەر مێزەرەکەم دانا. ئەم کارە بە هۆی لووتبەرزی و لەخۆباییبوون وای لێ نەکردم بە شکستی دابنێم و وا بزانم ئەمە بۆ لووتشکاندنی منە، بەڵکوو ویستم ئەوەی لەوە بەفیرۆی دەدەم، بەکاری بهێنم بۆ بەرگرییەکی لەوە گەورەتر و ڕەواتر، ویستم ئەوەی بە دەستەوە وەک پاڵەوانێک لە مەیداندا لە شتێکی بچووکی وەک سەرەکردنی مێزەر بەفیرۆی نەدەم، بە نیەتی ئەوەی ئەو توانا و لێهاتووییەم لە داوایەکی ڕەوا و باشتر لەوە خەرج بکەم.

دەڵێم: ئای فیقهی لەپێشینە و گرنگترەکان (فقه الاولویات) چەند جوان و ناوازەیە! چەند خۆشە مرۆڤ خۆی سەرقاڵی شتە بچووکەکان نەکات! چەند جوانە ئەو ئاوەزە فراوان و بەرینانەی بیر لە شتی وەها ناکەنەوە! مێژەرێک چییە بە نیسبەت ئەو دۆسیە مەزنەی گاندی لە پێناویدا دەجەنگا! پێویستە لە ژیانی تایبەتیی خۆتدا کاتێک دەڕۆیتە ناو دۆسیەیەکەوە، گرنگ ئەوەیە لە کۆتاییدا جەنگەکە ببەیتەوە، نەک ئەوەی لە جەنگێک یان دوو جەنگدا سەرکەوتن بەدەست بهێنیت و کۆتاییەکەی بدۆڕێنیت. دەبینین پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە ڕێککەوتنی حودەیبییەدا لە جەنگەدەنگیی نێوان عەلی و سەهلی کوڕی عەمر، وشەی "رسول الله"ی لەپاش ناوی محەممەد لا برد، بەڵام پێغەمبەر گوێی نەدا بەم جەنگە بچووکە، لە پێناو جەنگێکی گەورەتر و گرنگتر، ئەویش سەرگرتنی ڕێککەوتننامەی حودەیبیە و گەڕاندنەوەی ئاشتی و ئارامی بۆ ناوچەکە و ڕۆشتنی پۆل پۆل خەڵک بۆ ناو ئیسلام. لە کۆتاییدا ئەوەی دەیویست، ڕووی دا.

دەبینی لە چیرۆکی ڕێککەوتنی حودەیبییەدا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد بە عەلی ناوی "رسول الله" لەپاش ناوەکەی خۆی ڕەش بکاتەوە، پێغەمبەر(ﷺ) بەدانایییەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەم دۆسیەیەدا کرد، چونکە جەنگەکەی لەسەر ناوهێنان و ناونەهێنان نییە. پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر ئەم شتە بچووکانە نەدەوەستا. دوای ئەم هەڵوەستەیەی پێغەمبەر(ﷺ)، سوورەتی "فەتح"ی مەزن دابەزی. تێرامێنە! سوورەتەکە لەدوای جەنگی بەدر یاخود فەتحی مەککە دانەبەزی، بەڵام دوای ڕێککەوتنی

حودەیبیە و ئەو دەستکەوتە مەزنانەی لەسەر بنەما ناوازەکانی ئەم ڕێککەوتنە نووسرابوو، هاتە خوارەوە.



بەشێوەیەکی نەرم و نیان، ئەتوانیت جیهان بهەژێنیت.

ماهاتما گاندی

گاندی: لەو سەروبەندەدا بوو خێزانێکی مەسیحیی دیکەم ناسی، داوایان لێ کردم هەموو یەکشەممەیەک لەگەڵیان بڕۆم بۆ کەنیسەی وێلز، لە هەمان کاتدا ئێوارەکەشی بانگهێشتیان دەکردم بۆ نانی ئێوارە بەپێی یاسای نانخواردنم. بەڵام کەنیسە هیچ شوێنەوارێکی گۆڕانکارییەکی لە ناخی مندا دروست نەکرد، لە هەمان کاتد برینێکی بێ دەرمانی لە ناخمدا دروست کرد. خەڵک بەلێشاو دەهاتن و نوێژیان دەکرد و لەسەر ئەو دابەی لێی ڕاهاتبوون، بەردەوام دەبوون. خەڵکانی زۆر پاک نەبوون، زۆربەیان دونیاویست بوون، بۆیە ئامادەی کەنیسە دەبوون، چونکە لەسەری ڕاهاتبوون و بووبوو بە خوویەک بۆیان. بەم شێوەیە یەک ساڵ خەوی یەکشەممانم لەدەست دەرچوو. هەندێک لەو دراوسێیانەم ئەم حاڵەتەی منیان بەسەردا نەهاتبوو، لە من باشتر بوون، بۆ منیش پێویست نەبوو بەو شێوەیە بەردەوام بم، ئەم ماوەیەش کەمی خایاند، بەتەواوەتی وازم هێنا لەوەی چیدی نەڕۆمە کەنیسە.

دەڵێم: ڕەنگە گاندییش لەسەر هەمان ئەو هەستە هەستیارەی بدوێت ئێستا حاڵی ئێمەی مسوڵمان پێیدا تێدەپەڕێت! سەیری نوێژخوێنە مسوڵمانەکان بکە لە ڕۆژی هەینیدا، ئەو کاتە لەو مەبەستە تێدەگەیت. یەکێک نووستووە، یەکێک سەرقاڵە، یەکێک قورئان دەخوێنێتەوە، بەڵام بیریان لای بازرگانی و کڕین و فرۆشتنی دوای نوێژەکەیانە.



ئەگەر حەزتان لە ڕەوشتو ڕەفتاری کەسێک نەبوو، پێویستە پێیبڵێن بەهۆی ئەم ڕەفتارەی تۆوە نیگەرانم، بەڵام هیچ کات کەسایەتی و سروشتی کەسەکە لەکەدار مەکەن.

ماهاتما گاندی

جەستەگەلێکی زیندووی خاوەن ڕۆحێکی مردوو. ترسی ئەوەمان هەیە ڕۆشتنی بڕواداران بۆ وتاری هەینی، وەک ڕۆشتنی مەسیحییەکانی لێ بێت لە ڕۆژی یەکشەممەدا و وەک زیندووکردنەوەی سرووتێکی ئایینی و ڕۆتینێکی لێ بەسەر بێت! دەبینی گاندی زۆر بێزار و وەڕس بووە لەو سرووتە ئایینییانەی خاڵی بێت لە ڕۆحانی و مەعنەویەت و کار لەسەر دەروونی مرۆڤ نەکات. پێغەمبەری خودا(ﷺ) هۆشداریی داوە لە کۆمەڵانێک:

"يَخْرُجُ فِيكُمْ قَوْمٌ تَحْقِرُونَ صَلاتَكُمْ مع صَلاتِهِمْ، وصِيامَكُمْ مع صِيامِهِمْ، وعَمَلَكُمْ مع عَمَلِهِمْ، ويَقْرَؤُونَ القُرْآنَ لا يُجاوِزُ حَناجِرَهُمْ، يَمْرُقُونَ مِنَ الدِّينِ كما يَمْرُقُ السَّهْمُ مِنَ الرَّمِيَّةِ، يَنْظُرُ في النَّصْلِ فلا يَرَى شيئًا، ويَنْظُرُ في القِدْحِ فلا يَرَى شيئًا، ويَنْظُرُ في الرِّيشِ فلا يَرَى شيئًا، ويَتَمارَى في الفُوقِ."

**کۆمەڵانێک دێت لەدوای ئێوە، نوێژەکانیان وەک نوێژی ئێوە وایە، ڕۆژووەکانیان وەک ڕۆژووی ئێوە وایە، کار و کردەوەیان وەک هی ئێوە وایە، قورئان دەخوێننەوە، بەڵام لە گەروویان ناچێتە خوارەوە، لە ئایین دەردەچن وەک چۆن تیر لە کەوان دەردەچێت." ئەو خەڵکە وەک پیادەکردنی سرووتێکی ئایینی؛ قورئان دەخوێننەوە، هیچ کاریگەرییەکی لەسەریان دروست نەکردووە.**

گاندی: ئەو ماوەی لە ناتال بووم، بۆم دەرکەوت پێویستە فێری ئۆردوویی ببم، بۆ گەیاندنی نیازەکانم بە مسوڵمانان، هەروەها خۆم فێری تامیلی بکەم بۆ گەیاندنی پەیامەکانم بە هیندییە وانەبێژەکان.

شـــوقەیری: لە ژێریـــی مـــرۆڤە ئەگەر لەگەڵ هەر گەل و نەتەوەیەک دوایـت بە زمـانی خۆیـان بـدوێیت، چـونکە ئەوە پەیامەکانت باشتر دەگەیەنێتە گوێیان و ڕێز و خۆشەویستی دروست دەکات. بۆیە دەبینی پێغەمبەریش(ﷺ) بە هەمان شێوە بـووە لە مامەڵەکردنـدا، ئەگەر بیویسـتایە لەگەڵ هەر گەلێـک بدوێت، هەوڵی داوە بە زمانی خۆیان بدوێت.

گانـدی: لیـژنەی سەرپەرشـتیاری پەرسـتگای فیشـنافاما، هـاوڕێیەکی بەڕێزی خێزانەکەم بـوو. مۆڵەتی دایـن سـەیری سـەرجەم شـوێنەکانی پەرسـتگاکە بکەیـن. ئێمەش ویسـتمان لەسـەر هەر شـتێک هەبـوو، پێشـنیاری بـۆ بکەیـن. تەنـانەت هەنـدێک بەشـی پەرسـتگاکە هەبـوو ئەو کـاهینە خۆیشـی نەیبینیبوو. لەسەر دیوارەکانەوە خاشاک و پاشەڕۆی زۆریان خستبووە ناویەوە، سەرئاوەکانی زۆر پیس بوون، بەڵام من زۆر لە راجکـو نەمـامەوە بـۆ ئەوەی بـزانم کـاهینەکە ئەو پێشنیارانەی جێبەجێ کرد یاخود نا. بەڵام ئەو دیمەنانە زۆر ئازاریان دام، چۆن دەبێت جێگەیەک مرۆڤ پەرستنی تیا بکات، هێندە پیس و قێزەون بێت! مرۆڤ پێویستە بەوپەڕی توانا و بەوردی پابەندی سەرجەم یاسا و ڕێنماییە تەندروستییەکان بێت لەو جێگەیەی بە پیرۆزی دەزانێت.

شوقەیری: نازانم بۆ یەکسەر حەجم بەبیردا هاتەوە! زۆربەی مزگەوتەکان لە سەرتاسەری جیهاندا، سەر تەوالێتەکانیان پیس و قێـزەونن. دیـارە کێشـەی پیسـبوونی مـزگەوت لەلای هیندۆسییەکانیش بوونی هەیە. گاندی ویستوویەتی گرنگی بە سەرجەم پەرستگا و جێگەکانی خواپەرستی بدات، بەڵام تەنها باسی پەرستگای هیندۆسیی کردووە لە ڕووکەشدا، کەچی بە

ئامـاژە دەڵێـت: "جـێگەیەک لە جێگەکـانی پەرسـتن"، یـان "ئەو جێگەیەی خەڵک بە پیرۆزی دەزانێت"، لێرەدا ئەو جێگەیە هیی هەر ئایینێـک بێـت، بـابەتە بـابەتێکی بـاوەڕییە نەک تـایبەتی بە جێگەیەک!

گانـدی: ئـارەزووم بۆ کـاری پەرسـتاری ڕۆژبەڕۆژ گەشـەی دەکرد لام، تا گەشتە ئاستی شـەیدایی بۆ ئەو پیشـەیە، ئەوینی ئەو کـارە هێنـدە لە ناخمـدا دروسـت بـوو؛ کارەکـانی خـۆم پشـتگوێ دەخسـت. نەک هەر ئەوە، خەریک بوو پشت بکەمە سەرجەم ئەو کەسانەی پەیوەندیم لەگەڵیاندا هەبوو، بەتایبەت خێـزانم و ئەوانەی لەژێـر سـایەی یەک خـانوودا دەژیـاین. نموونەی ئەم کارانە هیچ مانایەکی تەواوەتی ناگەیەنێت، مەگەر ئەو کـاتەی بەتەواوی چێـژ لە ئەنجامـدانی دەبینیـتەوە، بەڵام کاتێک لەبەر ڕوپامایی‌کردن یاخود لە ترسی خەڵک دەیانکەیت، ئەوە کۆتێکی گەورەیە لە گەردنی خۆتی دەخەیت و دەروونت تێـک دەشـکێنیت. هەر خزمەتێـک بەبـێ دڵخۆشـی و خۆشەویستیی کارەکەت ئەنجامی بدەیت، هیچ جۆرە سوودێک بە خزمەتکـار و خزمەتکـراو ناگەیەنێـت. ئەگەر کەسـێک بە ڕۆحێکی خۆشەویست و دڵسۆزییەوە کارەکانی نەکات، گیانی هاوکاری لەناو مرۆڤەکاندا نامێنێت.

شوقەیری: ئەگەر پەرستارێک ناوبەناوێک خەندەیەک نەکات بە ڕووی نەخۆشـەکانیدا و دڵی بە پیشـەکەی خۆش نەبێت، لە نەخۆشییەکە خراپترە بۆ نەخۆشەکە. هەروەها ئەو بەخشینەی بەمنەتبـاری یـاخود ئـازاری بەشـوێندا بێـت، لە هەژاریـیەکە خراپتـرە لەسـەر کەسـی هەژار و چاولەدەسـت. بـۆیە خـوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُبْطِلُواْ صَدَقَٰتِكُم بِٱلْمَنِّ وَٱلْأَذَىٰ كَٱلَّذِى يُنفِقُ مَالَهُۥ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَلَا يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ ۖ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُۥ وَابِلٌ فَتَرَكَهُۥ صَلْدًا ۖ لَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَىْءٍ مِّمَّا كَسَبُواْ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٦٤﴾﴾ البقرة: ٢٦٤

واته: "ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان بە ئاایینی ئیسلام کردووەو موسوڵمان بوون، هەرگیزاو هەرگیز نەکەن خێرو خێراتتان بەهۆی منەت کردنو شانازیو جنێودان – پووچ مەکەنەوە، وەکوو ئەو کەسەی ماڵاو سامانی خۆی دەبەخشێ بۆ ریابازیو خۆهەڵکێشانو بڕواشی بە خوداو ڕۆژی دوایە نیە. ئەوە، نموونەی ئەم کابرایەی کە ماڵبەخشینی بۆ ریابازییە، ئەم دڵڕەقەی کە هیچ ئیمانو بڕوایەکی لەدڵدا نیە، دڵڕەقێکی لە خودانەترسی وا کە بە پەردەی رییاو روپامایی دڵڕەقیەکەی خۆی داپۆشیوە، ئەوە وەکوو: بەردە لیسووکەیەکی ڕەقو تەق وایە، کە هەندێ گڵاو خۆڵی بەسەرەوە بێو لە پێش چاو بەردەکە دیار نەبێ (واتە: وەکوو چۆن گڵاو خۆڵەکە رەقی بەردەکەی داپۆشیوەو وێ دەچێ کەسێک هەبێ تەماعی ئەوەی هەبێ شتی لێ بڕوێنێ، دڵی ئەو کابرایەش ئاوا رەقەو پەردەی رییا داپۆشیوە، وێ دەچێ کەسانێک هەبن وا بزانن ئەم کابرایە ماڵبەخشینەکەی لەبەر خاتری خودایە!). بارانێکی قەترە گەورەو لێزمە ئاسای لێ بدا، هەرچی گڵاو خۆڵی وا بەسەر بەردەکەوە لای بەرێو رەقیو بێ کەڵکی بەردەکە دەربکەوێو بارانەکەش لەو ئاستە نەرووەکی پێ شین بێو نەمیوەیەک پێ بگەیەنێ، ئاواهیش خێرو خێراتی کابرای رییاباز بێ خێرەو شیاوی پاداش نیەو ڕۆژی قیامەت هیچی دەست ناکەوێ!، ئەو رییابازانە ناتوانن هیچ سوودێک بەدەست بێنن لە پاداشی ئەو

ماڵبەخشینەی کە بە ریبابازی ئەنجامیان داوە، ئەو ریباکارانە کردەوەکانیان کردەوەی کافرو خودانەناسەکانە، خودا گەلو گرۆی خودانەناسو کافر هیدایەت ناداو پشتگیریان ناکاو، لە رۆژی قیامەتدا مایە پووچیان دەکا."

ئەم شتە لە گاندی ڕووی داوە، دەڵێت ئەم ئایەتەی خوێندووەتەوە! ئەو کەسەی بۆ ڕوپامایی و ناوناوبانگ دەبەخشێت، کارایی چاکەکەی پووچ دەکاتەوە و هیچ کاریگەرییەک لەسەر ڕۆح و دەروونی ناکات.

گاندی دەربارەی گەشتێکی دەریایی خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لەناو دەریا بووین، بە هۆی بەرزی و بڵندیی شەپۆلەکانی؛ زۆر سەرسامی کردین، لەپڕ تووشی مەترسییەکی گەورە بووینەوە، ترس و بیمی خستە دڵی سەرنشینانەوە. دیمەنێکی زۆر سامناک بوو! هەمووان لەبەردەم ئەو مەترسییە هاوبەشەدا وەک یەک پیاویان لێ هات، هەموو ناکۆکییەکانیان وەلا نا. هەمووان -مسوڵمان، هیندۆسی، مەسیحی... هتد- بیریان لە خودای تاقانە دەکردەوە. ناوبەناو هۆشدارییان دەدایە یەکتری، تەنانەت کەشتیوانەکانیش سەرەڕای ئەوەی مەترسیی زۆر لەمە گەورەتریان دیوە و دڵنیا بوون لە چاکی و تۆکمەیی کەشتییەکە، کەچی هەر بەشداریی نوێژ و پاڕانەوەی خەڵکەکەیان دەکرد -دەیانزانی ئەم زریانە بێ کێشە تێناپەڕێت-. کەشتیوانەکان نەیاندەتوانی ترسەکەیان بشارنەوە و سات لەدوای سات گوێبیستی دەنگی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی کەشتییەکە بووین، وەک ئەوەی دەرفەتێک بۆ ئەندامانی سەر کەشتییەکە نەمێنێتەوە. سەرجەم لێوەکان ئەم دەستەواژەیەی لەسەر بوو: "ئەمە ویست و

ئیاردەی خودایە، هیچی دیکەیان لەبیر نەبوو. دڵنیام کە بیست و چوار کاتژمێر بەسەرماندا تێپەڕی، ئێمە لەناو ئەو بەڵا و نەهامەتییەدا بووین، ئاسمان ساماڵ بوو و خۆر دەرکەوت، کەشتیوان وتی زریانەکە تەواو بوو، ڕووی خەڵکەکە گەشایەوە. بە تێپەڕبوونی مەترسییەکە، ناوی خوداش لەسەر لێوی خەڵکەکە ڕۆشت، خەڵکەکە دیسانەوە سەرقاڵ بوون بە خواردن و خواردنەوە و گۆرانی و سەماکردن، ترسیان لە مردن ڕەوییەوە. هەر چەند زۆربەی کاروانچییەکان ڕاهاتبوون لە کاتی خۆیدا نوێژەکانیان ئەنجام دەدا، بەڵام خاڵی بوو لەو بەکوڵی پاڕانەوەیە لە کاتی مەترسییەکەدا ئەنجامیان دەدا.

شوقەیری: خێرا ئەم ئایەتە پیرۆزەم بیر کەوتەوە:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَإِذَا غَشِيَهُم مَّوْجٌ كَالظُّلَلِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ فَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمَا يَجْحَدُ بِآيَاتِنَا إِلَّا كُلُّ خَتَّارٍ كَفُورٍ ﴿٣٢﴾﴾ لقمان: ٣٢

"هەر کاتێ لەناو دەریادا بەکەشتییەکانیانەوە بکەونە ناو شەپۆلی سامناکی دەریاوە، شەپۆلی بەرزو گەورەی وەها کە دەشوبهێنە کێوی گەورەو بەرزو هەوری پڕوڕەش و تاریک! ئا لەو کاتەدا: کە خەتەری مەرگ لێیان نزیک دەبێتەوە، دەگەڕێنەوە سەرسروشتی خۆیانو فیگرەتیان وە ئاگادێتەوە، لەناخی دڵیانەوە لەخودا دەپاڕێنەوە دڵسۆزانە بەندایەتی خۆیان رادەگەیەنن، تەنیا هاوار لەخودا دەکەنو کەس ناکەن بەهاوەڵی، هانای بۆ دەبەن، لێی دەپاڕێنەوە، دەلاڵێنەوە، کەچی: کە خودا رەحمی پێ کردنو لەناو ئەو شەپۆلە سامناکانەدا پارێزگاری کردن بەسەلامەتی گەیاندنیە وشکانی، هەیانە لەسەر ئیمان دەمێنێتەوەو روناکاتەوە کوفرو

هاوەڵدانان بۆ خودا، هەرچەندە ئیمانەکەی وەکوو ئیمانی کاتی تەنگانەکەی بەهێز نیە، هەر ئەوەندەیە ناگەڕێتەوە بۆ سەر کوفرو رو دەکاتە یەکتاپەرستی، هەشیانە ستەمکارو پەیمان هەڵوەشێنەوەیە، وەلحال ئینکاری ئایەتەکەونیو قورئانییەکانی ئێمە ناکا بەرامبەر بەنیعمەتەکانی ئێمە سپڵە نابێ مەگەر هەموو ئەوانەی: کە زۆر ستەمکارو دڵڕەقو سپڵەن، زێدە رەویان کردوە لەکوفرو بێدینیدا، ئەگینا دەبوایە دوای بینینی ئەو هەموو ئایەتە کەونییانە، دوای بەخشینی ئەو هەموو نیعمەتانە پێیان: کە بڕێکیان رزگارکردنیانە لەناو خەتەری شەپۆلی دەریادا. لەخوداپەرستیو خوداناسی ژێوان نەبوونایەوە."

پاک و بێگەردی بۆ خودا، سەرجەم مرۆڤەکان لە کاتی مەترسیدا لە ناخی دڵنیانەوە دەبن بە یەکتاپەرست، وەک ئەوەی بە خوارسک (فطری) لە ناخیاندا ئەفرێندراوە، وەک ئەو ئایەتەی خودا ئاماژەی پێ دەدات:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِيٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ۖ قَالُواْ بَلَىٰ شَهِدْنَآ ۛ أَن تَقُولُواْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَـٰذَا غَـٰفِلِينَ ﴿١٧٢﴾﴾ الأعراف: ١٧٢

واتە: "ئەی پێغەمبەر (ﷺ)،ئەوە بۆ ئادەمیزادان باس بکە کە پەروەردگار لەعالەمی زوریەت دا بەڵێنێکی گشتی لەئادەمیزادان وەرگرتووە خۆیانی کردوە بەشایەت بەسەر خۆیانداو پێی فەرموون ئایا من خودای ئێوە نیم؟ زورییەتو رەچەڵەکی ئادەمیزادان بەگشتیو تێکڕا وتیان: بەڵێ، شایەتی دەدەین تۆ خودای ئێمەی، تۆ شیاوی خودایەتیو شایانی ئەوەی ئێمە بەندایەتیت بۆ بکەین، ئەم ئیعترافو دان پێدانانەیان بەزوبانی حاڵ بوو، بەزوبانی ئاخاوتن نەبوو واتە: ئەم ئیعترافە لەعالەمی

تەمپیلدا بووە نەک لەعالەمی حەقیقەتو بینراودا، بۆیەش ئەم ئیعترافەمان لێ وەرگرتنو ئەم شایەتیەم پێدان، بۆ ئەوەی -ئەگەر شەریکتان بۆ خودا دانا- رۆژی قیامەت بەهانەتان نەمێنێو نەڵێن: ئێمە لەشێوەی یەکتاپەرستی بێ ئاگا بووینو نەمانزانیوە پێویستی یەکتاپەرستی چۆنەو چۆن ئەنجامی بدەین؟!"

سەیری ئەو دێڕەی کۆتایی بکە: "هەر چەند زۆربەی کاروانچییەکان ڕاهاتبوون لە کاتی خۆیدا نوێژەکانیان ئەنجام دەدا، بەڵام خاڵی بوو لەو بەکوڵی پاڕانەوەیە لە کاتی مەترسییەکەدا ئەنجامیان دەدا." جیاوازییەکی زۆر گەورە و مەزن هەیە لەنێوان ئەو نزا و پاڕانەوانەی لە کاتی مەترسی و ناخۆشیدا دەیانکەیت و ئەو پاڕانەوانەی بۆ ئەنجامدانی ئەرکێک پیادەی دەکەیت و بەڕووکەش دەڕۆیتە ناویەوە. نوێژێکی مردوو دەکەین، کورتترین سوورەتی تیا دەخوێنین، وا دەزانین ئیتر لەکۆڵمان بووەتەوە. تەنانەت لە کاتی دەستپێکردنی نوێژەکەمان تا تەواوی دەکەین، بیری تیا دەکەینەوە و نەخشەی تیا دادەڕێژین... ئەمڕۆ چی بکەین؟ باشە ئەمشەو بچم بۆ کوێ؟ هەر لەبەر ئەمەیە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموویت:

"ثلاث حق على الله أن لا يرد لهم دعوة، الصائم حتى يفطر، والمظلوم حتى ينتصر، والمسافر حتى يرجع."

کارەکتەری هاوبەشی نێوان ئەم سیانە، ئەو پێویستی و ملکەچی و هەست بە لاوازییەیانە، لەم حاڵەتانەدا دڵ زیاتر خۆی نزیک دەخاتەوە لە خواوە، دەگاتە ملکەچی بۆ پەروەردگاری و زۆرترین کات لەم حاڵەتانەدا وەڵام وەردەگرێت. باشترین هۆکار بۆ ئەوەی نوێژێکی پڕ لە

گەردنکەچــی بکەیــت، ئەوەیە وا بزانیــت ئەو نــوێژە؛ نــوێژی ماڵئـاوایی و کۆتـا نـوێژی تەمەنتە، واتە کۆتـا نـوێژتە لەســەر ڕووی زەوی. دروستبوونی ئەم هەستە، ژیان دەگەڕێنێتەوە بۆ دڵ...

کاتێک کەسانێک دەبینن پێویستیان بە هاوکارییە، باشتر وایە هاوکاریان بکەن، نەوەک ئێوەش ڕۆژێک لە ڕۆژان پێویستیان بە هاوکاری بێت، ئەوکات خوداش کەسێک بە فریادڕەسی ئێوە دەنێرێت.

ماهاتما گاندی

گاندی: بیرمە کەشتیوانەکە پێی وتم گریمان سپییێستەکان بەڵێنەکەیان جێبەجێ کرد و تۆیان هەڵدایە ناو دەریاکەوە، چۆن پابەند دەبین بە بنەمای ناتوندوتیژییەکەتەوە؟

وەلامم دایەوە و وتم: هیوادارم خودا ئەو کارامەیی و ئازایەتییەم پێ بدات لێیان خۆش بم و تۆڵەیان لێ نەکەمەوە، من ڕقم لێیان نییە. هەموو ئەو شتانەی لای من هەیە، بەرامبەریان ئەوەیە من نیگەرانم بەرامبەر نەزانی و بیرتەسکییان. من دڵنیام و بڕوای تەواوم هەیە ئەوەی ئەوان ئەمڕۆ ئەنجامی دەدەن، وا دەزانن کارێکی ڕاست و دروست دەکەن. لە پێناو ئەمە، هیچ هۆکارێکم نییە بۆ ئەوەی وام لێ بکات ڕقوکینەم بەرامبەریان هەبێت.

شوقەیری: کاتێک کەسێک هەڵەیەکی بەرامبەرت ئەنجام دا، دوو بژاردەت لەپێشە: یان تووڕە دەبیت لێی، یاخود ئارامگرتن هەڵدەبژێریت. بیرکردنەوە و ئەوەی بەناو ئەندێشەتدا دێت، دەبێتە هۆی ئەوەی ئاڕاستەت بکات و کاردانەوە بەسەر ڕەفتارەکانتەوە دەردەکەوێت. ئەم دێڕەی گاندی ڕەنگدانەوەی کەسێکی هێمن و لەسەرخۆیە: "هەموو ئەو کارانەی بەرامبەرم دەیکەن، بە هۆی بەرتەسکیی ئاوەز و نەزانینیانەوەیە." گاندی باسی سۆز و میهرەبانیی خۆی دەکات بەرامبەریان و هەنگاونان بەرەو ڕووی تووڕەنەبوون و ئارامگرتنی لەسەر کردەوە هەڵەشەکانیان... دەبینین قورئانی پیرۆز باسی هەڵوێستی پێغەمبەر (ﷺ) دەکات بەرامبەر ئەو ساتانەی بەدرۆیان دەخستەوە و بە درۆیان دەزانی.

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿فَلَعَلَّكَ بَٰخِعٌ نَّفۡسَكَ عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِمۡ إِن لَّمۡ يُؤۡمِنُواْ بِهَٰذَا ٱلۡحَدِيثِ أَسَفًا ﴾ الكهف: ٦

واتە: "ئەتـۆ خەریکـی لەداخـا خـۆت بکـوژیو خـۆت بەفتـارە بەری لەخەفەتی ئەوەی: کە ئەوانە بڕوا بەم قورئانە ناکەن، وشەی (لعل) لێرەدا بۆ ئیستیفهامی ئینکارییەو مانای نەهی دەگەیەنێ، واتە: بەو ئەندازە داخو خەفەت مەخۆ ئەوانە شیاوی ئەوە نین تۆ ئەوەندە مەراقیان بۆ بخۆی. لێیـان گەڕێ، ئەوەنـدە بەهەڵوێسـتە نەفامەکانیـان دڵگـران مەبە، تـۆ پێغەمبەریو تەنها راگەیاندنی پەیامەکەی خۆت لەسەر شانە، پەیامی خۆتیان پێ رابگەیەنە جا هەر کەسێک هیدایەتی وەرگرت ئەوە قازانجەکەی بۆ خۆیەتیو کەسێکیش لەسەر گومڕایی خۆی بەردەوام بوو زیانەکەی بۆ خۆیەتیو خۆی سزاکەی دەچێژێ"

ئەمیش سەرزەنشتی خۆی دەکرد لەسەر ئەوەی نەیتوانیوە بڕوایان پێ بهێنێت، خودا دەفەرمووێت:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَٱصۡبِرۡ وَمَا صَبۡرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ وَلَا تَحۡزَنۡ عَلَيۡهِمۡ وَلَا تَكُ فِي ضَيۡقٖ مِّمَّا يَمۡكُرُونَ ﴾ النحل: ١٢٧

واتە: "بەسەبرو ئارامو پشوو درێـژ بە لەبەرامبەر ئەزیەتدانی خەڵکدا، دڵنیاش بە بەسەبرو ئارامیت لەخوداوەیە، ئەگەر یارمەتیو تۆفیقی خودا نەبێ ئەتۆ ناتوانی بەسەبر بی، کەوابێ داوا لەخودا بکە سەبرو ئارامت پێ ببەخشێ تا بتوانی پەرە بەبەرنامەکەی خۆت بدەییو ئەرکی سەرشانت بەئەنجام بگەیەنی!، ئەتۆ ئەی پێغەمبەر! بەپشت هەڵکردنی موشریکەکان لەپەیامەکەت دڵتەنگ مەبە، گوێ مەدەرە هەڵوێستی ناشیرینو بەدرۆ خستنەوەی پێغەمبەرایەتیەکەت. ئەوە تەقدیری خودایەو وای بڕیار داوە!

یان ئەتۆ دڵگران مەبە بۆ شەهیدانی ئوحود، بە×ـەبرو ئارام بە. دڵتەنگ مەبە لەو فرتو فێڵانەی ئەو موشریکانە ئەنجامی دەدەن، بەتێکۆشانی بەردەوامیان بۆ دژایەتی کردنی پەیامەکەت تەنگەتاو مەبە."

یان دەفەرموویت:

قَالَ تَعَالَى: ﴿فَلَا يَحْزُنكَ قَوْلُهُمْ إِنَّا نَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ ﴿٧٦﴾﴾ يس: ٧٦

واتا: ئەی پێغەمبەر!(ﷺ) با تۆ غەمناک نەکا بەرهەڵستکاریو بەدرۆخستنەوەیان، ئەو قسە ناهەقەیان: کە دەڵێن: ئەو بتانە خودامانن، هاوەڵی خودان، شەفاعەتمان بۆ دەکەن، یان: کە دەڵێن: تۆ شاعیری، ساحیری، کوڵەوەنانیو فاڵگرەوەی. غەم مەخۆ چونکە ئێمە نهێنیو ئاشکرایان دەزانین، ئاگامان لێیە چە دوژمنایەتیەک لە دڵی خۆیاندا دەشێرنەوەو چی ئاشکرا دەکەن، سزای سەختی دۆزەخیان پێ دەچێژنو تۆڵەیان لێدەکەینەوە.

ئەمە ئاماژەدانە بە پیشاندانی بێزاری و سەرزەنشتکردنی خۆی. هیچ ئایەتێک نییە ئاماژە بدات بە تووڕەبوونی (فلا تغضب علیهم)، هێندە هەستی نیگەرانی لای پێغەمبەر(ﷺ) هەبووە بەرامبەر گەلەکەی، هیچ هەستێکی تووڕەبوون نەبووە بەرامبەریان، ئەم نیگەرانییەش لە سۆنگەی سۆز و میهرەبانیی ئەوە بەرامبەر بێئومێدبوونی لەوەی بڕوا ناهێنن.

گاندی: هیچ کاتێک ناتوانیت کەسێک بە هۆی کردەوەکانی ڕابردووی هەڵبسەنگێنیت و زیندووی بکەینەوە کە لە ڕابردوودا چیی کردووە، بەڵام زۆر پێویستە پێداچوونەوە بە کردەوەکانماندا بکەین بۆ ئەوەی پەند و ئامۆژگاریی لێ وەربگرین. ئەگەر گونجا، لێوەی فێر بین و بیکەینە وانەیەکی

بەسوود بۆ ئایندەمان. زۆر پێویستە کاتێک بڕیار لەسەر کەسێک دەدەین، بڕیار لەسەر کردەوەکانی بدەین نەک بڕیاردان لەسەر خودی کەسەکە، بەو پێیەی چیی کردووە، نەک ئەوەی هەیە و لە بەردەمتدایە.

دەڵێم: بڕیار لەسەر ڕابردووی کەس مەدە و وازیان لێ بهێنە، بەڵکوو کردەوەی بەدیهێنراو بۆ بەدیهێنەر بەجێ بهێڵە. ئەو کەسەی لە بەردەمتدایە، ملیۆنان هۆکاری لەبەردەستە بۆ ئەو کارەی ئەنجامی دەدات، تۆ لەسەر چ بنەمایەک بڕیاری لەسەر دەدەیت و دادگایی دەکەیت! جیاوازیی زۆر هەیە لەنێوان بڕیاردان لەسەر خودی کەسێک و کردەوەکانیدا. بۆ نموونە؛ عەرەقخۆرێک دەبینین زۆر بیانووی لەبەردەستە، یەکێک لە هاوەڵان بە کەسێکی عەرەقخۆر دەڵێت: "بۆ بەردەوام عەرەق دەخۆیتەوە، بەر نەفرینی خودا بکەویت!" پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرمووێت: "نەفرینی لێ مەکە، ئەوە خودا و پێغەمبەری خۆش دەوێت!" دوای تەواوبوونی؛ بڕیاری شەرعی بەسەریدا دێت و لەتەنیشت پێغەمبەر(ﷺ) دادەنیشێت، لێرەدا خۆشەویست جیاوازیی کردووە لەنێوان عەرەق خواردن وەک پیشەی مەی خواردن و کەسێک کە عەرەقی خواردووە - چاوەڕوانیی چاکە لەم کەسە دەکات-، چونکە گیرۆدە بووە بە خواردنەوە. ئەمە بانگەشەیەکە بۆ بانگخوازان لە کاتی مامەڵەکردن و بڕیاردان و مامەڵەکردن لەگەڵ گەنجاندا، کە بە هۆی کردەوەکانیان یاخود ڕووخساریان بڕیاریان لەسەر نەدەن و بەرفەرمانیان (مەحکوومیان) نەکەن.

جارێکیان ئۆتۆمبێلێک لە پێشمەوە بوو، دەنگی گۆرانییەکەی زۆر بەرز کردبووەوە، بەرفەرمانم کردن بەوەی ئەمانە

گەنجانێکن تیا چوون. چەند ساتێکی نەخایاند کابرایەکی هەژار لەو ناوەدا بوو، بانگیان کرد و هەندێک خێریان پێ دا. زۆرم پێ سەیر بوو، بە خۆم وت: بڕیارم بەسەریان دا، بەبێ ئەوەی هیچیان دەربارە بزانم! کورتە وتە: ئێمە بە هۆی دیمەنی رووکەشییانەوە نازانین ئەوانە کێن، خودا لێیان خۆشنوودە و ئەوانەی خودا سزایان دەدات؛ ڕەنگە هەندێک لە ئایینداره‌کان تاوانێکی بچووکیان هەبێت، بە هۆیەوە خودا سزایان بدات و یاخییەکانیش هەندێک چاکەی بچووکیان هەبێت، خودا بە هۆیەوە لێیان خۆش بێت.

گاندی: من بڕوای تەواوم هەیە پێویستە دایباب لەسەر ڕەوشت و دابونەریتێکی چاکە گەشە بە منداڵەکانیان بدەن، زۆر گرنگی بدەن بە لایەنی ڕۆشنبیریی گشتی و پەروەردەی منداڵ. بەش بە حاڵی خۆم لە هەموو هەنگاوێکدا وانەیەکی گرنگ فێر بووم، ئەگەر خوێندنەوە و توێژینەوەم نەبووایە دەربارەی ئەو بابەتانە، نەدەگەشتمە ئەم ئاستەی ئەمڕۆ گەیشتووم، بەوەی بەرەو باشتر و چاکتر بیانبەم. ئەمڕۆ ئەو فەلسەفەیە بەسەر چووە، دەڵێن منداڵ لە ساڵەکانی گەورەبووندا زیاتر فێر دەبێت، وەک لە پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنیدا. پەروەردەی منداڵ لە ساتی دووگیانبوونی دایک دەست پێ دەکات، حاڵەتی دەروونی و جەستەیی دایک و باوک کاریگەریی تەواوی دەبێت لەسەر کۆرپەلە لە کاتی دووگیانیدا، پاشان ئەم کۆرپەلەیە گەشە بەو فێربوونە دەدات، کاریگەر دەبێت بەو شتانە دایکەکە ئارەزووی دەکات و حەزیان لێ دەکات و ئەو ڕەفتارانە دایکەکە دەیانکات.



ئەگەر بمانەوێت  ئاشتییەکی بەردەوام دروست بکەین
ئێمە پێویستە لە منداڵانەوە دەست پێ بکەین.

ماهاتما گاندی

دوای لەدایکبوونی، منداڵەکە بەردەوام چاو لە دایک و باوکی دەکات. پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک، ئەو منداڵە بەتەواوی پشت بە دایک و باوکی دەبەستێت، بۆیە پێویستە تەواو خۆیان پڕ زانیاری و ڕۆشنبیری بکەن. ئەو دایک و باوکەی ئەم هەستەیان لا دروست نابێت، تەنها بۆ تێربوونی ویستەمەنییە ئارەزووبازییەکانیان کاری سەرجێیی بکەن، تەنها لە کاتێکدا سەرجێیی دەکەن، ئارەزووی نەوەخستنەوەیان هەبێت. من دەمەوێت کۆتایی بەم نەزانینە بهێنرێت دەربارەی ئەو بابەتە، بڕوای تەواوم هەیە سەرجێیی وەک خەو و خۆراک وایە و کارێکی سەربەخۆی خوارسکە لە مرۆڤدا. بەردەوامبوونی مرۆڤ، پەیوەستە بەو ئەندامی زاگەی پیاو و ئافرەتەوە. یاریی گۆڕەپانی ژیانیش، ڕەنگدانەوەی ویست و توانای پەروەردگارە. بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی ڕێکخراوی ئەندامی زاووزێ بەکار بهێنرێت، بۆ ئەوەی جیهانێکی چاک و گونجاومان بۆ بێتە بەرهەم. هەر کەسێک هەست بەم بەرپرسیارێتییە مەزنە بکات، یاسا و ڕێسا دادەنێت بۆ ئەوەی باڵادەست بێت بەسەر ویستەمەنییە هەوەسییەکانیدا. پێش بەرهەمهێنانی، تەواو خۆی پڕ زانیاری دەکات، لە پێناو پاراستنی نەژاد و جەستە و ئاوەز و ڕۆحیان، ئەم زانیارییانەش بە شێوەی فێکردن و پشتاوپشت دەگوازێتەوە بۆ نەوەکانی.

دەڵێم: گاندی فەلسەفەیەکی تایبەتی هەیە، ئەویش ڕەشبینییەتی بەرامبەر ئەوەی مرۆڤ نابێت هۆگری پیادەکردنی ویستەمەنییەکانی بێت و پێویستە لەسەر ئەو پیاوانەی ویستی ئەوەیان هەیە ببن بە پیاوێکی ڕۆحانی،

بەتەواوی واز لە سێکس بهێنن (تەنها بۆ ئەو کاتانەی ئارەزووی خستنەوەی منداڵیان هەیە، سێکس بکەن). ئەم بڕوایەش لەناو فەلسەفەی هیندیدا بنچینەیەکی هەیە لە تیۆری "البراهماتشاریا" وەرگیراوە. ئەم بۆ خوا ژیانەی گاندی ئاماژەی پێ دەکات، دەگاتە ئەو ئاستەی واز بهێنێت لە سەرجێیکردن لەگەڵ خێزانەکەت و هەرگیز سەرجێیی لەگەڵ نەکەیت. ئایینی ئیسلام؛ ئایینی نێوەندگیرییە، ئایینێکە لەگەڵ خواڕسکی مرۆڤ دژایەتیی نایەتەوە، بەڵکوو هەندێک کاری خواڕسکی مرۆڤ هەیە وەک "سێکس بە شێوەی ڕێگەپێدراو"، دەبێتە چاکەیەک و مرۆڤ بە ئەنجامدانی، پلەیەک بەرز دەبێتەوە و دەبێتە جێگەی خۆشنوودیی خودای پەروەردگاری. پیاو لە کاتی نوێژکردندا هەست بە نزیکبوونەوە لە پەروەردگاری دەکات، هەروەها بە سەرجێیی لەگەڵ هاوژینیشی بە شێوەیەکی دروست، بە هەمان شێوە هەست بە نزیکی لە پەروەردگاری دەکات. هەردوو کارەکە، چێژبەخش و خۆشی بەخشە بۆ پیاوی ئایینی و دەبێتە هۆی نزیکبوونەوەی لە پەروەردگار.



خوای گەورە هیچ کاتێک ئەم سنوورانەی دروست نەکردوون، کە لە نێوان وڵاتەکان و نەتەوەکاندا هەیە.

ماهاتما گاندی

## وێنەی گاندی بە نەخۆشی



هەرکەسێک پەندێک یان ئامۆژگارییەکی ئایینەکەی فێری خەڵکی دەکات، دەبێت بە پلەی یەکەم خۆی تێکڕای ئەو تایبەتمەندیانەی تێدا بن.

ماهاتما گاندی

کردەوەکان یەک جۆرن، تەنها بە نییەت و نیازی مرۆڤ؛ جیاوازی و گۆڕانی زۆریان بەسەردا دێت. ئەگەر گەنجێک بە شێوەیەکی نادروست سێکس بکات، لە ڕووی ڕۆحانییبوونەوە دادەبەزێتە نزمترین ئاست. بە هەمان شێوە سێکس بە شێوەیەکی دروست و ڕێگەپێدراو، مرۆڤ بەرز دەکاتەوە بۆ پلەیەکی باڵای ڕۆحانییبوون. ئەمە نهێنیی ئەو تووڕەبوونەیە پێغەمبەر بەرامبەر بە کردەوەکانی ئەو گەنجانە دەریبڕی، کە وتیان ئێمە خەریکی پەرستش دەبین و هەرگیز ژن ناهێنین! پێغەمبەر(ﷺ) خۆشی لەو بڕیارە نەهات، چونکە ئەوە پێچەوانەی سروشتی مرۆڤن و فەرمووی: من هاوسەرگیری دەکەم، هەر کەس پشت بکاتە سوننەتی من، لە ئێمە نییە!

گاندی: ڕۆژوویەک کردەوەکەی کە خۆگرتنەوەیە لە خواردن، بە شتێکی گرنگ دادەنێم. بە هەمان شێوە هێزی مرۆڤیش بە جڵەوگیری نەبێت، ناتوانرێت ڕێک بخرێت و سنووردار بکرێت. شتێکی زانراو و ئاشکرایە بەبێ پێدانی خواردن، بێهێز و لاواز دەبێت. مرۆڤ گومانی نامێنێت لەوەی بە ڕۆژووگرتن، دەتوانێت سنوورێکی بۆ دابنێت و ئارامی بکاتەوە، بەڵام ڕۆژوو کار لە هەندێک خەڵک ناکات، چونکە ئەوان ئەگەر پێیان وا بێت ڕۆژووگرتن ڕێگریکردنە لە خواردن و خواردنەوە، بەڵام هیچ ڕێگرییەک دانانێن بۆ ئاوەزیان و بیرکردنەوە لە کەوتنە ناو تاوانەوە، هەمیشە بیریان لای ئەو خواردنە بێت کە پاش ڕۆژووشکاندن دەیخۆن. نموونەی ئەم جۆرە ڕۆژووانە، نابێتە هۆی ئەوەی هەستی چەشتن یاخود ویستەمەنیی ئارەزووەکان کپ بکاتەوە و سنورداریان بکات. ئەو ڕۆژووە بە ستەم دادەنرێت، ئاوەز هاوکاریی جەستەی برسی بکات،

واتە بەردەوام ئەو شتانەی ڕێگری کراون، جەستە بیانکات، ئەم لای خۆشەویستیان بکات و جەستەی بۆ هان بدات، چونکە ئاوەز بنچینەی هەموو ناکۆکی و ویستەمەنییە ئارەزووییەکانی مرۆڤە. لێرەوە ڕۆژوو دەبێتە کارێکی ملکەچ بۆ ویستەمەنییە ئارەزووییەکان، توانای کپکردن و کوژاندنەوەی ویستەمەنییە ئارەزووییەکان ئەستەم دەبێت، بەبێ ڕۆژوو کپ نابێتەوە.

دەڵێم: خوایە، وتەیەکی زێڕین! وەک ئەو دیمەنە وایە ئێمە لە مانگی ڕەمەزاندا مسوڵمانان دەبینین ئارەزووی خواردنیان زۆر دەبێت و کێشی جەستە و ویستەمەنییە ئارەزووییەکانیان زیاد دەکات، ڕەمەزان دەبێتە مانگێکی پێچەوانەی هۆکاری هاتنەکەی! بۆچی؟ گاندی وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: "ڕۆژووگرتنێکی دەستکرد و ڕووکەشی، هیچ بەرهەمێکی نییە!" ڕاست دەکات، ڕۆژوەکانمان وەک خوونەریت و هۆگربوونی لێ هاتووە، هیچ ڕۆحییەتێکی مەعنەویی تیا نەماوە! لە ئەنجامی ئەمەوە، دەبینین گەنجان دوای بانگی مەغریب بەدوای کچانەوەن. ئێستا زۆر بەتەواوەتی لەو فەرموودە تێگەیشتوون، دەفەرموێت:

"يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ، فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ، وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ، فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ." مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ.

ئەو ڕۆژووەی پێغەمبەر(ﷺ) ئاماژەی پێ دەدات، ڕۆژوویەکی قووڵە کە سەرجەم خانەکانی جەستە بەشدار بن لە دوورەپەرێزی لە هەموو ناپەسەندی و خراپەیەک، تەنانەت ئاوەز و بیرت دوور بێت لە گەڕان و خەیاڵکردن بە شتە

نادروســـــــتەکان. ئەمە ئەو ڕۆژووەیە، ویســـــــتەمەنییە ئارەزووییەکـانی گەنجـان ڕێـک دەخـات. هەسـت بە خەم و پەژارەیەکـی زۆر دەکەم بـۆ خـۆم و بـۆ سـەرجەم بڕواداران، خودا گەنجینەیەکـی بەنرخـی لەنـاو پاکەتێکـدا بـۆ نـاردووین، کەچی ئێمە دەڕۆین لە شـێوە و ڕەنـگ و قەبارە و چۆنیەتیی پاکەتەکە دەکۆڵینەوە، بەڵام ئەو پاکەتە هەڵناپچڕین بۆ ئەوەی سـوود لەو گەنجیـنە بەنـرخەی وەربگـرین، ڕۆژوو ئامـانجی هاتنی نەپێکاوە.

گاندی: وەک چۆن خۆم لە کۆتی خۆشۆردنەکە ڕزگار کرد، بە هەمان شێوە خۆم لە سەرتاشەکە ڕزگار کرد. هەر کەسێک گەشـت دەکـات بـۆ ئینگلـتەرا، لەوێ هـیچ نەبێت فێری قەنـافز چـاککردن دەبـن، بەڵام هـیچ کەس فێـری ئەوە نابێـت چـۆن سـەری خـۆی چـاک بکـات، بۆیە زۆر پێویسـت بـوو مـن خـۆم فێـری ئەو کـارە بـکەم. جارێکیـان لە "بریتوریـا" ڕۆشـتمە لای سەرتاشـێکی ئینگلیـزی، نەیکـرد، پێـی عەیـب بـوو سـەرم چـاک بکات. هەستم کرد ڕەنگە ئازارم پێ گەیاندبێت، بەڵام هێندەی پێنەچـوو مقەسـت و شـانەیەکم کـڕی و لەبەردەم ئاوێنەیەکـدا دەستم کرد بە کورتکردنەوی قژم، بە هەمـوو کەموکورتییەک بەشی پێشەوەم چاک کرد، بەڵام پشتەسـەرم هەر وێران کرد، لە ژووری پـارێزەران بـوو بە هۆسـە و گـاڵتە و پێکەنـین بەو چاککردنە.

"ئەوە گاندی چیت بەسەر هاتووە؟ مشک قژتی خواردووە؟"

وتـم: "نەخێـر، ئەوە سەرتاشـێکی سپیپێسـت بە سـووکایەتیی دادەنا ئەگەر بێتوو سەری ڕەشپێستێک چاک بکات، ئەمە وای

لێ کردم خۆم سەری خۆم چاک بکەم، هەر چەندە ئەنجامێکی خراپی هەبوو."

وەڵامەکەم بەدڵی هاوڕێکانم نەبوو.

لە ڕاستیدا ئەو سەرتاشە تاوانبار نەبوو لەسەر ئەوەی سەرم چاک بکات، ئەگەر سەری ڕەشپێستێک چاک بکات، گومانی تیا نەبوو دەبووە هۆی ئەوەی خەڵک نەڕۆنە لای بۆ سەر چاککردن. ئێمە پاداشتی سەرتاشێک ناکەین بەوەی خزمەتی کەسە چڵکن و پڵکنەکان بکات، ئەمە تۆڵەی ئەو کارانەیە چەندین جار نەک تەنها جارێک لە باشووری ئەفەریقا بەرامبەر سپیپێست ئەنجام دەدرا، من بڕوای تەواوم هەیە ئەمە تۆڵەی هەڵەکانمانە -ئەمە بۆ ئەوە ناڵێم ڕزگارم ببێت لە تووڕەبوون.

شوقەیری: ئەمە بنەمایەکە، کەسە ناوازە و جیاوازەکان کاری لەسەر دەکەن: کۆبیر خستنە سەر ئەو کارانەی تۆ دەتوانیت ئەنجامی بدەیت نەک خەڵکانی دیکە. سەرتاشەکە ڕەدی کردەوە سەری گاندی چاک بکات، ئەویش لەبریی ئەوەی تووڕە بێت و کێشەکە گەورە بکات و سکاڵا تۆمار بکات یاخود بە شێوەیەکی دیکە زیانی پێ بگەیەنێت، زۆر بەسادەیی بڕیاری دا خۆی سەری خۆی چاک بکات. بژاردەی گاندی بەوەی خۆی سەری خۆی چاک بکات و هەموو هەستی تووڕەبوون و دوژمنایەتیی وەلا نا، باشترین و دروستترین چارەسەر بوو بۆ خۆی و پاشان بۆ سەرتاشەکەش. هەمیشە و بەردەوام سەرسامم بەو هەڵوەستانەی لە چەندان جێگەدا گاندی بەرامبەر بە زۆر ڕووداوی ناخۆش، بیانوو بۆ

کەسی بەرامبەر دەهێنێتەوە. ئەمەش بنەمای بیانووهێنانەوەیە بۆ برا بڕوادارەکەت لەپێشتر دەزانێت، لە پێشینە چاکەکانەوە چەندین بەڵگە و فەرموودە لەو بارەوە هاتووە، لەوانە: "حەفتا بیانوو بۆ براکەت بهێنەوە." پاشان دەڵێت: "لەوانەیە بیانوویەکی دیکەی هەبێت، بەڵام تۆ نەیزانیت." ئەمە بنەمایەکی سەرەکییە بۆ کەسێک بیەوێت بەپێی توانا، بەبێ کێشە و سەرئێشە لە دنیا بژی. بنەماکەی ئەوەیە بیانوو بۆ خۆت نەهێنیتەوە، ئەگەر بەرامبەر ڕەفتاری هەڵە بوو. لێرەدا دەڵێم: مرۆڤە ناوازەکان هەمیشە دان بە هەڵەی خۆیاندا دەنێن و بەردەوام چاودێریی لێپرسینەوە لەگەڵ خۆیاندا دەکەن و هەڵەکانیان ڕاست دەکەنەوە، هەمیشە لە هەوڵی گەشەپێدانی و خۆباشترکردندان.

گاندی: ئەوکات بۆم دەرکەوت، هەر چەند مرۆڤ کارەکانی زۆر بوو و بواری زۆر کەمی هەبوو، وەک چۆن کات تەرخان دەکات بۆ نانخواردن، ئاواش کات تەرخان بکات بۆ وەرزشکردن. ئەم لەخۆبوردن و خاکیبوونە هیچ لە کاتت ناگرێت و لە کارت ناکات، بەڵکوو وزە و توانات بۆ کارکردن زیاد دەکات.

شوقەیری: پاک و بێگەردی بۆ پەروەردگار، ئەمە هەمان ئەو بابەتی "جیم" و لەشڕێکی و وەرزشەی ئێستایە، پێش شەست ساڵ لەمەوبەر لای گاندی گرنگیی خۆی هەبووە. پێش ئەویش، خۆشەویستمان(ﷺ) دەفەرمووێت:

"العقل السليم فی الجسم السليم"

"ئاوەزی تەندروست لە جەستەی تەندروستدایە."

پێشنیار دەکەم لە هەفتەیەکدا پێنج بۆ شەش جار بە لایەنی کەم، بۆ ماوەی نیوکاتژمێر ئەنجام بدرێت. وزە نەرێنییەکانت خاڵی دەکاتەوە و وزەی ئەرێنیت پێ دەبەخشێت، لە هەمان کاتدا جەستەیەکی تەندروستت بۆ دەستە بەر دەکات لە کاتی بەساڵاچوونتدا.

گاندی بەپەژارەوە باسی پیس و چەپەڵیی یەکێک لە پەرستگا هیندۆسییەکان دەکات، کە بەسەردان سەری لێ داوە و دەڵێت: لە کۆڵانێکی تەسک و خزدا گەشتمە "هەیکەل"، لەجیاتیی بێدەنگی، هەرا و هۆسە بوو، مێش و مەگەز بەلێشاو لەدەوری حاجییان بە شێوەیەک کۆ بووبوونەوە؛ مرۆڤ بەرگەی نەگرێت. تێرامان و کەشی ڕۆحی؛ خۆی پەنا دەگرت لەوەی نەڕواتە ئەو جێگەیە، بەڵام دەبووایە لە هەمان جێگە پەرستشی خۆت بکردایە. ئەوانەی ڕۆشتبوونە گۆشەگیری و بیرکردنەوەوە، هەموویان بێئاگا بوون لەوەی چی لە دەوروبەریان دەگوزەرێت. بەڵام باشییەکی تیا بوو، ئەویش ئەوە بوو بەکەمی سەرپەرشتیارانی هەیکەلت دەبینی، چونکە ئەو سەرپەرشتیارانە خەریکی ڕازاندنەوە و جوانکردنی دەرەوەی پەرستگاکە بوون، زۆر گرنگییان بە لایەنی مادی و ئەخلاقی دەدا، زۆر گرنگییان بەو لایەنە دەدا. بەڵام بەپێچەوانەوە، لەناو ئەو ناخۆشی و پیسییەدا هەندێک خزمەتکارانم دەبینی، شیرینیی تازە و بووکەشووشەی هاوچەرخیان دەفرۆشت.

کاتێک دەگەشتیتە پەرستگا، لە دەروازەی پەرستگاکە ئینجانەی پڕ لە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ و زەویی ڕازاوە بە بەرد و هونەری شێوەکاریی زۆر نایاب و دانسقە پێشوازیی لێ

دەکردیت، بەڵام بەداخەوە بە هۆی بوونی تۆز و خۆڵی زۆر دێرین و بەبەردبوو و بوونی چەندین پاکەت و پاشماوەی پلاستیکی، گەشتیار نەیدەتوانی چێژ لەو دیمەنە جوانە و گوڵە بۆنخۆشەکانی ببینێت...

پاشان ڕۆشتم بۆ سەر بیری "جنانا-فابی"، لەوێ بەشوێن خوادا گەڕام، بەڵام لەوێش نەبوو، بۆیە ئارەزووم تێک چوو، سەیر دەکەم ئەو جێگەی پێی دەوترێت "جنانا-فابی" -بیرێکی ناسراوە- زۆر پیس و قێزەونە. پاشان ڕۆشتم بۆ لای یەکێک لە قەشەکان بۆ ئەوەی بەشی "بایە"م پێ بدات، بەڵام کە پێی دام، نەمویست وەریبگرم و دام بە دیوارەکەدا، دەستی کرد بە جوێنپێدان و پێی وتم: بە هۆی ئەم سووکایەتیکردنەت، دەڕۆیتە دۆزەخەوە.

هیچ پێم ناخۆش نەبوو.

"گوێ بگرە قەشە! هەر چارەنووسێک چاوەڕوانی من دەکات؛ کێشەم نییە، بەڵام نابێت پیاوێکی ئایینی وەک تۆ، ئەم جۆرە وتانە بڵێت. دەتوانیت ئەم "بایە"م پێ بدەیت، ئەگەرنا ئەوە لەدەست دەدەیت."

وەڵامی دامەوە: "لێرە بڕۆ، پێویستمان بە 'بایە'ی تۆ نییە." پاشان یەک لێزمە جوێنی دیکەی پێ دام.

بەشە خۆراکەکەی خۆم خوارد و پاشان ڕێگەی خۆم گرتە بەر، پێم وا بوو بەراهیمییەکە بایەکەی خۆی لەدەست دا، منیش بردمەوە، بەڵام کاهینێکی دیکە وەک ئەوی دیکەیان نەبوو، ئاوڕی لێ دامەوە و وتی: "زۆر باشە، وەرە بایەکەی

خۆتم پێ بدە، من وەک تۆ ناکەم، ئەگەر پێم نەدەیت، تووشی خراپە دەبیت." منیش پێم دا و ڕۆشتم.

شوقەیری: جگە لە یەک وشە، هیچم بۆ نووسین نییە: حەج! مـن وای دەبیـنم گانـدی باسـی حـاڵی حەج دەکـات! هەر کەس بڕوات بۆ حەج، دەزانێت حـاڵی حەج چۆنە، هەمـوو کۆڵان و شـەقام و گەڕەک و زەویـی مینـا و عەرەفـات پـڕ دەبێـت لە خـۆڵ و خاشـاک و پاشـماوەی پەرداخ و دەبەی پلاسـتیک و شووشە و پاشماوە... هەمووی یەک توێژی ئەستووری پیس و پاشماوەی خۆراکی لە زەویی عەرەفات دروست دەکەن. ئەمە چ ڕۆحـانیەت و ئاییـنداریيەکە لە هەمـوو کـووچە و قـوژبنێکی دونیـاوە ڕوویـان کـردووەتە عەرەفـات بـۆ پەرسـتش، کەچی بچـووکترین ڕێـز و بەهـا بـۆ ئەو جـێگە پیـرۆزە دانـانێن خـودا بۆیانی داناوە! پرسیارێک! ڕەنگە هەندێک پێیـان نـاخۆش بێت: ئایا بەرئاوەزە، دیزنی لاند لە عەرەفات پاکتر بێت؟ ئایا دەچێتە ئـاوەزە سـەردانیکەرانی دیزنـی لانـد، لە میوانـانی مـاڵی خـودا باشـتر یاسـا و ڕێسـا ژینگەییەکـان بپـارێزن؟ تەنهـا ئەوەندەم هەیە بۆ نووسین!

گاندی: مرۆڤ و کارەکەی دوو شتی زۆر جوانن، لە هەمان کاتدا ناکرێت کاری چاکە بە چاکەکردن و خراپە بە خراپەکردن بەراورد بکرێن، چونکە بکەری ئەو کارە بە باش بێت یاخود بە خـراپ، هەمیشـە شـیاوی ڕێزلێگـرتن و بەزەییپێـداهاتنەوەیە. یاسـایەک هەیە: "ڕقـت لە خـراپە بێـت نەک لە خراپەکـار." زۆر بەکەمـی ئەم یاسـایە جێبەجـێ دەکرێـت، لەگەڵ ئەوەی زۆر

ئاسان لێی تێدەگەیت. هۆکاری بڵاوبوونەوەی تووی ڕقوکینە و بێزراندن، لەمەوە سەرچاوە دەگرێت.

شوقەیری: ئەم وتە بەهێزە، بە کۆمێنت نووسینی خۆم لاواز ناکەم.

گاندی: ئەو فێرکارییانەی بۆمان هات دەربارەی ئەوەی چەند بەشێک لە دەرمانی براندی و کونیاک (دوو ماددەی کحولین)، بەڵام پەرستارەکە جیا لەوەی کە هەیە، باسی کاریگەریی دەرمانەکەی کرد، بەڵام هیچ کەسێک لە ئێمە ڕەزامەندیی نەنواند براندی بخوات، وەک ئەو دەیدا بە نەخۆشەکان. من هیچ بڕوام بە کاریگەری نەکرد تەنانەت لەسەر نەخۆشەکانیش، سیان لە نەخۆشەکان وتیان ئێمە بەکاری ناهێنین، خۆیان بە قوڕ تیمار کرد، قوڕ و خۆڵیان دا لە سەریان و هەندێک قوڕیشیان دا لە سینگیان. لەو سێ کەسەیان؛ دووانیان ڕزگاریان بوو، بەڵام ئەو بیست کەسەی دیکە (کە شوێن وتەی پەرستارەکە کەوتن و ڕەزامەندییان نواند براندی بخۆن) لەناو کۆگاکەدا مردن.

لەو ماوەیەدا شارەوانی بڕیاری دا ڕێوشوێنی دیکە بگرێتە بەر بۆ ئەو نەخۆشییە، لە ویلایەتی "جۆهانسبۆرگ" سنووردارکردنی تەندروستی لەسەر نزیکەی حەوت میلی ئەو ناوچە دانرا. ئەو پەرستارانەی هێشتا زیندوو بوون، گوازرانەوە بۆ دوو چادر کە لەنزیک سنووردارکردنەکە هەڵدرابوو. هەر چی تووشبوو هەبوو بەو نەخۆشییە، گوازرانەوە بۆ ئەو نزیکانە و بارگرانی لەسەرمان ئاسان بوو.

له چەند ڕۆژێکی دواتردا بۆمان دەرکەوت پەرستارە چاکەکە تووشی نەخۆشییەک بووە و کتوپڕ مردووە. نەمتوانی داوای لێبووردنی لێ بکەم و بۆی باس بکەم کە ئەو خەڵکە چۆن ڕزگاریان بوو لەو نەخۆشییە، بەڵام ئەم ئەزموونە زیاتر بڕوابوونی بە چارەسەری ڕیشەیی لا دروست کردم، لە هەمان کاتدا زیاتر گومانم لەسەر "براندی" وەک دەرمان لا دروست بوو. من بڕوای تەواوم بەوە هەبوو ئەم دڵنیابوونە زۆر و گومانەم لەسەر بنەمایەکی جێگیر و بەهێز بونیات نەناوە، بەڵام هێشتا پارێزگاری لەو سروشتە دەکەم لەو کاتەدا فێری بووم.

شوقەیری: ئایا سەرسام نین بەو بڕوا بەهێز و جێگربوونەی گاندی لەسەر مەبدەئەکانی (پیاوێک وازی لە مەی و ماددە کحولییەکان هێنا لە پێناو مەبدەئەکانی، هەر چەند ئەو کارەی مەترسیی لەسەر ژیان دروست کردبوو)!

گاندی: لێرەدا ئاماژەدان بەم ئەزموونانە، مەبەستم ئاماژەدان بە سەرکەوتنەکان نییە. ناتوانرێت باسی ئەوە بکەیت کە سەرکەوتنی تەواوم تیا بەدەست هێناوە، تەنانەت پزیشکەکانیش ناتوانن بەم ڕێژەیە باسی ئەوە بکەن سەرکەوتنیان تیا بەدەست هێناوە. من دژی ئەوە نیم هەر کەسێک ویستی کارێک بکات سەرەتا لە خۆیەوە دەست پێ بکات، چونکە ئەمە وا دەکات کارەکە خێراتر ڕاپەڕێنێت، بەڕاستی هەمیشە خودا پارێزگاریی ئەو کەسە دڵسۆزانە دەکات بۆ خۆیان تاقیکردنەوەکە ئەنجام دەدەن.

شوقەیری: چۆن کەسێک لە ژیانیدا یەک جاریش بەڕێوەبردن و هونەری بەڕێوەبردنی نەخوێندبێت و ئەزموونی نەکردبێت،

باسی هۆکارەکانی سەرکەوتنی بەڕێوەبردن بکات؟ یاخود کەسێک هەمیشە تووڕەیە، کەچی باسی چۆنێتیی کۆنترۆڵکردنی تووڕەیی بکات؟ بەڕاستی پێویستە مرۆڤ خۆی بۆ خۆی دەرمان تاقی بکاتەوە، بۆ ئەوەی کاریگەریی توانای دەرمانەکەی بۆ دەربکەوێت، پاشان بیدات بە خەڵکی دیکە. کەسێک هیچی پێ نەبێت، شتێکی بۆ بەخشین نییە.

شتێکی خۆش لە خۆمدا ڕووی داوە، لەم ڕۆژانەدا لەگەڵ خەسووم قسەمان دەکرد، گلەییەکی لێ کردم لەسەر ئەوەی بەبەردەوامی سەری لێ نادەم و کەم کەم دەڕۆم بۆ لای و پەیوەندیی لەگەڵ دەکەم، بەتانەوە پێی وتم: ئەحمەدی بەرنامەی ڕازەکان بۆ دیار نیت؟ هەر لە تیڤی قسە و ئامۆژگاریی بۆ خەڵک دەکەیت و خۆشت دەنگت نییە! منیش بەپێکەنینەوە وتم: وەرە یەک زنجیرەم بۆ بهێنە باسی توندوتۆڵیی پەیوەندیی خزمایەتی و سیلەی ڕەحم بکەم! چونکە من هەرگیز باسی ئەو بابەتە ناکەم، دەزانی بۆ؟ لەبەر ئەوەی من هەست دەکەم کەسێکی کەمتەرخەمم لە بەستنی پەیوەندیی خزمایەتیدا، بۆیە هەمیشە خۆم بەدوور دەگرم لەوەی لەسەر شتێک ئامۆژگاریی خەڵکی بکەم و لە خۆمدا بوونی نەبێت.

گاندی: لێرەدا دەمەوێت ڕووی دەمم بکەمە "براهماتییەکان" و هۆشداریان بکەمەوە. لەگەڵ ئەوەی بەڵگەی تەواوم هەیە لەسەر ئەوەی پەیوەندییەکی خۆشەویستی هەیە لەنێوان خۆراک و براهماتیدا، هیچ گومانی تیا نییە ئاوەز بنەمایەکی سەرەکییە، ئەو ئاوەزەی هۆشداریی نەبێت، ناتوانێت بەدروستی ڕۆژوو بگرێت. دوورکەوتنەوەش لە خواردن، هیچ کاریگەرییەک لەسەر ڕۆژووی ئاوەز ناکات، چونکە ئارەزووی

ئـاوەز بە تـاقیکردنەوەی دەروونـی نەبێـت؛ تـاقی نـاکرێتەوە، دەبێت بەیەکجاری بە خـودا و بەخشـینەکانی ڕۆژی قیامەتی بسـپێریت، چـونکە پەیوەنـدییەکی تـۆکمە لەنێـوان جەسـتە و ئـاوەزدا هەیە. ئـاوەزی مـاددیی مـرۆڤ، هەمیشـە ئـارەزوو و تێرکردنی ویستەمەنی و زیادەڕەویدانە لە گرنگیدان بە جەستە. بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ ئەم زیادەڕەوییە دابنێین، کۆت خستنە خواردن و کەمکردنەوەی؛ باشترین چارەسەرە. ئاوەزی ماددی لەجیـاتیی ئەوەی کـۆنترۆڵی جەسـتە بکـات، دەبێـتە کـۆیلە و شوێنکەوتەی ویستەمەنییەکانی، بۆیە جەستە پێویستی بەوەیە خــواردنی پـاک و وروژێـنەری نەدرێتــێ و جـار جـاریش ڕۆژووی پێ بگرین.

ئەوانەی خــــواردن ســــنوردار دەکەن و ڕۆژوو دەگــــرن، سەرکەوتوو نابن بە ئەندازەی ئەو کەسـەی کە کۆتی داناوە و ڕۆژووی گرتـووە، بەڵام هێشـتا نەیتوانیـوە کۆنترۆڵی ئـاوەزی بکات، نەیەڵێت سنووربەزێنی بکات. بە یارمەتیی ئـاوەز نەبێت، ناتوانرێت سەرکێشییەکانی کۆنترۆڵ بکەیت.

شـوقەیری: تێبینـیم لەسـەر ئەم بـابەتە لەسـەر "براهتشـاریا"، هاوڕام لەگەڵ گاندی، چونکە مـرۆڤ ناتوانێت بەتەواوی پشت بکـاتە سـێکس، بەڵام پێویسـتە هەوڵ بـدرێت سـنوردار بکرێت، بەڵام زیادەڕۆیی لە زۆر کردن و کەم کردن نەکرێت. هەروەها هاوڕام لەسەر ئەو ئاماژەی دەیدات لەسـەر ڕێکخستنی بیر و ئەندێشـە. چەنـد پیـاو هەیە بە جەسـتە ناپـاکی لە هاوسـەری ناکـات، بەڵام بە بیـر و ئەندێشـە چەنـدان جـار ناپـاکیی لێ کـردووە، چەنـدین بار ئەم کارەی دووبارە کردووەتەوە، هەر چەنــد ناتوانیــت بڵێــین ئەمە چەنــدین، چــونکە هێشــتا

نەگەیشتووەتە ئاستی پیادەکردنی ئەو کارە، بەڵام گومانی تیا نییە ئەمە تـاوانێکە دەرحەق بە ڕۆح و ڕووشـاندنی هەسـت و نەست و شێواندنی پاکیی دەروون دەکرێت، گومانی تیا نییە ئەم ناپاکییە وا دەکات ئاوەز و ڕۆحی مرۆڤ بەرز و باڵا نەبن لە دەروونـی مرۆڤدا... لێرەدا ئامـاژەیەکی بچووک دەدەیـن بە ڕۆڵی پاراستنی چاو لەو شتانەی ڕێگەپێنەدراون. سـەیرکردنی شـتی نادروسـت، کـارەکتەرێکی سـەرەکییە لە ورووژانـدنی ئاوەزی مـرۆڤ. مـن لەخۆمەوە ئەوە فێر بووم، کاتێک چاوم دەپـارێزم، هەسـت بە بەرزبـوونەوەی پـاکیی ڕۆحـی و سـافیی دەروونم دەکەم، بەڵام هەر کاتێک بەرەڵام کرد و نەمپاراستن، هەست بە پەستی دەکەم، تەنانەت وا دەزانم دڵیشم کۆتوبەندە. بـۆیە لات سـەیر نەبێـت کاتێـک قورئـانی پیـرۆز پەرتـووکێکە گرنگی بە بنەمـا سـەرەکییەکان دەدات، بەڵام لە هەمـان کاتـدا ئاماژەدان بە پاراستنی چاوی کردووەتە یەکێک لەو بنەمایانەی باسـیان دەکـات بـۆ ئەو کەسـانەی دەیانەوێـت لە ڕووی ڕۆحییەوە بەرز ببنەوە.

(ئاماژەیەک: پاراستنی چاو وەک چۆن لەسـەر پیاو پێویستە، بە هەمـان شێوە لەسـەر ژنانیش پێویستە. کچان لەم ڕۆژانەدا چاوەکانیـان ناپـارێزن و بەرەڵایـان کـردووە، بیرکـردنەوە و خەیـاڵ و ئەندێشـەیان سـەرقاڵە بە هونەرمەنـد و گـۆرانیبێژ و سینەماکارەکان، هەر ڕۆژە و کەسێک دەردەکەوێت و بیری لێ دەکەنەوە. ئەم کارە دەبێتە هـۆی تێکشکانی لایەنی دەروونیی کچان بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەن، هەر چەند ڕەنگە تەنها هەر قسەکردنێکی سادە بێت لەسەر ئەو کەسانە، بەڵام نازانێت چەند کاریگەریی نەرێنیی لەسەریان دەبێت، چونکە بیرکردنەوە

و قسـەکردن لەسـەر ئەو شـتانە، ڕۆحیـان دەڕوشـێنێت وەک چۆن ئاسن؛ ڕوونی و جوانیی ڕووی ئاوێنە دەڕوشێنێت.)

گاندی: قوتابخانەیەکمان بۆ دروست کردن، پێم وا بێت چوار بوو یاخود پێنج منداڵی مسوڵمانی تیا بوو، هەمیشە هانم دەدان و هاوکاریم دەکردن لەسەر ئەوەی دەست بگرن بە پاراستنی تەواوی سرووتە ئایینییەکان، زۆر پێداگریم دەکرد بیانبینم نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن، هەروەها منداڵانی مەسیحی یاخود پارسییەکان، بە ئەرکی خۆم دەزانی هانی هەموو شوێنکەوتووانی ئایینەکان بدەم لەسەر ئایینەکانیان.

وام لە منداڵانی مسوڵمان دەکرد کە گرنگیی بە ڕۆژوەکانیان بدەن و بیگرن، هەروەها خۆیشم ڕاهێنابوو لەگەڵ هیندۆسییەکاندا ڕۆژووی "برادوشا" بگرم، هەروەها داوام لە منداڵانی هیندۆس و مەسیحی دەکرد بەشدار بن لەو ڕۆژووەدا. هەمیشە ئەوەم بۆ ڕوون دەکردنەوە باشترین شت ئەوەیە خۆمان ڕابهێنین لەسەر ڕەوشتی خۆنەویستی. زۆربەی جووتیارانی ئەو ناوچە پێشوازییان لە کارەکەم کرد، بەڵام هەرگیز وردودرشتی بابەتەکەم بۆ منداڵە مەسیحی و مسوڵمان و پارسییەکان باس نەدەکرد، چونکە ئەوەم بە گرنگ نەدەزانی بۆیان. منداڵانی مسوڵمان نانیان نەدەخوارد تا ڕۆژ ئاوا دەبوو، بەڵام ئەوانی دیکە ئەو کارەیان نەدەکرد، بەڵام هانم دەدا باشترین و خۆشترین خواردنیان بۆ ئامادە بکەن و هاوکارییان بکەن. لەپای ئەوەی هیندۆسەکان ڕۆژوویان نەدەگرت، بە پێویستم دانابوو لەسەریان نان نەخۆن بەبەر چاویانەوە. جگە لە مسوڵمانەکان، سەرجەمیان ئاویان دەخواردەوە.

شوقەیری: مەبەست لە وشەی برایەتی چییە؟ ئەوەی گاندی باسی دەکات، هەموویان خۆیان لە یەک وشەدا یەک دەگرنەوە، ئەویش وشەی "خۆنەویستییە"، لەگەڵ ئەوەی ئەم بابەتە جیاوازیی نییە لەسەر بنەما و بیری گاندی. هیوادارم لە میانەی ئەم برایەتییەی گاندی باسی دەکات، مسوڵمانەکان ڕێز لە شوێنکەوتەی ئایینەکانی دیکە بگرن. کاتێک مەسحییەکان بە شێوەیە تایبەتی خۆیان بەڕۆژوو دەبن، ئەوە هیچ تاوانێکی تیا نییە، چونکە ئەوە لە فێرکاریی ئایینی خۆیاندا هەیە، ڕۆژووی ئەوانیش لای پەروەردگار تیابەتمەندیی خۆی هەبووە، چونکە سەرەتا فێری مەسیح کراوە، مەسیحیش پێغەمبەرێکە لە پێغەمبەران. ئاماژە بە جۆرێکی جیاواز لە ڕۆژووگرتن دەکەین، کە خودای پەروەردگار باسی دەکات و دەفەرموێت:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿فَكُلِي وَاشْرَبِي وَقَرِّي عَيْنًا ۖ فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ الْبَشَرِ أَحَدًا فَقُولِي إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَٰنِ صَوْمًا فَلَنْ أُكَلِّمَ الْيَوْمَ إِنسِيًّا ﴿٢٦﴾﴾ مريم: ٢٦

واتە: "لەو خورمایە بخۆو لەو جۆگە ئاوەش بخۆرەوە عافێتت بێو نەوشی گیانت بێ، چاوو دڵت ڕۆشەن بەو منداڵە جوانەی بووتە، غەم و پەژارە لەخۆت دوور بخەرەوە، دڵتەنگ مەبە، چونکە پەروەردگار دەتوانێ پاک دامێنی تۆ بچەسپێنێو قسەو قسەڵۆکی گومڕایانت بۆ بەرپەرچ بداتەوە، ڕاستی ڕوداوەکە بۆ خەڵکی دەربکەوێ، پاکیو بێ تاوانی تۆ بۆ خەڵکی ئاشکرا ببێ. هەر کەسێکت لەئادەمیزاد بینیو ڕووبەڕووی بوویەوەو پرسیاری لێ کردی دەربارەی ئەم منداڵەو چۆنیەتی لەدایکبوونی، ئیشارەتیان بۆ بکە، بەقسە نا بەڵکوو بەشێوەیەک لەشێوەکانی تێگەیاندن

و فێر بوون تێیان بگەیەنە: کە من بۆ خودا بەڕۆژوم و بڕیارم داوە لەگەڵ هیچ کەسدا قسە نەکەم."

ڕۆژووی مەریەم، قسەنەکردن بوو. ڕۆژوو بریتییە لە جڵەوگیریی خود بە سەرجەم شێوە سوودبەخشەکان، سوننەتێکە لە سەرجەم چاخ و سەردەمێکدا بوونی هەبووە. لەجیاتیی ئەوەی دەست بکەین بە جەنگە دەمی و مشتومڕی توند لەگەڵیان کە ڕۆژووی ئێمە باشترە لە ڕۆژووی ئێوە و ڕەخنە و تانەوتەشەریان لێ بدەین خەڵک لە ئایینی خودا هەڵبێت، پێویستە هونەری یەکگرتن و برایەتی پیادە بکەین (لەگەڵ ئەوەی ئەم پێکەوەژیانە کارێکە پێچەوانەی بنەما سەرەکییەکانی ئایینی ئیسلام نییە و بگرە هانیشمان دەدات لەسەری).

گاندی: ڕۆژوو ناتوانێت جڵەوی ئارەزووە ئاژەڵییەکان بکات، تا بەتەواوی جڵەوگیریی خود نەکەیت و نەیخەیتە ژێر دەستی خۆت. هەندێک لە هاوڕێیانم باسی ئەوەیان دەکرد کاتێک بەڕۆژوو دەبن، ئارەزوو و خواردن و ویستەمەنییەکانی دیکەیان دەورووژێت، ئەمە واتای ئەوەیە ڕۆژووەکەیان نەیتوانیوە سنوورێک دابنێت بۆ ئەوەی خود جڵەوگیر بکات. لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بدەین بە چەند دێڕە هۆنراوەیەکی بەشی دووەمی "باگافادجینا"، کە دەڵێت:

شتە بەرجەستەییەکان لەپێش چاوی

ئەو ڕۆژووەوانانە ون دەبێت کە جڵەوگیریی خودیان کردووە

بەڵام ئەم جۆرە ڕۆژووە وا دەکات مرۆڤ لە جێگەیەک کۆت بکات

بەڵام کاتێک ڕۆژووەوان بە چاوی کاهینی مەزن چاوی دەڕەشێت

ئەو خودی ئەو جێگەشی لەبەر چاو ون دەبێت تیایدا کۆت کراوە.

کەواتە: ڕۆژووگرتن و هەموو یاسا هاوشێوەکانی دەڕواتە سەر ئەو ڕێگەی دەگاتە جڵەوگیریی دەروونی، بەڵام ئەمە هیچ سوودێکی نییە، ئەگەر ڕۆژووی جەستەیی؛ هاوکار و تەواوکەری ڕۆژووی ئاوەزی نەبێت و پێکەوە بەڕۆژوە نەبن، ئەگەر وا نەبێت، ئەو ڕۆژووە تەنها ڕوپامایيە و خۆماندووکردنە.

شوقەیری: هیچ وشەیەکم بۆ وتن نییە. ئەمە پەیامێکە بۆ هەموو بڕواداران، کاتێک لە مانگی ڕەمەزاندا بەڕۆژوو دەبن!

گاندی: مامۆستای قوتابخانە لە دووریی چەند میلێکەوە دوورە لە خوێندکارەکانی، بە ڕێگەی ئەو ژیانەی دروستی دەکات. ئەگەر تۆ کەسێکی درۆزن بیت، شتێکی پووچ و بێبنەمایە بڵێیت منداڵەکەم فێری ڕاستگۆیی دەکەم، مامۆستای ترسنۆک هەرگیز ئاسوودە نابێت لەوەی بتوانێت خوێندکارەکەی فێری چاونەترسان بکات، ئەوەی نەتوانێت خودی خۆی جڵەوگیر بکات، هەرگیز ناتوانێت خوێندکارەکانی فێری جڵەوگیریی دەروونی بکات. من وای دەبینم، پێویستە تۆ نموونەیەکی جاویدانی و زیندووی نەمری و باڵا بیت بۆ ئەو کوڕ و کچانەی لەگەڵت دەژین. مامۆستاکانی من بەو شێوەیە

بوون. فێری ئەوە بووم کەسێکی چاکەکار بم و ژیانێکی ڕاست و جێگیر ببەمە سەر، ئەگەرچی لە پێناوی ئەوانیشدا بێت. دەتوانم بڵێم لە کێڵگەی تۆلستۆی فێری جڵەوگیریی خود و بەرنامەڕێژیی ژیانم بووم و توانیم ئەو کەسانەی کە من بووبوومە سەرپەرشتیان و تەمەنیان کەم بوو، ئەو بەها باڵایانەیان فێر بکەم.

شوقەیری: بۆ هەموو ئەوانەی سەریان سوڕ دەمێنێت بە حاڵی گەنج و لاوەکانمان لەم سەردەمەدا، پێیان دەڵێم سەیری قوتابخانە و قوتابییەکان بکەن، پێت سەیر نییە؟ کاتێک گوێت لە منداڵێکی چوار ساڵانە جنێوێکی زۆر ناشرین دەدات، لە کێ فێری ئەو بەدگۆییە بووە؟ ئەو دەروونە پاک و بێگەردە لە کوێوە فێری ئەو وشە نەشیاوانە بووە؟ یان لە خێزانەکەی لە ماڵەوە، یاخود لە مامۆستاکانی لە قوتابخانە فێر بووە! توندوتیژی لە قوتابخانەکان بەربڵاوە، لە کوێوە فێر بوون؟ لە باوێک کە لێی دەدات، یاخود لە قوتابخانەیەک کە هیچ سۆز و میهرەبانیی تیا نییە! باوکێک جگەرەی بە دەمەوەیە و بە منداڵەکەی دەڵێت: کوڕم، جگەرەکێشان زیانی هەیە! ئەمە چ گاڵتەجارییەکە! دەبینی هەندێک مامۆستا لە کافتریایەک یاخود نێرگەلەخانەیەک تا نیوەی شەو خەریکی نێرگەلەکێشانە، دەپرسن بۆچی خوێندکاران تا نیوەی شەو خەریکی نێرگەلەکێشانن! سبحان الله خۆمان تۆوی شەوبێداریمان چاندووە و ئێستا گەنجەکانمان جگە لە شەوبێداری، هیچ نییە بیدوورنەوە. خۆمان تۆوی توندوتیژیمان چاندووە، ئێستا گەنجەکانمان توندوتیژی نەبێت، هیچ نییە بیدوورنەوە! ئایا

کەسێکتان بینیوە داری سێو بنێت و دوایی چاوەڕوان بێت پرتەقاڵ بەرهەم بهێنێت؟ بەیانیت باش لە شەودا.

ئەم بڕگەی خوارەوە یەکێکە لە جوانترین ئەو شتانەی خوێندوومەتەوە، ئەو شتەی گاندی لەسەر هەڵەکردنی دوو خوێندکاری لە ماوەی نەبوونی خۆی لایان نووسیویەتی؛ بیخوێننەوە. بیخوێننەوە و فرمێسکی چاوەکانتان بسڕن، لەبەر ئەوەی نموونەی ئەوە زۆر بەکەمی دەبینرێت و بەرچاو دەکەوێت!

گاندی: لەو چەند ڕۆژەدا بوو گەشتێکم هاتە پێش لەنێوان "جوهانسبورگ" و "فونیکس". ڕۆژێکیان لە جوهانسبورگ بووم، هەواڵی ئەوەم پێ گەیشت کێشەیەکی ڕەوشتی لەنێوان "ئەشرەم" و "زاویە"دا ڕووی داوە. ئەو هەواڵە هێندەی هەواڵی شکستهێنانی "بنەمای ناتوندوتیژی" ناخۆش بوو بەلامەوە، ئەو بەڵایە زۆر کاریگەریی لەسەرم دانا. کاتێک ئەو هەواڵەم بەدەست گەشت، وەک ئەوە وا بوو هەورەبرووسکە لێی دابێتم. لە هەمان ڕۆژدا سواری شەمەندەفەر بووم بۆ "فونیکس". "کاینباتش" پێداگریی کرد لەگەڵم دەگەڕێتەوە، ئەو تێبینیی ئەو حاڵەی کردبوو منی تیا بوو، ڕێگەی بە خۆی نەدابوو من بەتەنها بەجێ بهێڵێت، ڕێک کەوتین بەیەکەوە بێینەوە بە هۆی ئەو هەواڵەی پێمان ڕاگەیانرابوو.

لە ماوەی گەشتەکەمدا، ئەرکەکەم هەموو هێنایە پێش چاوی خۆم. هەستم کرد ئەو مامۆستای دامناوە بە بەرپرسیان، ڕەنگە بەشێکی کەمیش بێت بەشدارە لە کێشەی ئەو دوو خوێندکارەی، وەک ڕۆژی ڕووناک کەمتەرخەمیی منیشی تیا

بوو لەم هەڵەیە، پێشتریش هاوسەرم هۆشداریی پێ دابووم لەم دەرئەنجامەی کە ڕووی داوە، بەڵام بەو سروشتەی هەمە متمانە بە هەموو کەسێک بکەم، وای لێ کردم ئەو هۆشدارییە پشتگوێ بخەم. لەو کاتەدا هەستم کرد پێویستە وەک چۆن تاوانبار کاتێک دان بە تاوانەکەیدا دەنێت و دەزانێت تاوانی کردووە و پێویستە لەسەری کەفالەت و باجی تاوانەکەی بدات، منیش کەفالەتم لەسەرە، بۆیە لەسەر خۆم پێویست کرد حەوت ڕۆژ بەڕۆژوو بم، هەروەها لەسەر خۆم پێویست کرد کە پێویستە بۆ ماوەی چوار مانگ و نیو تەنها یەک جۆر خواردن بخۆم. هەر چەندە بەڕێز "کالینیاتش" زۆر ستایشی کردم کە من شیاوی ئەو کەفالەتە نیم، بەڵام سوودی نەبوو، لە کۆتاییدا ئەویش دانی نا بەوەی ئەو کەفالەتەم لە جێگەی خۆیەتی.

هەستم کرد ئەم بڕیارەم زۆر شتی لەسەر شان لا بردم، چونکە ئەو بڕیارە بارگرانییەکی زۆری لەسەر ویژدانم ڕەواندەوە، تووڕەییم بەرامبەر تاوانبارەکان نەما و بوارێک بۆ چاوپۆشی و هاوسۆیم بەرامبەران دروست بوو. گەشتمە "فۆنیکس" تووڕەییم نەمابوو، هەندێک لێکۆڵینەوەی نوێم دەست پێ کرد، گەیشتمە هەندێک سەرەداو و هەندێک ڕووداوی نوێ کە تامەزرۆی زانینی بووم.

ئامانجی من ئەوە نەبوو بۆ هەموو ڕووداوێک دەست بکەم بە ڕۆژووگرتن و سزادانی خۆم، یاخود بیکەم بە بەرنامە و مامۆستا لەسەر هەموو هەڵەیەکی خوێندکارەکەی؛ ئەم سزا قورسە بەسەر خۆیدا بدات، بەڵام هەندێک بۆنە هەیە پێویستی بەم چارەسەر توندە هەیە، بەڵام هەموو ڕووداوێکی وەها پێویستی بەوە هەیە سەرەتا بەدواداچوون و شەنوکەوی

بکەیت تا دەگەیتە ئەنجامێک. خۆشەویستیی ڕاستی لەنێوان خوێندکار و مامۆستا بەو شێوەیە دروست دەبێت، هەر چەندە مامۆستا بەرپرس نییە لە هەموو هەڵەیەکی خوێندکارەکانی.

شوقەیری: خوایە گیان! پێویستە ئەم چیرۆکە لە ژووری هەموو مامۆستایەکدا هەڵبواسرێت، هیوادارم ئەم چیرۆکە چاپ بکرێت و بدرێت بە هەموو ئەو مامۆستایانەی سەرەتایانە و دەیانەوێت وانە بڵێنەوە. تکاتان لێ دەکەم ئەم چیرۆکە بخوێننەوە، بیدەن بە هەر مامۆستایەک کە دەیناسن! ئەمە بەرزترین پەلەیە پێویستە مامۆستا پێی بگات، ئەویش هەستکردن بە بەرپرسیارێتییە بەرامبەر کەموکورتی و کەمتەرخەمییەکانی و تەنانەت سزادانی خۆی لەسەر کەمتەرخەمییەکانی.

ئەم پەرتووکە بە وتەی خۆم کۆتایی پێ ناهێنم، بەڵکوو بەو وتەی گاندی کۆتایی پێ دەهێنم لە گەشتەکەیدا بەدوای ڕاستیدا بەکورتی باسی دەکات، ئەو گەشتەش هەموو کەسێک تیایدا بەشدارە، بڕوادار و مسوڵمان بێت یاخود بێباوەڕ.

گاندی: هەمووان بەدوای ئەو ڕاستییەدا دەگەڕێین بمانگەیەنێت بە ئاشتەوایی ناخی بۆ ڕێنوماییکردن و دەستگرتمان بە پەیوەندیی توندوتۆڵ لەگەڵ بەدیهێنەردا. خودا ئەو ڕاستییە بە من و ئێوە بگەیەنێت، بۆ ئەوەی ببێت بە بیرۆکە و ئەندێشە لە ئاوەزماندا، ببێت بە ئەزموونێکی زیندوو لە جەستە و تێکەڵ بە مێشک و دەمارمان ببێت... ئامین! بۆ ئەوەی مرۆڤ؛ ڕۆحی ڕاستی بەتەواوی و بەڕوونی ببینێت، پێویستە لەسەری بێکەڵکترین بەدیهێنراوی وەک خۆی خۆش

بوێت... ئەو مرۆڤەی ئاوات بەم ڕاستییە دەخوازێت، ناتوانێت هیچ بوارێک لە بوارەکانی ژیان ڕەد بکاتەوە، ئەمەش ئەو هۆیە بوو کە لە ڕاستیی پەرستن، بۆ بواری سیاسیی بردم. بەبێ دوودڵی و بەبێ گومانییەوە ئەو وتەیە دەڵێم: ئەوانەی دەڵێن ئایین هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەتەوە نییە، هیچ دەربارەی ئایین نازانن.

یەکگرتن لەگەڵ هەر شتێکی زیندوو، مەحاڵە بەبێ پاکبوونەوەی خودی سەر بگرێت. بەبێ پاکبوونەوەی خودی، دەستگرتن بە هەر بنەمایەکەوە؛ خەیاڵپلاوییە. مرۆڤێک کە دڵی پاک نەبێت، ناتوانێت درک بە بوونی خودا بکات. هەر بۆیە پێویستە بە هەموو ماناکان، ناخ بێگەرد و پاک بێت لە هەموو پەڵە و لەکەیەک لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا. هەر کاتێک ئەم پاکی و بێگەردییە سنووری تێپەڕاند، ئەو کاتە ئەو بێگەردییە کاریگەریی دەبێت لەسەر تەواوی مرۆڤەکانی دەوروبەریدا. بەڵام ڕێگای گەیشتن بە بێگەردیی تەواو، زۆر سەخت و دژوارە. ئەو کەسەی دەیەوێت بگات بە بێگەردیی تەواو، پێویستە بیر و گوفتار و کرداری ڕزگار بکات لە هەوا و ئارەزوو و ویستەمەنییەکانیان و بیانپارێزێت، هەموو چەمکەکانی خۆشەویستی و ڕقوکینە تێپەڕێنێت. دان بەوەدا دەنێم، من خۆم پاش ئەوەی هەوڵ و ماندووبونی زۆرم داوە لەو ڕێگەیەدا، هێشتا زۆرم ماوە بگەم بە بێگەردیی ئەو سێ چەمکەی باسم کرد. ئەوەش وا دەکەن هەموو لافوگەزاف و وڕێنەکانی جیهان نامترسێنن، بەڵکوو بەتەواوی ئازارم دەدەم. وازهێنان لە خەیاڵی شاراوە، بەلای منەوە گرانترە لە دەست بەسەر جیهاندا گرتن. لەو ماوەی گەڕاومەتەوە بۆ هیندستان،

من ڕووبەڕووی خەیاڵی شاراوە دەبم لە ناخمدا، ئاشنابوونم لەگەڵ ئەم خەیاڵانە، ئەگەر هەستی تێکشکان و دۆڕانی پێ نەبەخشییم، ئەوا هەستی زەبوونی و بێئەقڵبوونی پێ بەخشیوم. ئەزموون و تاقیکردنەوەکان منیان کردووەتە قوربانی و زۆر کات کەوتوومە نێو خۆشیی گەورەوە، بەڵام دەزانم هێشتا ڕێگای زۆر ماوە لە بەردەممدا کە پێویستە لەسەرم تێیپەڕێنم، پێویستە خۆم بهێنمەوە سەر سفر، لەبەر ئەوەی مرۆڤ خۆی فێری خۆبەخشین و قوربانیدان نەکات لەناو هاوڵاتیاندا، ئەوا هەرگیز هەست بە ئاسوودەیی ناکات و ڕزگار نابێت. هەر چۆنێک بێت من خوێنەر بۆ ماوەیەکی کاتی بەجێ دەهێڵم، داوایان لێ دەکەم لەگەڵمدا بەشداری بکەن لە پاراوەی بەخشین لە بەهرەی "بنەمای ناتوندوتیژی" لە گوفتار و کردار و بیرکردنەوەدا.

## وێنەی گاندی بەکوژراوی



**خودا وەسف ناکرێت، نابینرێت، بەڵام پێگەیشتنی ئاسانە، ڕاستگۆیی بەردەوام دەتگەیەنێتە خودا کە حەقە، ڕێگای گەیشت بە خودا ڕاستییە.**

ماهاتما گاندی

# گەشتەکەم بۆ هیندستان

# خۆشەویستی

گەشتەکەم بۆ هیند، بە گەشتی گەڕان بەدوای خۆشەویستیدا دادەنێم... دەمەوێت لە سنووری خۆشەویستیدا خودا بپەرستم، نامەوێت پەرستشەکان وەک ڕێوڕەسم و سرووتێکی گەورەتر لەوە جێبەجێ بکەم کە تەنها وەک خوویەکن یاخود لە ترسی ڕۆشتنە ناو ئاگرەوە ئەنجامیان بدەم، بەڵکوو دەمەوێت گەورەتر لەوە بیانکەم کە خۆشەویستیی خودایە. هەر بەم بۆنەیەوە مانای "إلە" لە زمانی عەرەبیدا واتە جیاکردنەوەی بێچوو لە دایکی، چەند تامەزرۆیە بگەڕێتەوە بۆ لای و پێی بگاتەوە، هەروەها هاوشێوەی وشەی (ولە، ولنهان)، زۆربەی گەنجان بۆ بابەتی خۆشەویستی بەکاری دەهێنن، وەک: (تامەزرۆیی و سووتان بۆی... هتد). "إلە" بە خۆشەویستییەکی زۆر زۆر دەوترێت بۆ پەروەردگار. دەوترێت "الولە"، شەیدابوونی مرۆڤە بۆ لەدەستدانی خۆشەویستەکەی. ئەمە ئەو پلە باڵایە بەرەو ڕووی دەڕۆم، ئەویش ئەو پلە و خەڵوەتگەیەیە خۆشەویستمان(ﷺ) پێی گەیشتووە، کاتێک بە بیلال دەڵێت: بیلال، بمانحەسێنەوە! نوێژ وشەیەکی ڕۆحی و دەروونی و، جەستەیی و ناخی بووە. ئەو زۆر ئارەزووی ئەنجامدانی نوێژی کردووە و تەنها وەک پەرستشێک یاخود بەجێهێنانی ئەرکێک نەیکردووە، بەڵکوو تامەزرۆی کردنی بووە.

بڕوانە خۆت، کاتێک پێش دەرچوونی گەشتێکی شەوانە نوێژی خەوتنانت کردبێت، یاخود نەتکردبێت و بیرت چووبێت

بیکەیت، پاشان کە گەڕایتەوە، وەبیرت هاتەوە کە نوێژت نەکردووە، ئایا چی دەڵێیت؟ "بە خوا باش بوو پێش دەرچوون نوێژی خەوتنانم کرد!"، یان شتێکی وەک ئەوە. کاتێک کە شەو گەڕایتەوە، بار سووک دەبێت لەوەی ئەرکێکت لەکۆڵ بووەتەوە؟ ئەمە بەڵگەیە کە نوێژ، بارگرانی و ئەرکێکە لەسەر شانت نەک چێژێک. ئەمە بارگرانییە و ئەنجامی دەدەیت. من لێرەدا باسی فیقهی نوێژ ناکەم، یان باسی کردنی نوێژ لە کاتی خۆیدا، ئەمە لە پلەی یەکەم دێت، بەڵام باسی قووڵایی ناخ دەکەم لە کاتی کردنی نوێژدا چۆنە. باسی هەڵوەستەی یەک بڕواداری ئاسایی ناکەم، چونکە ملیار و نیوێک مسوڵمان هەیە. بەڵکوو من لێرەدا باسی پلەوپایەی ڕاستگۆیان لەگەڵ پەرستشەکان دەکەم! هەر چەند من زۆر دوورم لەو پلەوپایەیەوە، گومانی تیا نییە منیش تامەزرۆی ئەوەم ڕۆژێک لە بگەم بەو پلەوپایەیە.

دەست دەکەم بە گێڕانەوە و سەرگوزەشتە و چیرۆک و بەسەرهاتی گەشتەکەم، بۆ ئەوەی هەمووان سوودمەند بن لە بەسەرهاتەکانی، لام شەرم نییە تەنانەت باسی ئەو هەڵە و کەموکورتی و گرفتانە بکەم ڕووبەڕووم بوونەوە، چونکە من مرۆڤم، پێویستە خەڵکیش باش بزانێت منیش مرۆڤم و بێ کەموکورتی نیم، تەنها خودا بێ کەموکورتییە، تەنها بەوەی بەرنامەیەکی تیڤی یاخود نووسینی کتێبێک بەڵگە بێت لەسەر ئەوەی هیچ کەموکورتیمان نییە و نابێت هەڵە بکەین... ئیدی با واز بهێنین لە بەپیرۆزکردنی مرۆڤ، وەرن با ڕێز لە مرۆڤایەتیبوون و جیاوازییەکانمان بگرین، تا دەگەینە پلەیەک

زۆر نزیکە لە خەڵوەت و پلەی بێ کەموکورتی و کامڵبوون، ئەویش پلەی ڕاستگۆیانە!

"هەرکاتێک لە ڕێگای ڕەوشت لادەدەین، ئیتر کەسایەتییەکی ئایینیمان نابێت. لە ئاییندا شتێک نیە لە چوارچێوەی ڕەوشت بەدەربێت. بۆ نموونە مرۆڤ ناتوانێت درۆزنو بێڕەحم بێت، لە هەمان کاتیشدا بانگەشەی ئەوە بکات لە ناوەوە هەست بەبوونی خوا دەکات".

ماهاتما گاندی

## سەرەتا

ماوەی دوو ساڵە لە بیری ئەوەدام بڕۆمە ناو ئەزموونێکی گۆشـەگیرییەوە، بـۆ مـاوەیەک واز لە کـاری ڕۆژانە و ژیـانی دونیا بهێنم، خۆم گۆشەنشین بکەم، بۆ ئەوەی ڕۆحم تێر بکەم. چەند مانگێک لە ئینتەرنێت، بە خەڵوەتگەی تایبەت بە یۆگا و هونەر تێڕامان سـەرقاڵ بووم. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی من لەناو ژیـانی ڕۆژانەی خۆمـدا نـوقم بووبـووم، ژیـانی دونیـا قـووتی دابـووم لەنـاو ویسـتەمەنی و ئارەزووەکانیـدا مەلەم دەکـرد، بچووکترین جێگەیەک بۆ ڕۆح نەمابوو. هەمو ڕۆژێک خەریکی تێرکردنـی ئـاوەز و جەسـتەم و تێرکردنـی ویسـتەمەنییەکانی دەروونـم بـووم، بەڵام ئەی ڕۆحـم؟ تەنـانەت هـیچ چێـژێکم لە نوێژەکـانم وەرنەدەگـرت! ڕۆتـین دەسـتی بەسـەر نوێژەکانمـدا گرتبوو، جگە لە جێبەجێکردنی ئەرکێک، هیچ مانـایەکی نەبـوو، چۆن دەڕۆشتمە نوێژەکەوە، وەهاش دەهاتمە دەرەوە.

ڕۆحم زۆر برسی بوو، دەبووایە تێری بکەم. بە بڕوای خۆم، وتم گۆشەگیری (خلوە) باشترین خوانی ڕۆحە.

لە ئینتەرنێـت بەدوای خەڵـوەتگەی تـایبەت بە بیرکـردنەوە و تێڕامان زۆر گەڕام، تووشی سەرسوڕمان بووم، هەمـوو ئـایین و ئایینەکان -مەسیحی، جوو، هیندۆسی-، تەنـانەت ئەوانەی کە ئایینیان نەبوو، خەڵوەتگەی تایبەتیان هەبوو بۆ بیرکـردنەوە و تێڕامـان، تەنهـا ئێمەی مسـوڵمانان نەبێـت. باشـە، چـار چییە؟ منـیش بڕیـام دا: "حـیکمەت، ونبـووی بـڕواداره"، هەر چەنـد لە هەنـدێک ڕووەوە جیاوازیمـان هەبـوو، بەڵام سـوودی زۆر تیـا

بــوو بــۆ خــوانی ڕۆح و تێربــوونی. لەو کــاتەدا خەریکــی خوێنــدنەوەی کتێبێکــی نــاوازەی "ئۆشــۆ" بــووم، هەر چەنــد تێکەڵیی زۆر تیا بوو، بەڵام دانایی زۆری تیا بوو، لە کۆتایی کتێبەکەدا ناوی خەڵوەتگەیەکی یۆگای تیا بوو لە هیندستان تــایبەت بــوو بە یۆگــا و تێڕامــان. ســەرم لە خەڵــوەتگەکە دا و بڕیــارم دا جێگەیەک بگــرم، بــۆ ئەوەی گەشــت بــکەم بــۆ ئەو جێگەیە.

# بڕیارەکانی "کەی؟"

یەکەم بڕیـار ڕووبەڕووم دەبێـتەوە، "کەی؟"ە. لەو کـاتەدا لە ناوەڕاستی بەرنامەی "ئەگەر لەناومان بووایە" بووم لە (کانونی دووەمی 2008) و دەستم کردبوو بە ئامادەکردنی بەرنامەی "ڕازەکانی 4" لە (شوباتی 2008)، بڕیارم دا ئەم کارە بخەمە کاری لەپێشینەم و پێویستە کاتی تایبەتی بۆ تەرخام بکەم.

کات چییە؟ ئەگەر بمانەوێت کارێک بکەین، کاتی تایبەتی بۆ تەرخـان دەکەیـن، بەڵام ئەگەر نەمانەوێـت ئەنجـامی بـدەین، هەزاران بیـانوو و بەڵـگەی بێبنەمـای بـۆ دەهێنینـەوە بـۆ ئەنجـامنەدانی و دواخسـتنی. ئەمە پـوختەی بۆچـوونی مـنە دەربـارەی کـات. لەگەڵ گرووپـی کـاری بەرنـامەی "ئەگەر لەناومـان بـووایە"، هەمـوو شـتێکمان ڕێـک خسـت. پێویسـتە (2008/1/28) وێنە گیرابێت، چونکە پێویستە (2008/1/29) گەشت بکەم بۆ هیند، لە خەڵوەتگە کە فڕۆکەم گرت و لەگەڵ ژوورێـــک لەو خەڵـــوەتگە لە (1/29-2/8)، دە ڕۆژی تەواو دەکات.

## بڕیارەکان

لە ڕاستیدا ئامانج لەپشت ئەم گەشتەمدا، دوورکەوتنەوە بوو لە کەشـی کـارکردن و سـەرقاڵییەکانی ژیـانی ڕۆژانە، بـۆیە پێویسـت بـوو بـۆ ئەوەی ئەم گەشـتەم بەرهەمـدار و سـوودبەخش بێـت، هەنـدێک بڕیـار بـدەم. بـۆیە بڕیـارم دا: "لاپتۆپ" لەگەڵ خۆم نەبەم، بە هیچ شێوەیەک "ئیمەیل" بەکار نەهێنم، ئەمە بڕیارێکی قورس بـوو، چـونکە زۆربەی ژیـانم و هەموو کارەکەم لەسـەر بەکارهێنانی ئەو دووانە پێک هـاتبوو. بەڵام هەر هێندە بەس بوو؟ نەخێر، بڕیارم دا مۆبایلیش لەگەڵ خۆم نەبەم! بڕیارەکـان یەک لە یەک قورسـتر بـوون. باشـە ئەگەر حـاڵەتێکی لەناکـاو و نەخـوازراو هـاتە پێشـەوە؟ ئەگەر یەکێک لە فەرمـانبەرانی گـرووپەکەم ویسـتی لەسـەر بابەتێک ڕاوێـژم لەگەڵ بکـات؟ چەنـد پرۆژەیەکمـان هەبـوو، پێویسـتی بەوە بـوو کە بەکۆمەڵ بڕیـاری لەسـەر بـدەین، لە بـابەتی "لە ئەندەلوسـەوە" و تـا کـاری مۆنتـاژکردنی بەرنـامەی "ئەگەر لەناومـان بـووایە"، دیزاینکردنـی بەرگـی چەنـد پەرتووکێک کە لەژێر چاپدا بوون و... هتد، چەندین پرۆژەی ترم هەبوو، چۆن مۆبایل بەجێ بهێڵم! بیرم کردەوە و بە خۆم وت: ئەگەر مۆبایل لەگەڵ خـۆم بـبەم، واتـای ئەوەیە هـیچم نەکردبێـت! بە بردنـی کێشە و سەرئێشـەکانی دنیـا و سـەرقاڵی بە کارەوە، لە خوانی پێدانی ڕۆحت دەکات. من لە پێناوی ڕۆحدا ئەم گەشتە دەکەم، بیرم نایەت لەوەتەی بۆ یەکەم جار مۆبایلم بەکار هێناوە بۆ یەک ڕۆژ بێ مۆبایل بـووبێتم! خـانەوادەکەم بیرۆکەیەکیـان بۆ هـات، وتیـان بیبە لەگەڵ خـۆت و بیکـوژێنەوە، بـا بەکـوژاوەیی

پێت بێت باشترە. بیرم کردەوە، بۆم دەرکەوت ئەم کارە خۆخەڵەتاندنە، چونکە زۆر دڵنیا بووم ئەگەر لەگەڵ خۆم بیبەم، ئەوە لە ناوەڕاستی گەشتەکەم بە هەر بیانوویەک بێت، دەروونم فریوم دەدات و دەیکەمەوە. بە بیانووی هەواڵپرسینی فلان و جێبەجێکردنی ئەو کارە و... هتد. بیرۆکەکەی خێزانەکەم ڕەت کردەوە و ئەرخەیانم کرد کە من باش دەبم و پشت بە خودا بەخێرایی لە هیند دەگەڕێمەوە.

**ئەگەر تەنها یەک جار بوونی خودا قبوڵ بکەن، هیچ کات گومان لەپێویستی نزا و پاڕانەوە ناکەن.**

ماهاتما گاندی

## ئامادەکارییەکانی گەشتەکەم

دەستم کرد بە دانانی پلانی ماوەی دوورکەوتنەوەم لە کارەکان، دڵنیا بووم کە هەموو کارەکان بەدروستی دەڕۆن و هەموویان کار و بەرنامەی خۆیان دەزانن لە ماوەی نەبوونمدا. بۆ هەمووانم ڕوون کردەوە بۆ ماوەی دە ڕۆژ من هیچم پێ نییە، نە ئینتەرنێت، نە مۆبایل.

هەستام پەیامێکی دەنگیم خستە سەر ئیمەیلەکەم کە تا (8)ی شوبات ناتوانم ئیمەیل بەکار بهێنم. شەوی گەشتەکەم مۆبایلەکەم لەسەر پلیکانەکە دانا، ماڵئاوا لەو هاوڕێیەی لە سەرەتای داهێنانیەوە هەرگیز لێم دانەبڕاوە. هەستام بە ئامادەکردنی جانتایەک، هەندێک پێداویستیی گرنگ و چەند کتێبێکم ئامادە کرد کە بۆ گەشتەکەم سوودیان دەبوو، پاشان هەندێک پۆشاکی وەرزش و لەشجوانی، چونکە لەو خەڵوەتگەیە جێگەی تایبەت بە وەرزشکردن هەبوو، منیش ماوەیەکی زۆرە وەرزشم کردووەتە پیشەی سەرەکیم و بەردەوام ئەنجامی دەدەم و ناتوانم لێی داببڕێم...



گەشتەکەم لە جەدە بەرەو دوبەی دەستی پێ کرد، پاشان پێنج کاتژمێر لە فڕۆکەخانەی دوبەی ڕووم کردە 'مۆمبای'.

کاتێک لە فڕۆکەخانە بووم، یەکەم دژواری هاتە پێشەوە بۆم، ئەویش سەرنجێک بوو لەسەر شێوازی دەستپێکردنی بەرنامەی 'ئەگەر لەناومان بووایە' بوو، دەمەویست بیگۆڕم، بەڵام کێشەیەکم هەبوو، نە مۆبایلم پێ بوو، نە کۆمپیوتەر! چی بکەم؟ بڕیارم دا بۆ یەکەم جار هەڵاوێرێک بکەم لە یاسای بەکارهێنانی ئینتەرنێت، ئەویش ناردنی ئیمەیلێک بوو لە کۆمپیوتەری فڕۆکەخانە بۆ لایەنی پەیوەندیدار. لە خۆم پرسی: ئەمە سەرەتای دەرکەوتنی شکستهێنانی ئامانجی گۆشەگیرییەکە نییە؟ بە خۆم وت ئەمە کۆتا جارە و ناچارییە، کاتێک گەیشتمە هیند، هەرگیز ئیمەیل بەکار ناهێنم ئەگەر مەترسییەکی زۆریش ڕووبەڕووی کارەکە بێتەوە! هیوادارم لەو خەڵوەتگە، هیچ ئینتەرنێتێک بوونی نەبێت!

تێبینیی یەکەم لەسەر گەشتەکەم، ئەرێنی بوو. لە کاتی ڕۆشتنم بۆ فڕۆکەخانە، هەستم بە ئاسوودەییەکی دەروونی دەکرد، یاخود بارێکی قورس و گرانم لەسەر شان نەماوە و دامناوە، ئەویش مۆبایلە! ئاوەزم بەرنامەڕێژ بووبوو لەسەر ئەوەی هەموو خولەکێک سەیری بکەم، بزانم کێ تێلی بۆ کردووم و کێ نامەی بۆ ناردووم، چاوەڕوانی تەلەفونی کێم، لەگەڵ کێ بدوێم...، بەڵام ئێستا هەر کاتێک بیری مۆبایلەکەم دەکەوێتەوە، سەیر دەکەم پێم نییە. هەست بە ئازادییەکی ڕۆحی دەکەم، وەک ئەوەی پێشتریش هیچ هۆگری نەبووبێتم! هەروەها گیرفانیشم پێشتر ئاوەها سووک نەبووە، جار جار هەستم دەکرد شتێک لە گیرفانم سووک بووە، دواتر بیرم دێتەوە مۆبایلم پێ نییە. لە کاتژمێرەکانی سەرەتای ڕۆشتنم بۆ فڕۆکەخانە، هەستم بەوە کرد ئالوودەی شتێکم پێی دەوترێت مۆبایل، پێشتر هەستم نەدەکرد ئەو ئالوودەبوونەم هەیە. جوانترین شتێک لە سەرەتای گەشتەکەم هەستم پێ کرد، بۆم دەرکەوت چارەسەری ئەو ئالوودەبوونەی هەڵگرتنی مۆبایلم کردووە، ئێستا من ڕزگارم بووە لەو نەخۆشییە.



گەشتەکەم لە جەدە بەرەو دوبەی دەستی پێ کرد، پاشان پێنج کاتژمێر لە فرۆکەخانەی دوبەی ڕووم کردە "مۆمبای".

کاتێک لە فرۆکەخانە بووم، یەکەم دژواری هاتە پێشەوە بۆم، ئەویش سەرنجێک بوو لەسەر شێوازی دەستپێکردنی بەرنامەی "ئەگەر لەناومان بووایە" بوو، دەمەویست بیگۆڕم، بەڵام کێشەیەکم هەبوو، نە مۆبایلم پێ بوو، نە کۆمپیوتەر! چی بکەم؟ بڕیارم دا بۆ یەکەم جار هەڵاوێرێک بکەم لە یاسای بەکارهێنانی ئینتەرنێت، ئەویش ناردنی ئیمەیلێک بوو لە کۆمپیوتەری فرۆکەخانە بۆ لایەنی پەیوەندیدار. لە خۆم پرسی: ئەمە سەرەتای دەرکەوتنی شکستهێنانی ئامانجی گۆشەگیرییەکە نییە؟ بە خۆم وت ئەمە کۆتا جارە و ناچارییە، کاتێک گەیشتمە هیند، هەرگیز ئیمەیل بەکار ناهێنم ئەگەر مەترسییەکی زۆریش ڕووبەڕووی کارەکە بێتەوە! هیوادارم لەو خەڵوەتگە، هیچ ئینتەرنێتێک بوونی نەبێت!

یەک کاتژمێر ماوە بۆ گەشتەکەم بەرەو "مۆمبای"، من ئێستا لە فڕۆکەخانەی "دوبەی"م، چەند پرسیارێکم بە خەیاڵدا هات! ئایا هیچ سوودێک لەم کاتە دەبینم، یاخود تەنها کات بەفیڕۆ دەدەم؟ ئایا لەو جێگەیە ئەوەی من چاوەڕوانی دەکەم، دێتە دی؟ یاخود زۆر بێکەڵکە و هیچ سوودێکی بۆم نابێت؟ دەتوانم بۆ ماوەی دە ڕۆژی تەواو خۆم ڕابگرم؟ هەندێک جار بڕیار دەدەم، ڕەنگە نەتوانم خۆم ڕابگرم و بەخێرایی بگەڕێمەوە!

هۆکاری گەشتەکەم، گەڕاندنەوەی ئارامیی ڕۆحی و ناخییە و ڕزگاربوونمە لە کۆتوبەندەکانی دونیا. دونیا لە دڵم دەربکەم. خۆراکی پێویست بدەم بە ڕۆحم. فێری کۆنترۆڵکردنی ئاوەز و ویستەمەنییەکان و تواناکانم ببم و بیانخەمە ژێر دەستم. هەموو ئەمانە لەم گەشتەمدا بەدەست دەهێنرێت! ئایا کەسێکی جیاواز لەوەی پێشوو دەگەڕێتەوە؟ هیوادارم وا بێت! لە خودا دەپاڕێمەوە هاوکاریم بکات بۆ بەدەستهێنانی ئەو ڕاستییەی هەوڵی بۆ دەدەم، بمخاتە سەر ئەو ڕێگەیەی بە ئاسانترین شێوە دەمگەیەنێت بە ئامانجەکەم، ڕێنوێنیم بکات بۆ سەر ڕێگەی ڕاستی.

هیوادارم لەم دە شەوەدا بتوانم نزیک ببمەوە لەوەی خۆم بناسم و دیوە شاراوەکەی خۆم بدۆزمەوە، چونکە هەندێک جار لە خۆم تێناگەم. هەندێک جار زۆر دڵخۆشم و هەندێک جاریش بەبێ هۆکار، زۆر نیگەران و خەمبارم. هەندێک جار زۆر ملکەچ و گوێڕایەڵی پەروەردگارم، هەندێک جاریش خۆم

زۆر دوور دەبینم لە پەروەردگارم. هەندێک جار زۆر ئارامم و پشت بە خودا دەبەستم، هەندێک جاریش زۆر بێزار و وەڕسم و ترسێکی زۆرم هەیە. نازانم ئەم دڵەی من چییە! بە خودا لە دەروونی خۆم تێناگەم. پێم وایە تێگەیشتن لە دەروون و هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی، لە کارە هەرە لەپێشینە و سەرەتاییەکانی مرۆڤە. ئەوە منم لە ڕێگەی تیڤییەوە کاریگەری لەسەر ملیۆنان خەڵک بەجێ دەهێڵم، کەچی ناتوانم کاریگەری لەسەر دەروونی خۆم کە لەبەر دەستمە، بەجێ بهێڵم! ئەم دژیەکییە چییە! هیوادارم لەم گەشتەمدا ڕزگارم ببێت، ببمە کەسێکی دڵسۆزتر و ملکەچتر و لەخواترستر و بتوانم زیاتر لە ژیان تێبگەم!



```
--- TST RLR ---                              JB/SU  20JAN08/0904Z   ZBWEIN
RP/JEDC32101/JEDC32101
 1.ALSHUGAIRI/AHMADMR
 2  EK3806 F 29JAN 2 JEDDXB RR1         N  1215 1545   *1A/E*
 3  EK 500 F 29JAN 2 DXBBOM RR1         1  2230 0245+1 *1A/E*
 4  EK 505 F 08FEB 5 BOMDXB HK1         2  0945 1130   *1A/E*
 5  EK 803 F 08FEB 5 DXBJED HK1         1  1645 1845   *1A/E*
 6 AP JED 6677987 6677988 - INTERCONTINENTAL TRAVEL - A
 7 AP BABU
 8 TK OK20JAN/JEDC32101//ETEK
 9 SSR OTHS 1A RITL/ PLS ADV TKT NOS BY 26JAN08 12 15 JED LT
10 OSI EK PAX LCL CTCT TEL NUM 0504499644
11 FA PAX 176-5662364016/ETEK/SAR4094.00/20JAN08/JEDC32101/7120

                                             JB/SU  20JAN08/0904Z   ZBWEIN
RP/JEDC32101/JEDC32101
EK/GFGF3N                            bhant  91 20093710 78266
>
```

# گەیشتن

دوای گەشتێکی پڕ لە دوودڵی و دڵەڕاوکێ، کاتژمێر دوو و نیوی شەو گەیشتینە فرۆکەخانەی "مۆمبای". ئاستی فرۆکەخانەکە لەخوار ناوەندییشەوە بوو. پێویست بوو لە دەرەوەی فرۆکەخانە ئۆتۆمبیل هەبێت بۆ ئەوەی بمبات بۆ "بۆنا" کە سێ کاتژمێر لە مۆمبای دوورە، بەڵام من زۆر پێداگریم کرد لەسەر ئەوەی بەتەنها خۆم یەک ئۆتۆمبیل بەکرێ بگرم، چونکە زۆر شڵەژاو بووم لەوەی بە شەودا لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە گەشت دەکەم کە هیچ شارەزاییەکم لێی نییە. لەوە سەیرتر ئەوە بوو هیچ کەس لەناو فرۆکەخانە نەبوو چاوەڕێم بکات! ڕۆشتم بۆ یەکێک لە کۆمپانیاکانی گواستنەوە لە دەرەوەی فرۆکەخانە، بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلێک بەکرێ بگرم، بەڵام ئایا بە شەودا ڕێگە پارێزراوە یان نا، یاخود گەشتەکەم بخەمە سبەینێ و ئەو شەوە لە مۆمبای بمێنمەوە؟ وتیان: "دونت وۆری سیر... زی ورد إز ڤێری گود": "زۆر دڵنیا بە هیچ مەترسییەک لە ڕێگەدا نییە." پشتم بە خودا بەست و ئۆتۆمبێلێکم بەکرێ گرت، بە ($90)ی ئەمەریکی دەیگەیاندم. ڕۆشتمە دەرەوە، ئۆتۆمبێلێکم بینی زۆر کۆن و خراپ بوو، شۆفێرەکەی لە شیرینیی خەودا بوو، هەستا و هەندێک ئاوی پرژاند بە ڕووخساریدا، پاشان بەرپرسی شۆفێرەکان هات و وتی با کەسێکی دیکەتان لەگەڵ بێت. لێرەدا تۆزێک نیگەرانییەکەم زیادی کرد و گومانم لا دروست بوو، بەڵام لەویا دوودڵ مامەوە. سواری ئۆتۆمبێلەکە بووین. شۆفێرەکە هەندێک هەوڵی دا ئۆتۆمبێلەکە بخاتە کار،

ئیشی نەکرد، دوای نزیکەی پێنج خولەک لە هەوڵدان، لە
کۆتاییدا کەوتە کار. ئۆتۆمبێلەکە بەڕێ کەوت بۆ "بونا". پاش
ئەوەی نزیکەی پێنج خولەک ڕۆشتین، هەمدیسان ئۆتۆمبێلەکە
لەکار کەوتەوە، شۆفێرەکە هەوڵی دەدا بیخاتەوە کار، بەڵام
سوودی نەبوو. نزیکەی نیوکاتژمێری تەواو وەستاین (هێشتا
"بەیانی باش"مان لە هیند نەکردبوو، نەهامەتی و دژواری
ڕووی تێ کردین)! وتم: با ئۆتۆمبێلێکی دیکە داوا بکەین، وتیان
نا، ئۆتۆمبێلەکە زۆر باشە و گونجاوە. دوای هەوڵدانێکی زۆر،
دیسان ئۆتۆمبێلەکە کەوتەوە کار، خەریک بوو بگەمە ئەو
بڕوایەی بگەڕێینەوە و ئۆتۆمبێلەکە بگۆڕین، بەڵام دڵنیاییان پێ
دام کە ئۆتۆمبێلەکە بەباشی کار دەکات. ڕاستی، من هێشتا
دڵنیا نەبووم لە کارکردنی ئۆتۆمبێلەکە، بەڵام ڕازی بووم
(نازانم بۆچی ڕازی بووم!)، دەستمان کردەوە بە ڕۆشتن.


RECEIVED RECEIVED RECEIVED RECEIVED RECEIVED RECEIVED

Date 4 Feb 08

No. 2

Received with thanks from Mr. Ahmad.

the sum of Rupees Three thousand and five hundred only/- By cheque / cash / draft

in full / part / advance payment of fare of Car booking for Mumbai Airport.

Rs. 3500/-

Signature

Receipt Valid subject to Realisation of Cheque

# سەرەتای ڕێگە

ڕێگەکانی دەرەوەی فڕۆکەخانە زۆر خراپ و نەگونجاو بوون، بارودۆخی خەڵکەکە خراپتر بوو، زۆربەی خەڵک لەسەر شەقامەکان نووستبوون یان لە قەراغی شەقامەکان ئاگریان کردبووەوە بۆ ئەوەی خۆیانی پێ گەرم بکەنەوە! سەگ لە گشت کووچە و کۆڵانەکانی شارەکە دەوەڕین، بە شێوەیەک دەنگیان دەهات پێشتر لە هیچ شارێکی دیکە نەمبیستووە! لە ناخی خۆمدا وتم: خودایە، بە سەلامەتی و بێ کێشە بمانگەیەنە 'بۆنا'، بۆ ئەوەی بەتەواوەتی کۆبیرم لەسەر ئەوە بێت لە پێناویدا هاتووم کە گۆشەگیرییە.

# لەناوەڕاستی ڕێگەدا

پاش تێپەڕبوونی کاتژمێر و نیوێک لە ڕۆیشتن، ڕێگەیەکی بەرز هاتە بەردەممان، بەردەوام لەو تاریکیی شەوەدا بەرەو سەرەوە دەڕۆیشت و پڕ بوو لە بارهەڵگر. ئۆتۆمبێلەکە دەستی کرد بە هێواشبوونەوە و لەرەلەری پێ کەوت، چەند خولەکێکی پێچوو، لەناوەڕاستی ڕێگەدا وەستا! شۆفێرەکە هەوڵی دا کاری پێ بکاتەوە، بەڵام سوودێکی نەبوو. پاشان دوای تێپەڕبوونی پێنج خولەک، ئۆتۆمبێلێک لەو تاریکییەدا هات و لە بەردەممان‌دا ڕایگرت و چەند گڵۆپێکی بەرزی بۆ هەڵکردین، شۆفێرەکە بەرەو ڕوومان هات و لەگەڵ شۆفێرەکەی ئێمە هەندێک بە هێندی دوان، هەموو خولەکێک سەیری دەکردم و زەردەخەنەیەکی بۆ دەکردم، زۆر نیگەران بووم، دوودڵی و نیگەرانییەکی زۆر ڕووی تێ کردم. پاش دوو خولەک لە گفتوگۆکردن، شۆفێرەکە ڕۆشتە دەرەوە، لەگەڵ ئەو کەسەی دیکە هاتن بەرەو ڕووی دەرگاکەی من، لە ڕاستیدا لەویا دڵم زۆر بەخێرایی لێیدەدا و بەتەواوی شپرزە بووم. ئەو دووانە کە هاتن بۆ لام، وا ڕێک کەوت هەردووکیان دەستیان خستە سەر قایشی پانتۆڵەکەیان، لەو کاتەدا هەستێکی نامۆم بۆ هات و ئاوەزم زۆر پەشێو بوو. نازانم بۆچی ئەو بیرەم بۆ هات کاتێک بەرەو ڕووم هاتن، هەستم کرد دەیانەوێت بمبەنە دەرەوە و دەستدرێژی بکەنە سەرم! ناتوانم بە هیچ شێوەیەک ئەو ساتە باس بکەم.

## وێنەی چەند سەگێک



بەڵام دیمەنێکی زۆر ترسناک بوو، یەکێکیان دەرگاکەی بۆ کردمەوە و بە زمانی ئینگلیزی وتی: ئێستا بڕۆ بۆ ئەو ئۆتۆمبێلە، بۆ ئەوەی بتبات بۆ بۆنا. کە دابەزیم، قاچەکانم دەلەزی، بە مانای وشە قاچەکانم دەلەزین. دابەزیم، ڕۆشتم سواری ئەو ئۆتۆمبێلەی دیکە ببم. دوای ئەوەی ئەندێشەی

دەستدرێژیکردنە سەرم بۆ هات، ئەم جارە لە خەیاڵی خۆمدا وتم ڕەنگە ڕووتم بکەنەوە و چیم پێیە؛ بیبەن. باشە بۆچی ئۆتۆمبێلەکەی دیکەیان لەناوەڕاستی ڕێگەدا وەستاند؟ باشە، ئەی بۆ سەیری شۆفێرەکەی دیکەی کرد و پێکەنینێکی جیاوازی بۆ کرد؟ بۆچی یەکێکیان لەو ناوەڕاستی ڕێگەدا وەستا، بۆ ئەوەی من ببات؟ لە ماوەیەکی کورتدا ئەم هەموو بیرکردنەوە و ئەندێشەیە هات بە بیرمدا، وام لێ هات نەفەرەتم لەو ڕۆژە دەکرد بیرۆکەی گەشتکردن بۆ هیند هات بە بیرمدا. بەڕاستی وا هەستم کرد ژیانم لە مەترسیدایە، هەوڵم دا شۆفێرەکە بهێنمە ئەو بڕوایەی چاوەڕوان بکەم تا ئۆتۆمبێلەکە چاک دەکەینەوە، بەڵام ئەو وتی: "تۆ دەتوانیت بڕۆیت، ئەو تۆ دەگەیەنێت، هیچ کێشەیەکم نییە." شۆفێرە نوێکە پێی وتم سەرنشینێکی دیکەم لەگەڵدایە لە دوبەیەوە هاتووە، لەو کاتەدا یەکەمین تروسکایی ئومێد بە ڕوومدا درەوشایەوە. کارەکە بەو شێوەیە نییە بیرم لێ دەکردەوە! ڕۆشتم بۆ لای ئۆتۆمبێلەکە بۆ ئەوەی دڵنیا بم لە سەرنشینەکە، سەیر دەکەم سەرنشینەکە کەسێکی کەشخەی ڕێکپۆشە، چەند جانتایەکی لە پشتی ئۆتۆمبێلەکە داناوە، پرسیارم دەربارەی گەشتەکە لێ کرد، وتی: هیچ کێشەیەک نییە و پێویست بە ترس ناکات.

پاک و بێگەردی بۆ خودا! مرۆڤ لە کاتی ترسدا هەموو شتەکان تێکەڵ دەکات، ناتوانێت بە شێوەیەکی دروست بیر بکاتەوە. ڕەنگە ئەم گەشتەم ببێتە هۆی ئەوەی فێری ئارامگرتن و ئەرخەیانی و زوو بڕیارنەدان بەرامبەر ڕووداوەکان و کارنەدانەوەی خێرا ببم.

## له کۆتاییدا گەشتین

نزیکەی کاتژمێر شەشی بەیانی گەشتنیە "بۆرنا"، لەو جێگەدا دەستم کرد بە گەڕان بەدوای ژوورەکەمدا، ڕۆشتمە ژوورەوە، سوپاسی خودام کرد بەبێ کێشە گەشتین.

## ڕۆژی یەکەم (30ی کانوونی یەکەم)

بە درێژایی شەو نەنووستبووم، کە گەشتم؛ دەوروبەری کاتژمێر حەوت بوو، یەکسەر نووستم، پێویست بوو کاتژمێر نۆ هەستم بۆ ئەوەی پەیوەندی بکەم بەو کۆمەڵەی نوێیەی کۆمەڵگەکەوە و یاسای جێگەکانیان پێ دەناسێنن. خەڵوەتگەکە لە زەوییەکی بەرفراوانی پڕ لە سەوزایی و دار و درەخت و چەند مەلەوانگەیەکی دەستکرد و هەندێک خانوو و چەند خانەیەکی تێڕامان و نشینگە و چێشتخانە پێک هاتبوو، پێویست بوو هەمووان لە بەیانییەوە ڕۆبێکی سوور بپۆشن، نابێت بەبێ ئەو ڕۆبە بسووڕێیتەوە (نازانم هۆکار چی بوو!)، پێویست بوو هەموانیش لە شەودا ڕۆبێکی سپی بپۆشن. کاتێک دەڕۆیتە ژوورەوە، شیکاری ئایدزت بۆ دەکەن، نازانم بۆچی! سوپاس بۆ خودا بەسەرکەوتوویی تاقیکردنەوەکان تەواو بوو، توانیم کارتی چوونەژوورەوە بکرم، کارتی چوونەژوورەم بۆ ماوەی مانەوە کە دە ڕۆژ بوو.

ئەو کارەی زۆر جێگەی نیگەرانی و دوودڵیم بوو، بوونی ژمارەیەکی زۆری ئافرەتان بوو، ئەوانیش ئەو ڕۆبەیان دەپۆشی، هەندێک جاریش داپۆشراو نەبوون. یەکێک لە هۆکارەکانی نیگەران بوونم، نەپاراستنی چاو بوو لێیان. یەکێک

لەو خـالانەی لەنـاو ئامـانجی خەڵـوەت و گۆشـەگیرییەکەمدا هەبوو، پاراستنی چاوم بوو لە نادروستەکان (محرمات)، بەڵام بەخێرایـی بیرکـردنەوەکەم گـۆڕا بـۆ ئەرێنـی و ئەمەم بە دەرفەتێـک زانـی بـۆ تـاقیکردنەوە و بەهێزکردنـی توانـای خۆپاراسـتن لە تێڕوانینـی نادروسـت. ئەگەر ئەم ململانـی و ڕووبەڕووبوونەوەیە نەبێت، چۆن ماسوولکەی پاراستنی چاوم بەهێز بکەم لە شتە نادروستەکان! زۆر هێز و توانام پەیدا کرد کە ئەمە بکەمە یەکێک لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم گەشتەم.



دەسـتم کـرد بە گەڕان بەنـاو خەڵـوەتگەکەدا بـۆ مەبەسـتی شارەزابوون و زانینی هەر چی خول و چالاکی هەیە، بڕیارم دا بەشداریی خولێک بکەم بە ناوی "کێ لە ناخمدایە"، ئەم خولە چـوار ڕۆژ بەردەوام بـوو، لە کـاتژمێر حەوتـی بەیـانییەوە دەستی پێ دەکرد تا کاتژمێر یانزەی شەو. ئامانج لەم خولە،

ڕۆچوونە لە ناخی خۆتدا و مەبەست هەوڵدانە بۆ ئەوەی بزانیت چی لە ناختدا هەیە و تۆ کێیت، بەبێ دەمامک و ڕوانینی ڕووکەش، ئەمە تێگەیشتنی منە بۆ ئەم خولە. سبەی خولەکە دەست پێ دەکات، پاش تەواوبوونی ئەو ڕۆژە، بە ئەزموون و تێگەیشتنی خۆم باسی خولەکەتان بۆ دەکەم. خولەکە لە ڕۆژی (1-4ی شوبات) بەردەوام دەبێت.



**وێنەی ئەحمەد شوقەیری لە دەرەوەی خەڵوەتگەکە**

(لە دەرەوەی خەڵوەتگەکە ڕۆبی سووری پۆشیوە، پێویستە هەموو بەشداربووان ئەو ڕۆبە بپۆشن).

ڕۆشتم بۆ کتێبخانەکە، زۆر کتێبی "ئۆشۆ"ی تیا بوو، کتێبێکم کڕی بە ناوی "ڕێگەیەک بۆ بیرکردنەوە". بەشەی یەکەمیم

خوێندەوە، زانیارییەکی زۆر جوانم لێ وەرگرت کە گۆڕانکاری لەخۆوە ڕوو نادات، مەگەر ئەو کاتەی دەبێتە کارێکی گرنگ و ئەرکێکی پێویست لە ناخدا. ئەو کەسانەی ئارەزووی گۆڕان دەکەن، بەڵام هیچ هەوڵی بۆ نادەن، ئەوە سەر دەکێشێت بۆ شکست و کەوتن.

نووسەر دەڵێت: سەرەتا گۆڕان لە هەستی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت، پێویستە بگوازرێتەوە بۆ نەست. ڕێگەیەکت نیشان دەدات بۆ ئەوەی ئەم ویستە لە هەستەوە بگوازیتەوە بۆ نەست، بۆ ئەوەی ببێتە کارێکی گرنگ و پێویست. بە چ شێوەیەک؟ دەڵێت: ئەو کارە دیاری بکە دەتەوێت بیگۆڕیت، پاشان ڕستەیەک هەڵبژێرە پەیوەندیی بەو گۆڕانەوە هەبێت. هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژە و ڕایبگرە، ئەو ڕستەیە لە بیرتدا بڵێرەوە لە کاتێدا هەناسەکەت ڕاگرتووە. کاتێک هەست بە توندبوونی سنگ و نائارامی دەکەیت، هەناسەکەت لەسەرخۆ بدەرەوە و ئەو ڕستەیە لە بیرت بڵێرەوە، بەردەوام بە لە هەناسەدانەوە تا بەتەواوی دڵنیا دەبیت لەوەی هەوا لە ناختدا ماوە، پاشان هەناسەی دیکە بدەرەوە تا بەتەواوی دڵنیا بیت لە خاڵیبوونەوەی سینەت، پاشان بەردەوام بە لە وتنەوەی ئەو ڕستەیە، دواتر هیچ هەناسە هەڵمەمژە تا بەتەواوی هەست بە نائارامی و سینەتوندی دەکەیت تا ناچار دەبیت هەناسەیەک هەڵمژیتەوە. گرنگیی ئەم ڕاهێنانە لەوەدایە ئەو ڕستەیە دەبەستێتەوە بەو بارودۆخە ناچارییەی نەست زۆر پێویستی بە هەناسەدانە، ئەو گۆڕانکارییە دەبەستێتەوە بە هەستەوە. من ڕستەی "ئێستا چاوانم دەگرم، سوپاس بۆ خودا"، نووسەرەکە دەڵێت ڕۆژانە

پێنج جار ئەم ڕاهێنانە ئەنجام بدە، دانەیەکیان پێش خەوتن، دووەمیان پاش هەستان لە خەو ئەم ڕاهێنانە ئەنجام بدە، نازانم سەرکەوتوو دەبم یاخود نا، چونکە پێویست بوو لەسەرم بە درێژایی چەند ڕۆژێک ئەمە دووبارە بکەمەوە، بەلام سوودێکی سادەم لێ بینی، ئەویش وەبیرهاتنەوەی مردنە! پاک و بێگەردی بۆ خودا، کاتێک هەناسە دەدەیتەوە و هیچ هەوایەک لە سینەت نامێنێت، هەست بە مردن دەکەیت، ڕاستەوخۆ هەست بە ئازاری مردن دەکەیت. ئەمەش سوودێکی گرنگە بیری مردن بگوازرێتەوە بۆ هەست، نەک تەنها باسی بکەیت. ئەم هەستەش زیاتر کاریگەریی لەسەر دەروون دەبێت. پێغەمبەری خودا ڕاستی فەرمووە:

"أكثروا من ذكر هادم اللّذات."

واتە: "زۆر بیری لەناوبەری ئارەزووە نەرێنییەکان بکەن."

سەرنجێک: ئامۆژگاریتان ناکەم بە کردنی ئەم ڕاهێنانە، چونکە دوای ڕۆژێک؛ زۆر ماندووی کردم و لە شەواندا هەستم بە نائارامیی دەروونی و ئازاری سینەم دەکرد.

## داخورپەکان

یەکەم ناخۆشی، هۆڵی "لەشرێکی" بوو. ژوورێکی بچووک بوو، ئامێرێکی بێکەڵک و لە هیچ باشتری تیا بوو، لە میانەی جیم‌ەوە بۆ من بووەوە خواردن و خوویەکی ڕۆژانەم، هەر لەبەر ئەمە بوو ئەو بیرۆکەیە هات بە خەیاڵمدا کاتی گەڕانەوە پێش بخەم و چوار ڕۆژی دیکە بگەڕێمەوە، ئەگینا کاریگەری لەسەر جەستەم دروست دەکات و لاواز دەبم (من لەو جۆرە

کەسـانەم کە ڕاهێنـان نەکەم؛ لاواز دەبـم، لاوازبـوونی ناسروشتییش هەستێکی ناخۆشم لا دروست دەکات، چونکە بەگەنجـی لاوازیـیەکەم بووبـوو بە جـێگەی گـاڵتەپێکردنی هاوڕێکانم). مـن ئـالوودەی ڕاهێنـان و یـاریی جەسـتەڕێکی بووبـووم، ئەگەر مـاوەیەک نەڕۆم، هەسـت بە نـاجێگیریی دەروونی و بێزاریی زۆر دەکەم.

هەر چۆنێک بێت هەندێک بیرم لەو بابەتە کردەوە، پەشیمان بـوومەوە لە بیـرۆکەی گەڕانەوەی پێشـوەخت، بـڕوام بە خـۆم هێنـا ئەمە هۆکـارێکی سـەرەکی و پێویسـت نـیـیە بـۆ ئەوەی بەخێرایی بگەڕێمەوە.



وێنەی نووسەر لەبەردەم خەڵوەتگەکەدا



**بژی وەک ئەوەی کە سبەینێ ئەمریت. فێربە وەک ئەوەی کە هەتاهەتایە ئەژیت.**

ماهاتما گاندی

ناگەڕێمەوە، تا ئەو ئارامییە دەروونییەی بەدوایدا دەگەڕێم؛ دەیدۆزمەوە. ئەمە دەرفەرتێکی باشیشە بۆ ئەوەی ئەو دوودڵی و ناجێگیرییەی دەروونم چارەسەر بکەم کە هەمبوو. نەبوونی "جیم"م بە وێستگەیەک دانا بۆ ئەوەی دووبارە ئەم کارەی ژیانم ڕێک بکەمەوە کە زۆر هۆگری بووم. ئێستا چوار ڕووداو لە ژیانمدا ڕووی داوە: دوورکەوتنەوە لە مۆبایل، دوورکەوتنەوە لە ئینتەرنێت و ئیمەیل، دوورکەوتنەوە لە لەشجوانی (جیم)، دوورکەوتنەوە لە سەیرکردنی نادروست. ڕوانیم ئەم دە ڕۆژە، دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی ئەو هۆگرییە دەروونییانە بەو شتانەوە هەڵوەشێنمەوە.

داچڵەکینی دووەم: لە دانیشتنی ناسینی ناو خەڵوەتگەکە لەگەڵ هاوڕێ نوێکانمدا، لە کاتێکدا یەکەم شت ئەنجامی دەدەین، هەموو ئەو کۆمەڵە هەڵدەستن و دەڕۆن بۆ یەک ژوور و دەست بە سەماکردن دەکەن! هەموویان سەما دەکەن! من پێشتر دەمزانی لەناو خەڵوەتگەکەدا سەماکردن هەیە و بە بەشێکی سەرەکی دادەنرێت لە بەرنامەی تێڕامانەکەدا، چونکە وزە نەرێنییەکان لە جەستە دەردەکات، بەڵام من پێم وا بوو ڕەنگە خولی تایبەت بە خۆی هەبێت، نەک هەمووان پێویستە ئەنجامی بدەن! زۆر بەخەمبارییەوە بەشداریم کرد، بە خۆم وت من تەنها بۆ خۆم جەستەم دەجووڵێنمەوە و بەرکەوتنم لەگەڵ کەس نابێت، بۆیە کێشەیەکی ئەوتۆی تیا نییە. جارێکی دیکە ئەم بابەتە لای من ناهاوسەنگیی تێ کەوت، هەوڵم دا هاوسەنگی بپارێزم لەنێوان ئەو کارانەی بەدڵمن و ئەو کارانەی بەدڵم نین و لەنێوان ئەو ئەزموونە نوێیانەی دیکە لە گەشتەکەم بەدوای ئارامیی دەروونی کۆششی لە پێناودا

دەدەم. لێرەدا دەمەوێت ئەوە بۆ خوێنەر ڕوون بکەمەوە، ئەمە گەشتێکی نەریتیی ئاسایی نەبوو، دڵنیا بن زۆر شتی تیا هەبوو من بڕوام پێی نەبوو، بەڵام بڕوام بەوە هەبوو هەندێک شتی دیکەی تیا بوو سوودبەخش بوون. دەمەوێت ئاگاتان لەوە بێت من نە لەگەڵ سەمادام بە تاک بێت یاخود بە کۆمەڵ، بە هیچ شێوەیەکیان لەگەڵیان نیم، من بانگەشەی ئەوە ناکەم گەنجێک بڕوات بۆ جێگەیەک تێکەڵ بێت لە ژن و پیاو. جارێکی دیکە ئەوە دەڵێمەوە: ئەمە ئەزموونێکی "ئەحمەد شوقەیری"یە، بۆیە نووسیومە، بۆ ئەوەی خوێنەر بیخوێنێتەوە و بە لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکان سوودی خۆی لێ ببینێت.

## یاسایەکی سەیر

هەموو ئێوارەیەک تێڕامانی بەکۆمەڵ هەبوو، پێویست بوو سەرجەم ئامادەبووانی خەڵوەتگەکە بەشداریی تیا بکەن، یاسای ئامادەبووان: 1. پۆشینی سەرتاپا سپیپۆش، تەنانەت خواردنەوەکانیش پێویست بوو سپی بێت. 2. نابێت ئافرەتان بۆنی خۆش لە خۆیان بدەن. 3. نابێت ئافرەتان پۆشاکی کورت و تەنک بپۆشن، یان پۆشاکێک سینەیان دەربخات و سنگیان بەدەرەوە بێت، پێویست بوو پۆشاکێک لەبەر بکەن پۆشتە بێت. 4. پێویست بوو هەمووان پێش ئامادەبوونیان، خۆیان بشۆن. 5. نابێت بە هیچ شێوەیەک مۆبایل بەکار بهێنن.

سەیری یاساکانم کرد و بە خۆم وت: پاک و بێگەردی بۆ خودا، مرۆڤ ئەگەر لەسەر خواڕسک بێت، گومانی تیا نییە شوێنی "ئاییینی ئیسلام" دەکەوێت. سەرپەرشتان و زۆربەی

ئامادەبووانی ئەوە جێگەیە بڕوایان بە هیچ ئایینێک نییە، کەچی یاسایان دەرکردووە پێویستە ئافرەت خۆی داپۆشێت و بۆنی خۆش لە خۆی نەدات، چونکە ئەو کارانە پیاوان سەرقاڵ دەکات و کۆبیر (الترکیز)ی لاواز دەکات لە تێرامانـدا. ڕێگرییشیان کردووە لە بۆنی ناخۆش، چونکە لە ملکەچی و بیرکردنەوەت دەکات. خۆشەویستمان ڕێگریی کردووە لەو کەسانەی سیر دەخۆن بێنە مزگەوت بە هۆی بۆنە ناخۆشەکەیەوە، چونکە کاریگەریی دەبێت لەسەر مکەچبوونی ئامادەبووان.

## ڕۆژی دووەم (2008/1/31)

### وتەیەک

لە یەکێک لە خولەکاندا وتەیەکی زۆر جوانم بەرگوێ کەوت، دەڵێت: "تەنها بەوەندەی گوێ لە وتەکانی بووزا دەگریت؛ بەس نییە، بۆ ئەوەی چێژی ڕاستی ببینیت، پێویستە ببیت بە بووزا." زۆر سەرسام بووم بەم وتەیە، چونکە ڕاستەوخۆ هەستم بەو مانا جوانە کرد، تەنها هێندە بەس نییە بڕوا بە محەممەد (ﷺ) بکەین، هەر هێندە نییە خۆشمان بوێت، هەر هێندە بەس نییە فەرموودەکانی لەبەر بکەین، بەڵکوو پێویستە هەریەکە لە ئێمە ببین بە محەممەد، واتە پێویستە هەریەکە لە ئێمە محەممەد بەرجەستە بکەین لە خۆماندا، تەنها هێندە بەس نییە بڵێین:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٧﴾ الأنبياء: ١٠٧

واتە: "ئەی محەممەد (ﷺ)، تۆیشمان بە هیچ حاڵێ نەناردووە، بە ڕەحمەت و خێر و بەرەکەت نەبێ بۆ هەموو خەڵکی جیهان، بەڵکوو پێویستە لەسەر ئێمە ئەو سۆز و میهرەبانییە بەرجەستە بکەین و هەستی پێ بکەین." تەنها هێندە بەس نییە باسی ئارامگری و خۆڕاگری بکەین بەرامبەر نەهامەتییەکان، بەڵکوو پێویستە ئەو خۆڕاگری و ئارامگرتنەی ئەو بەرجەستە بکەین. یان هەر هێندە بەس نییە باسی ڕەوشتبەرزی و هونەری بەرزی مامەڵەکردنی لەگەڵ خەڵکی باس بکەین، بەڵکوو پێویستە ئەو مامەڵەیە لە خۆماندا بەرجەستە بکەین. ئەمڕۆ لە ساتێکدا گەورەترین کێشەی ئەم سەردەمەی بڕوادارانمان دەرخست، ئێمە فەرموودەکانی لەبەر

دەکەین، بەڵام لەگەڵیدا نـاژیین! ئـێمە خۆشـمان دەوێـت، بەڵام لێـی تێناگەین! تا ئەو کاتەی هەریەکە لە ئێمە بەپێی توانا هەوڵ نەدات ببێت بە محەممەد، هەست بە ئارامیی دەروونی ناکەین. تا ئەو کاتەی بڕواداران بەرجەستەی محەممەد نەکەن لە خۆیاندا، هەر بە مشەخۆری و پاشکۆیی دەمێننەوە لەسەر ڕووی زەویدا.

## سەرەتای ئارامی

ئەمڕۆ نزیکی عەسر هەستم بە سـەرەتاکانی دەرکەوتنی ئـارامیی نـاخ و سـەربەخۆبوونی دەکرد. بیرم لای مۆبایلەکەم نەبوو، هیچ شتێک دەربارەی ئیمەیل و ئینتەرنێت بە خەیاڵمدا نەدەهات! بۆیە هەستم کرد ئەو کۆتەی لەسەر ئەندێشە و بیرم بوو، هەڵگیراوە. ئێستا ئاوەز و ڕۆحم؛ ئازادییەکی جیاوازیان وەرگرتووە، هەستم کرد توانای بیرکردنەوە و تێڕامانم باشتر بـووە و ئـاوەزم ڕوونتـر بـووەتەوە. هەسـتێکی خـۆش بـوو، ئاواتەخواز بـووم بەردەوام بێت، هەر چەنـد تـا ڕۆژێـک زیـاتر دەمامەوە، زیاتر هەستم بە خۆشی دەکرد.

## مێشکم ژەنگی گرتووە!

شـەوێک لە ژوورەکەمـدا بەتەنهـا بـووم، ویسـتم بـزانم چیم خەرج کـردووە. ئێسـتا مۆبـایلم پـێ نیـیە و هـیچ هۆکـارێکی ژمێریاریم لا نییە، وتم با بە پێنووس و کـاغەز ئەنجامی بدەم. بە چەنـد قۆناغێـک کـردم، سـەرەتا هەمـوویم کەڕەت کـرد، ڕاستەوخۆ ڕۆژانـی قوتابخـانەم بیـر هـاتەوە، ئەو سـەردەمەی

کاری کەرەتکردنمـــان ئەنجـام دەدا. ویسـتم هەنـدێک ژمـارە بەسەر هەندێک ژمارەی دیکەدا دابەش بکەم، لێرەدا لەپڕ بۆم دەرکەوت دابەشـکردنم بیـر چـووەتەوە! دەمویسـت (21000) ڕوپیە بگۆڕم بۆ دۆلار، پێویسـت بـوو (21000) دابەشـی سـەر (38) بکەم، نەمدەزانی لە کوێوە دەست پێ بکەم! ئارەقەیەکی زۆرم ڕشت... "لاحول ولا قوة الا باللە".




**وێنەی ڕوپیەی هیندی**

وێنەی یەکەم نووسـراوە: پـارەیەکی کـاغەزی هەزار ڕوپیەیی دەکاتە ($34)ی ئەمەریکی، تا ئەمڕۆش وێنەی گاندیی لەسەرە.

وێنەی دووەم: چەند دراوێکی جۆراوجۆری هیندی.

واتە لەگەڵ هەمـــوو ئەو ســـوود و کەڵکـــانەی تەکنەلۆژیـــا هەیەتـــی، بەڵام بە هـــۆی پشتبەســـتن بەو تەکنەلۆژیـــانەوە؛ مێشکمان ژەنگی کردووە، جێگەی پەژارەیە! کاتێک گەڕامەوە بۆ جدە، یەکەم کار بیکەم؛ دابەشکردن و لێکدانە.

## بۆ خۆشەویستی!

لەو کتێبەی لە کاتی دانیشتندا دەمخوێندەوە، وتەیەکی زۆر جوانی دەربارەی خۆشەویستی تیا بوو، دەڵێت: "خۆشەویستی و گەڕان بەدوای خۆشەویستیدا، دوو شتی لێک جیاوازن. ئێمە وەک منداڵ دەژیین، هەریەکە لە ئێمە بەدوای خۆشەویستیدا دەگەڕێت. منداڵەکان دەیانەوێت کەسێک خۆشی بوێن، کاتێک دایکەکە ئەم خۆشەویستییەیان پێ دەدات، گەورە دەبن، بەڵام کێشـــــەکە لەوەدایە ئەم بـــــابەتە بەردەوام دەبێـــــت، لە گەورەبوونیشیاندا هەر دەمێنێت. پیاو لە ژنەکەی دەخوازێت خۆشی بوێت، ژن داوا لە مێردەکەی دەکات خۆشی بوێت. لێرەدا کێشـەیەکی گەورە دروست دەبێت، زۆربەی لانەکان دەگۆڕێـــت بـــۆ دۆزەخ، چـــونکە هەمـــوو تاکەکـــان داوای خۆشەویستی دەکەن بەبێ ئەوەی بزانن چۆن خۆشەویستی دەبەخشـــرێت! ئەگەر هەر یەکێـــک لە هاوســـەران کـــۆبیر (تەرکیـز)ی لەسـەر دەروونـی و چـۆنیتیی بەخشـینی بێت بە بەرامبەر ئەو هاوسەرگیرییە، دەگۆڕێت بۆ بەهەشت."



یاساغ بوو لەناو خەڵوەتگەکە وێنە بگریت، بەڵام من توانیم بەخێرایی ئەم وێنەیە بگرم، ئەمە ئەو جێگەیە بوو لە ماوەی مانەوەم؛ تێرامانم تیا دەکرد.

لێرەدا دەڵێم: ئەو هاوسەرگیرییەی لەسەر بنەمای داواکردنی ماف بونیات بنرێت، شکست دەهێنێت. پیاو بڵێت: من پیاوم، پێویستە هەموو مافەکانی خۆم ببەم. ژن دەڵێت: پێویستە تۆش گرنگیم پێ بدەیت... هتد. هاوسەرگیریی سەرکەوتوو ئەوەیە لەسەر بنەمای بەخشینی ئەرک بونیات بنرێت، نەک لەسەر وەرگرتنی مافەکان. پێویستە هەردوو لا کۆبیریان لەسەر پیادەکردنی سەرجەم ئەرکەکانیان بێت بۆ هاوسەرەکانیان. ئەگەر هەردوو هاوسەر تێبگەن لەم چەمکە، ئەوە خێزانێکی بەختەوەر دروست دەکەن. باشە ئەگەر یەکێکیان لەم یاسایە تێگەیشت، بەڵام بەرامبەر تێنەگەشت؟ ئەو کاتە دوو ئەگەر هەیە، یەکەم: لایەنی بەرامبەر لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا دەگەڕێتەوە. دووەم: لایەنی دووەم بەردەوام بێت لە بێمنەتی و پێنەزانین و پشتگوێخستن.

هیی یەکەمیان ئەو چاکەیە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەڵام دووەمیان ئەگەر لایەنی یەکەم بەڕاستی و بەبێ بەرژەوەندی دەیبەخشییە لایەنی دووەم، ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەو هاوسەرگیرییە بەردەوامنەبوونی باشترە، چونکە ئەو هاوسەرگیرییە دەگۆڕێت بۆ ئیستیغلالکردن و بەکارهێنان. بەڵام لێرەدا نهێنییەکی دیکە هەیە، ئەگەر ئەو کەسە بە ڕاستی و دروستی لە ناخی خۆیەوە و بێ هیچ بەرژەوەندییەک بەخشیبێتی و کەسی بەرامبەر هیچ کاردانەوەیەکی بۆی نەبێت، تەنها لەم کاتەدا پێویستە چاو بخشێنێتەوە بە

هاوسەرگیرییەکەدا، چونکە ئەم هاوسەرگیرییە بووەتە ستەمکاری. بە تێڕوانینی من، زۆربەی زۆری هۆکاری تێکچوون و شکستی لانەی هاوسەرگیری؛ مێردە (پیاوان)ن. هەر چەند ئەم بابەتە بۆ شیکردنەوە زۆری پێدەچێت، ڕەنگە لە ئایندەدا پەرتووکێکی تایبەت لەسەر ژیانی هاوسەرگیری بنووسین.



# ڕۆژی سێیەم (2008/2/1)

ئەمڕۆ ئێوارە، خولێکی دیکە دەست پێ دەکات بە ناوی "کێ لە ناختدایە؟"، سێ ڕۆژ دەخایەنێت. ئامانجی خولەکە، ڕۆچوونە لە ناختدا بۆ ئەوەی ڕاستیی خۆتت بۆ دەربکەوێت. پێویستە هەموو ئەو دەمامکە کۆمەڵایەتی و دەروونی و هزرییانەی مرۆڤ لە کاتی ناسینی خۆیدا دەیانپۆشێت، دایبکەنێت. من بەم شێوەیە لە خولەکە تێگەیشتووم، هیوادارم سوودی بۆمان هەبێت. یاساکانی خولەکە: 1. سێ ڕۆژی تەواو لە بەیانییەوە تا ئێوارە، دەبێت لە هەمان جێگەی خولەکە بمێنیتەوە. 2. نابێت هیچ جۆرە پێداویستییەکی وەک پێنووس و کاغەز و مۆبایل و هەر شتێکی دیکە سەرقاڵت بکات و پێت بێت. 3. تەنها پێویستە شتە زۆر گرنگەکانی ژیان، وەک پێداویستیی خەو و پاکژیت پێ بێت. ئامانج لەم خولە ئەوەیە، پێویستە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە هەموو شتێک داببڕێیت، بۆ ئەوەی بەتەواوی ڕۆبچیت لە ناخی خۆتدا.



ناتوانم لە ماوەی خولەکەدا هیچ بنووسم، بەڵام چاوەڕوانم بن پاش ئەم سێ ڕۆژە بەدرێژی هەموو ئەو شتانەی لە خولەکە فێری بووم و ڕووی دا، بۆتان دەگێڕمەوە.





# نزایەک

کاتێک لەناوەڕاستی دار و درەخت و تاڤگەکاندا بووم، خەڵکم دەبینین لە دەوروبەرم، لە هەموو شوێنێکەوە هاتبوون بۆ ئەو جێگەیە، نزایەکم بۆ هات و وتم: "خودایە، ڕێنوێنیی هەموو ئەو کەسانە بکە لەم خەڵوەتگەن، خودایە لە هەموو شوێنێکەوە ڕوویان کردووەتە ئێرە، شوێن و نیشینەگەی خۆیان و خۆشەویستانیان بەجێ هێشتووە و بەدوای ئارامیی دەروونیدا دەگەڕێن. خودایە، تۆ ناوی ئاشتییت، ڕێنموونییان بکە، من و هەموو ئەوانە بخە سەر ڕێگەی ڕاست. خودایە، ڕێنموونییان بکە بۆ لای پێغەمبەرەکەت. لە کەموکورتی و هەڵە و تاوانەکانمان خۆش بە. ئێمەی بڕواداران کەمتەرخەمیمان نواندووە لە گەیاندنی بەرنامەکەی تۆ. کەمتەرخەم بووین بۆ ناسینی پێغەمبەرەکەت. کەمتەرخەمین، چونکە خەڵک ئێستا بەدوای ڕاستیدا سەرگەردانە، لە هەموو جێگەیەک بەشوێنیدا دەگەڕێت. لێمان ببورە، لێمان خۆش بە و چاوپۆشیمان لێ بکە، دامەزراومان بکە لەسەر ئیمانێکی جێگیر و دروست. وامان لێ بکە هەست بە بەرپرسیارێتی بکەین بەرامبەر ئەو خەڵکە سەرگەردانە بێدەرەتانانە. خودایە تۆ بەخشندەیت و بەخشندەییت خۆش دەوێت، لێمان خۆش بە. خودایە، شیرینیی ئیمانمان پێ بچێژە، بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین ڕێنمونیی خەڵکانی دیکە بکەین."

## دوو وێنەی ئەو خەڵوەتگەیە





# ڕازێک

لە یەکێک لەو کتێبانەی ئێستا لەبەر دەستمە و دەیخوێنمەوە، وتەیەکی زۆر جوانی تیا بوو، نووسرابوو: "مولحیدانی جیهان و زاناکانی کیمیا و فیزیا و زیندەوەرزانی، هێندەی پیاوە ئایینییەکان زیانیان بە ئایین نەگەیاندووە. پیاوانی ئایینی، ئایینیان شێواندووە و جەوهەری ئایینیان ڕوون نەکردووەتەوە بۆ خەڵک." وتەیەکی جوانی نووسەرێکی بێباوەڕە. ئەو وتەی "محەممەد غەزالی"م بیر کەوتەوە، دەڵێت: "بڵاوبوونەوەی ستەم و بێباوەڕی لە جیهاندا، نیوەی تاوانەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ هەندێک لە ئاینداریەکان، بە هۆی ڕەفتاری ناشرینیانەوە؛ خەڵک لە ئایینی خودا تۆراوە و ڕقی لێیەتی." پاک و بێگەردی بۆ خودا، خەڵک لە زۆر شوێنی جیهانەوە پەنای هێناوە بۆ ئەم خەڵوەتگەیە، بەڵگەیە لەسەر لاوازیی هەندێک لە بانگخوازان و پیاوانی ئایینی، چونکە نەیانتوانیوە کرۆک و جەوهەری ئایین بە خەڵک ڕابگەیەنن. جارێکیان بە مامۆستایەکم وت: باشە، بۆچی خەڵوەتگەی هاوشێوەی ئەوە لە وڵاتانی ئیسلامی ناکەنەوە، بۆ ئەوەی خەڵک بێت لە کرۆکی ئایین و جەوهەری ئیسلام تێبگات، فێری ئەو ببێت چۆن لەگەڵ بارگرژییەکانی دنیا هەڵسوکەوت بکات؟ چۆن بگاتە ئارامیی ناوەکی؟ پێش ئەوەی بێم بۆ ئێرە، لە ئینتەرنێت بۆ جێگەی هاوشێوەی ئەم خەڵوەتگەیە گەڕام، دەبینم جگە لە ئیسلام، هەموو ئایینەکانی وەک: مەسیحی و جوولەکە و هیندۆسی و بووزی و تەنانەت مولحیدەکانیش هەیانە، هەر کاتێک ڕۆحیان سەرقاڵ ببێت بە دنیاوە، پەنا دەبەن بۆ ئەم جێگایانە، بۆ ئەوەی خۆیان لە کێشە

و بێشەی دنیا ڕزگار بکەن و بگەن بە ئارامیی دەروونی.
کابرایەک وتی: ئەی ئەوە مەککە و مەدینەمان هەیە، هەر کەس دەیەوێت دەتوانێت بڕوات بۆ ئەوێ، بۆ ئەوەی ئارامیی دەروونی بەدەست بهێنێت. بەڵێ ڕاستە، ئەوە بەخشین و بەهرەیەکی زۆر گەورەیە، بەڵام مەککە و مەدینە بەبێ بوونی بەرنامەیەکی ڕوون و تۆکمە، لە کاریگەرییان کەم دەبێتەوە. بەڵگەیش، سەیری ژمارەی حاجییان بکە. هەموو ساڵێک نزیکەی (3) ملیۆن حاجی ڕوو دەکاتە حەج، لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخیان ناگۆڕێت. سەیری حەج بکە پاش بەجێهێشتنی مینا و عەرەفە، بزانە چەند پاشەڕۆ و پیسی و پاشماوە بەجێ دەمێنێت! ئەم سرووتە سەیر دەکەیت هیچ ناوەرۆکێکی تیا نامێنێتەوە، کاریگەرییەکەی هاوشێوەی نەبووبێت؛ وایە! پێویستە دووبارە چەمکی تێگەیشتن لە لایەنە ڕۆحانییەکەی ئەم سرووتە زیندوو بکەینەوە. داوام لەو مامۆستا کرد، کۆمەڵگەیەکی هاوشێوەی ئەو خەڵوەتگەیە دروست بکات، بۆ ئەوەی خەڵک ڕووی تێ بکەن (بڕوادار و بێباوەڕ). ئامانج لێی، دووبارە گەڕاندنەوەی خوانپێدانی ڕۆحی مرۆڤایەتی بێت، چونکە ڕۆحی خەڵک زۆر ماندووە، لەسەر لێواری مردنە، نازانن چی بکەن و پەنا بۆ کوێ بەرن، هەندێک لە زانایان خەریکی جەنگەدەنگیین لەسەر حوکمی لابردنی بڕۆ و گۆرانیوتن، ئەوەی ئەمان بانگی دەکەن، ڕۆحی تیا نەماوە.

## یەکتاپەرستان

زۆربەی ئەوانەی لەو خەڵوەتگەدا لەگەڵیان قسەم دەکرد، لە سەرجەم نەتەوە و ڕەگەزەکان بوون، هەموویان بڕوایان بە خوای تاقانە، یاخود بڕوایان بە هێزێکی مەزن هەبوو کە ناتوانرێت دیاری بکرێت. لە هەمان کاتدا هەموویان هەڵدەهاتن لەوەی بڕۆنە ناو ئایینێکی ڕێکخراوی بەرنامەڕێژ -مەسیحی یان ئیسلام- بێت، زۆربەیان هاتبوون تا خۆی بۆخۆی ئەو ڕاستییەی بۆ دەربکەوێت و خۆی بتوانێت ڕاستییەکە بدۆزێتەوە و بزانێت چۆن لە خوداوە نزیک بێتەوە، بەبێ پێویستبوونی بە ئایینێکی دیاریکراو.



وێنە

هەموو جارێک هەوڵم دەدا بەنەرمونیانی جیاوازیی نێوان ئایین و ئەوانەی ئەمڕۆ ناوی خۆیان ناوە ئایین، بکەم. هەوڵم دەدا پێیان بڵێم محەممەد و عیسا، دوو کەسێتیی مەزنن و دوو ئایینی جوانیان هێناوە، بەڵام ئەمڕۆ خەڵکانێک شوێنی ئەم دوو ئایینە کەوتوون، نەیانتوانیوە وەک پێویست ڕاستییەکان بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە. هیوادارم خودا ئەو پەردە لەسەر چاوی خەڵک لا بەرێت و حەقیقەت و ڕاستیی هەریەکە لە محەممەد و عیسا وەک ئەوەی هاتوون؛ دەربخات، بەدەر لەوەی ئەمڕۆ لە جیهاندا هەندێک لایەنگری ئەم دوو ئایینە ئەنجامی دەدەن، ئەوانە نە سەر بە ئایینی ئیسلامن، نە سەر بە ئایینی مەسیحن.



**وێنە**

## کارەسات



(دیزاستەر) کارەسات، گەیشتین بە شوێنی دەستپێکردنی خولی "کێ لە ناختدایە؟" لە کاتژمێر نۆ و نیوی شەو، ئامادەبووان نزیکەی پانزە کەس دەبوون، هەریەکە و جانتایەکی پێ بوو، هەموو پێداویستییەکانی ئەو سێ ڕۆژەی ئایندەی تیا بوو کە دەمێنینەوە. سەرەتای دانیشتنەکە لەسەر چۆنێتیی خولەکە و بابەتی ناو خولەکە قسەوباس کرا، پاشان گوێمان لە کاسێتێک گرت لەسەر تێڕامان. ژوورەکە فراوان بوو، سەرجەم پێداویستی و سەرین و جێگەی دانیشتن و هەندێک شتی دیکەی تیا بوو، خانووەکەش هەموو شتێکی لە پێخەف و شوێنی تەوالێت و شوێنی خۆششتن و ژووری خۆگۆڕین تیا بوو. مامۆستا ئەوەی بۆ ڕوون کردینەوە بابەتی ئەمڕۆ بەشداریکردنە لە تێڕامان لەگەڵ کەسێکدا. هەموو

کەسێک پرسیار لە بەرامبەر دەکات: "پێم بڵێ کێ لە ناختدایە؟ و دەست پێ دەکات، پاش ئەم پرسیارە کەسی بەرامبەر پێنج خولەک قسەی دەکرد، پاشان سەرەی تۆ دەهات لە کۆتاییدا ئەو پرسیارە بکەیت، بەم شێوەیە بۆ ماوەی چل و پێنج خولەک بەردەوام بوو. پاشان کەسەکانت دەگۆڕی و هەمان کارت دووبارە دەکردەوە، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ئەمە بەردەوام دەبێت. چیپی! لە ڕاستیدا نیگەرانی ڕووی تێ کردم، واتە من سێ ڕۆژ بمێنمەوە لەم جێگەیە، تەنها بۆ ئەوەی یەکێک پێی باش بێت پرسیاریم لێ بکات: "کێ لە ناختدایە؟"! من پێم وا بوو بە شێوەیەکی ستراتیژی هەندێک پرسیاری ژیرانە دەکرێت بۆ دۆزینەوەی ئەوەی لە ناخمدایە. هەر چۆنێک بێت کاتژمێر (12) خەوتین، بۆ بەیانی کاتژمێر (5)ی بەیانی هەستاین، دەستمان کرد بە پرۆسەی تێرامانی بێدەنگ، پاشان چیرۆکی بەشداریکردنی هاوڕێکەت دەستی پێ دەکرد. کەسێکی فەرەنسی هاتە بەردەمم، دەستمان کرد بە پرسیارکردنی "کێ لە ناختدایە؟". هەستم بە ئاسوودەیی نەدەکرد، بیرم لەوە کردەوە بەزوویی و بەخێرایی واز لەو کۆمەڵەیە بهێنم و بەردەوام نەبم. بۆ ژەمی بەیانی پرسیارم لە مامۆستا کرد، من دەمەوێت واز بهێنم، هەوڵی دا تا کۆتایی ڕۆژەکە لەگەڵیدا بەردەوام بم، بێسوود بوو، بڕیارم دا تا نانخواردنی بەیانی لەگەڵیدا بەردەوام بم. ئەم جارە کەسێکی کۆری هاتە بەردەمم و کاتێک وتم "کێ لە ناختدایە؟"، دەستی پێ کرد: "یا شو تشو یانج هو جی مرنا هی کای تشی بوجو لای..." بە زمانی کۆری! دەرکەوت ئەو کەسە زمانی ئینگلیزیی نەدەزانی، منیش هیچی لێ تێنەدەگەشتم، باشە من لەوە تێناگەم لەسەر چ بنەمایەک

دوایی ئەوە بۆ مامۆستا شی بکەمەوە بزانم باسی چیی کردووە؟ لە دانیشتنی دوای ئەو، کەسێکی یابانیم بۆ دەرچوو: "شی کی یونا تویوتا جی جابرکی بای نی تشو... هتد." بە خۆم وت، تا ئێرە و بەس، من وڵات و کەسوکار و هاوەڵەکانم بەجێ نەهێشتووە لە پێناوی ئەوەی گوێ لە کەسێک بگرم هیچی لێ تێنەگەم! دوای ئەوە نییەتم لێ هێنا بڕۆم و هەرگیز نەگەڕێمەوە. کە تەواو بوو، جێبەجێم کرد و ڕاستەوخۆ ئەو جێگەم بەجێ هێشت.

# چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا

بەڕێکەوت هەمان ئەو ڕۆژە چاوم بە مامۆستای ئەو وانەیە کەوت، هات بۆ لام و زۆر زۆر گلەیی و گازندەی لێ کردم و وتی: "بۆ کوێ ڕۆشتیت؟ ئێمە ڕێککەوتنێک لە نێوانماندا هەبوو تا کاتی نانخواردنی بەیانی بەیەکەوە بین، بەڵام نەمایتەوە تا ئەو کاتە! بەڵێنەکەت شکاند!" بەڕاستی هەستم بە شەرمەزارییەکی زۆر کرد. وتم من پێم باش بوو ئەم چەند ڕۆژە بەتەنها لێرە بمێنمەوە. وتی: دەبووایە لە دەرگای ڕێز و بە شێوەیەکی دیکە بڕۆیشتیتایە. پێم وت: ڕاست دەکەیت، دانی پیا دەنێم ڕێککەوتنێک لە نێوانماندا هەبوو، پێویست بوو پابەند بم بە ڕێککەوتنەکەمانەوە، یان بە لایەنی کەمەوە پێش ڕۆشتنم؛ ئاگادارم بکردیتایەتەوە. وتی: پێویستە لێرە بەباشی ئەوە بزانیت چیت دەوێت، چونکە تۆ زۆر پەرێشان دیاریت! پێم وت: ئەوە دەکەم. پاشان پێم وت: هیوادارم لێم خۆش بیت لەسەر ئەوەی ڕووی دا. باوەشم پیا کرد. لەم هەڵوەستە سادەدا دوو وانە فێر بووم، یەکەم: پابەندبوون بە بەڵێنەوە، تەنانەت ئەگەر بەزارەکییش بەڵێنت دابێت، بۆ ئەوەی خەڵک تێبینیت لەسەر دانەنێت و بەڵگەت لەسەر نەگرێت. دووەم: داننان بە هەڵەکەتدا بەبێ ئەوەی شەرم بکەیت و بەڕاشکاوی، بەم کارەت؛ ڕێزی کەسی بەرامبەر بەدەست دەهێنیت. کاتێک دانم بە هەڵەکەی خۆمدا نا، ڕاستەوخۆ تێبینیم کرد تووڕەییەکەی گۆڕا بۆ لێبووردن و ڕێزگرتن. خۆزگا مەبدەئی سەرەکیی ئێمەی بڕواداران لەسەر ئاستی سیاسییش لەسەر بەرنامەی لێبووردن و داننان بە تاواندا دامەزرایە. کاتێک هەڵەیەک

دەکەین، بەڕاشکاوانە دانی پیا بنێین، بیانوو نەهێنینەوە بۆ ئەوەی داوای لێبووردن بکەین، نەکردنی ئەم کارە؛ وای کردوە ڕێزی بەرامبەرمان لا نەماوە.

گەورەیی نەتەوەیەک و پێشکەوتنی ئەخلاق تێدا، دەتوانیت حوکم بدرێت لەڕێی ئەوەی کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئاژەڵەکانیاندا دەکەن.

ماهاتما گاندی

# میهرەبانی

دوای ئەوەی خـــولەکەم بەجـــێ هێشـــت، لەنـــاو دانیشـــتنە تێرامانەکانـدا ڕسـتەیەکی زۆر جـوانم لە یەکێـک لە کتێبەکانـدا خوێندەوە: "ئەگەر دەتەوێت بەسۆز بیت بەرامبەر بە خەڵک، سەرەتا لە شتانی سادەی بێجگە لە مرۆڤەوە دەست پێ بکە، وەک بێگیـان و ڕووەک و پاشـان ئـاژەڵان. میهرەبـانی نوانـدن بەرامبەر ئەوانە ئاسـانترە وەک بەزەییهاتنەوە بە مرۆڤدا، ئەمە دەروازەیەکـی ئاسـانە بـۆ ئەوەی میهرەبـانی بێتە دڵتەوە." ئەم ڕستەیە زۆر کـاریگەریی لەسـەرم دانـا، کاتێـک مـن بەرامـبەر دار و درەخـت و ڕووەک و سـەوزاییەکان دادەنیشـتم، کاتێـک پیسـی و تـۆز و خـۆڵ دەنیشـتە سـەر گەڵا و پەلـی ڕووەکێـک، بیرم لەوە دەکردەوە ئەم درەختە ناتوانێت بۆخۆی خۆی پاک بکـاتەوە و تـۆز و خـۆڵەکە لە خـۆی بتەکێنێت، بـۆچی مـن ئەو کـارە نەکەم و بەسـۆز بـم بەرامـبەری. هەسـتم بە شـتێکی زۆر خـۆش کـرد لە ناخمـدا، پاشـان فرمێسـک بە چاومـدا هـاتە خوارەوە و بیرم لەم ئایەتە کردەوە:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿يَٰبُنَيَّ إِنَّهَآ إِن تَكُ مِثۡقَالَ حَبَّةٖ مِّنۡ خَرۡدَلٖ فَتَكُن فِي صَخۡرَةٍ أَوۡ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ أَوۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ يَأۡتِ بِهَا ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٞ ١٦﴾ لقمان: ١٦

**واتە: "ئەی کوڕی شیرینم، بەڕاستی قسە ئەوەیە کردەوە چاک بێت یان خـراپ، ئەگەر لە بچـووکی و سـووکیدا کێشـی دانەوێـڵەیەک بێـت لە خەردەلێـک، ئینجـا لەگەڵ ئەو زۆر وردی و بچـووکییەی لە پۆشـیدە و**

شاراوەترین شوێندا بێت، لەناو ئاسمانەکاندا بێت یان لە زەویدا، خوا دەیهێنێت و ئامادەی دەکات، چونکە بەڕاستی خوا زانایە لە هەموو پۆشیدە و شاراوەیەک."

هەستم بە گەورەیی خودا کرد، چۆن ئاگای لە گەڵایەکی بچووکی داری بۆنایا، کاتێک تۆز بە سەریەوە دەنیشێت! پاک و بێگەردی بۆ خودا.

کاتێک من ئەم ڕازە دەنووسم، کاتێ دانیشتبووم هەستم بە مێروولەیەك کرد، منیش نزیك بوومەوە و سەرنجم دەدا، بینیم چەند مێروولەیەك دەگەڕێن بە دوای ڕۆزیاندا (یان من وام هەست دەکرد) بۆ ساتێك هەستم بە لێکچوون کرد لە نێوان من و ئەو مێروولەدا، کە هەردووکمان خوا دروسی کردووین!! پەنجەم دانا بەو ئومێدەی مێروولەکە بێتە سەر دەستم و سەرنجی بدەم، یەکێکیان هەڵگەڕا بە دەستمدا، دانیشتم و تەسبیحاتی خوام دەکرد و ئەم ئایەتەم هاتەوە یاد:

قَالَ تَعَالَى: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوۡاْ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمۡلِ قَالَتۡ نَمۡلَةٞ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمۡلُ ٱدۡخُلُواْ مَسَٰكِنَكُمۡ لَا يَحۡطِمَنَّكُمۡ سُلَيۡمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ۝١٨﴾ النمل: ١٨

واتا: "هەتا حەزرەتی سولەیمان ﷺ بەخۆیو لەشکریەوە گەیشتە (وادی النملە) -دۆڵە مێروله- وەکوو دەڵێن: دۆڵێکە لەشام مێروی زۆرە. بۆیە بەناو مێرووەوە ناونراوە. ئا لەو کاتەدا مێروویەک: کەسەرپەرشتی مێرولەکانی تری لەئەستۆ بوو، بانگی لەمێرولەکانی تر کرد وتی: ئەی مێرولەکان؛ هەمووتان خۆتان تاقەت بکەنو هەریەکەتان بچێتەوە شوێنی

خانەی خۆی، نەبادا سولەیمان و لەشکرەکەی پان و پلیشتان بکەنەوەو پێتان نەزانن. حەزرەتی سولەیمان(علیه السلام) لەمانە حاڵی بوو".

پرسیم ئایا مێرووولەکە دەزانێت کە من ئەحمەدم؟؟ دانیشتم رامام لێی و تەسبیحات و سوپاسی خوام کرد و دەمزانی ئەویش تەسبیحاتی خوا دەکات (... لا تفقهون تسبیحهم ...) پاشان بە سەلامەتیی بەرمدا، پاشان دوای ماوەیەکی کەم مێرووولەیەکم بینی بە خێرایی و ناجێگیریی هات، شتێك هات بە خەیاڵمدا: ئایا رێی تێ ئەچێت ئەو هەست بە بوونی مرۆڤێك بکات کە تەسبیحاتی خوا دەکات، دەیەوێت ئەویش بەردەوام بێت لەگەڵی وەك مێرووولەی یەکەم؟؟ دەستم دانا و بەڵێ مێرووولەکە هاتە سەر دەستم و ڕۆیشتە سەرشانم!! منیش لێی ورد دەبوومەوە، جوڵەکەی کەمی کرد و منیش دانیشتم و تەسبیحاتی خوام دەکرد و سەرنجم دەدا، پاشان بەرمدا، لە دڵی خۆمدا پێم وت: سڵاوم بگەیەنە بە هەموو مێرووولەکانی تر، ئەوانەی کە لەگەڵتان، پێیان بڵێ کە ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی خوا لە خاکێك لە خاکی خوا کە پێی دەڵێن هیند، ئیمانداریك هات بۆلاتان و تەسبیحاتی خوای دەکرد و سڵاوی لێ دەکردن، دیداری داهاتووشمان بە ئومێدی خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا دەبێت، بەڵکو ئێوە شایەتی بدەن کە (ئەحمەد) تەسبیحاتی تۆی کرد پەروەردگارا، ئا لەم شوێنەدا و لەم ساتەدا (بەڕاستی ئەمە یەکێك بوو لە ساتە زۆر جوانەکانی ژیانم).

شتێکی لەخۆوە و ڕێکەوت نییە هاوەڵێکی بەڕێز، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ناوی نابوو "ئەبو هورەیرە"، چونکە هەمیشە پشیلەیەکی بچووکی پێ بوو، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ سۆز و میهرەبانیی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم). خودای پەروەردگار دەربارەی دەفەرموێت:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَٰلَمِينَ ۝١٠٧ قُلْ إِنَّمَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ فَهَلْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ ۝١٠٨ ﴾ الأنبياء: ١٠٧ - ١٠٨

واته: "ئێمه: تۆمان کردوه بەپێغەمبەرو ڕەوانەمان کردوی کەڕەحمەتو فەرو بەرەکەت بێ بۆ ئادەمیزادو جندۆکە، شەریعەتو بەرنامەو ڕێنمونیت مایەی ڕەحمەتو فەڕە بۆ هەموو عالەم، هەرکەسێ شوێن پەیامەکەت بکەوێو ئیمانت پێ بێنێو ئەو ڕەحمەتەی قبوڵ کردبێو سوپاسی ئەو نیعمەتە پیرۆزەی کردبێ، لەدونیاو قیامەت دا کامەرانە، خۆشنوودو بەختەوەرە، ئەی موحەممەد! بەموشریکەکانی مەککەو هەموو ئادەمیزادێک ڕابگەیەنەو پێیان بڵێ: ئەوەی بەنیگا بۆ من هاتووە ئەوەیە: کەخودای ئێوە خودایەکی تاکو تەنهایە، کەس هاوەڵی نیە، هیچ کەس ڕایەی ناکەوێ ببێتە هاوشانی، ئێوەش بەتاکو تەنهای بزانن‌و هاوەڵی بۆ دامەنێن، بەتەواوی گەردنکەچی بن‌و شوێن من بکەون‌و ئیطاعەم بکەن، یەکتاپەرست بن، چونکە یەکتاپەرستی بەدڵسۆزانە ئادەمیزاد لەخەیاڵی پوچ‌و نەزانی ڕزگار دەکا، پێیان بڵێ: ئەوە ڕێبازی ڕەحمەت‌و ڕێگای سەرفرازییە! ئایا ئێوە خۆتان بەخودا سپارد؟ موسوڵمان بوون؟ گەردنکەچ بوون‌و هاتنە سەر ڕێبازی حەق؟؟."

ئەو تەنها بۆ مرۆڤ بەسۆز و میهرەبان نەبووە، بەڵکوو بۆ هەموو بوونەوەران میهرەبان بووە. جار جار دێت بە خەیاڵمدا پشیلەیەک بکرم، لەگەڵ ئەوەی زۆر ڕقم لە پشیلەیە! دەبینم ڕقلێبوونم دەربارەی پشیلە، کەموکورتیی سۆزە لە دڵمدا. ڕەنگە بەخێوکردنی پشیلە، هۆکاری دابەزینی سۆز و

میهرەبانییە بۆم. لە ڕاستیدا نازانم ئەو کارە دەکەم یاخود نا!
ئەم کارە پێویستی بە ڕاوێژ هەیە لەگەڵ هاوسەرم، بۆ ئەوەی
بە شێوەیەکی دیموکراتی بڕیاری لەسەر بدەین.

## پێشخستنی گەڕانەوە

کاتێک لە خولەکە هاتمە دەرەوە، بڕیارم دا ماوەی گەڕانەوە پێش بخەم. لەجیاتیی ئەوەی (8)ی شوبات بگەڕێمەوە، گەڕانەوەم دەخەمە (5)ی شوبات. ئەو ماوەی ماومە، دەمەوێت سوودی لێ ببینم بۆ ئەوەی زیاتر لەناو دار و درختی ئەو خەڵوەتگەدا تێڕامان بکەم، دوور لە خول و ژینگەی گشتی، چونکە زۆر شتی هەبوو بەدڵم نەبوو، بۆیە بڕیارم دا.

## بەدەستهێنانی دڵەکان، پێش دانانی یاساکان

ئەم یاسایەم لێرە لە ماوەی مانەوەم لە خەڵوەتگەکەدا بۆ دەرکەوت، خەڵکم دەبینی هەموو فەرمانەکانی جێبەجێ دەکرد. بە ڕۆژ ڕۆبێکی سووریان دەپۆشی، بە شەو پۆشاکی سپییان لەبەر دەکرد. کاتێک دەیانوت سەما بکەن، هەمووان سەمایان دەکرد. کاتێک دەیانوت هاوار بکەن، هەمووان هاواریان دەکرد. کاتێک دەیانوت بەرز ببنەوە، هەمووان بەرز دەبوونەوە. پاشان تاوناتاوێک هەموویان بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد "ئۆشۆ!"، من ئەمەم بینی. چەندین یاسای سەیروسەمەرەی هەبوو، هەندێکیان بەرئاوەز بوون، بەڵام هەندێکی دیکەیان ئاوەزی مرۆڤ وەرینەدەگرت -لەگەڵ ئەوەشدا خەڵک وەڵامیان دەدایەوە! بۆچی؟ چونکە ئەم پیاوە (ئۆشۆ) لەگەڵ ئەوەی ساڵی (1990) مردووە، بەڵام دڵی خەڵکی زۆری بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە! بە کتێب و وتار و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی، دڵی هەزاران مرۆڤی بۆ خۆی ڕاکێشاوە. کاتێک دڵی خەڵکت بەلای خۆتدا ڕاکێشا، زۆر بەئاسانی وەڵامت دەدرێتەوە. هەر چەندە هەندێک یاسای ئەم پیاوە لافوگەزافە، هەروەها هەندێک یاسایشی بێبنەمان، بەڵام توانیویەتی لە بەدەستهێنانی دڵی خەڵکیدا سەرکەوتوو بێت، شوێنکەوتووانی لە سەرجەم جێگەیەکی جیهانەوە بەدەنگییەوە دێن، تەنانەت خەڵوەتگەکەی ڕۆژانە نزیکەی (1000) کەسی تیایە بە درێژایی ساڵ. ئەمە دیدێکی نوێی پێ دام بۆ ژیانی محەممەدی خۆشەویستمان (ﷺ)، سەرەتا دڵەکانی کەمەندکێش دەکرد، پاشان سوننەت و یاساکانی بۆ خەڵک دادەنا. هەموو ئەوانەی مسوڵمان بوون، بە

هۆی یاساکانی ئیسلامەوە مسوڵمان نەبوون، پاش ئەوەی مسوڵمان بوون، پێغەمبەر (ﷺ) دڵی ئەوانی بەدەست هێنا، پاشان یاساکان لایان زۆر ئاسان دەبوون. ئەوەتا یاسای ڕۆژووگرتن و یاساغبوونی عەرەق و مەی، بێجگە لەوانەش یاساکانی دیکە، دوای (13) لە بانگەوازی پێغەمبەرایەتی (ﷺ) دانران!

بریا ئەمڕۆ لەم یاسایە تێبگەیشتینایە، هەزار خۆزگە بانگخوازان لێی تێبگەشتنایە، سیاسییەکانمان لێی تێبگەشتنایە. سوێند بە خودا ئەگەر دڵەکان کەمەندکێش بکەن، تەواوی خەڵک شوێنتان دەکەون، بەبێ ئەوەی یاسایان بۆ دابنێیت. دەربارەی یاسا سزاییەکانی ئیسلام؛ بۆ هەموو خەڵک دانەنراوە، بەڵکوو بۆ کەمینەیەکی دژەباوی خەڵک دانراون. ئەگەر بینیت زۆربەی خەڵک تاوان دەکەن و سنووربەزێنی دەکەن، ئەوە بزانە کەمتەرخەمی لە پەروەردە و خۆشەویستیدایە. جێبەجێکردنی سزاکان، چاکسازی لە کۆمەڵگەدا ناکات، بەڵکوو زیاتر یاخیبوون بەرپا دەکات. بۆ نموونە؛ لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا ئەمەریکا ویستی مەی یاساغ بکات و یاساگەلێکی بۆ دەرکرد، کەچی زۆربەی خەڵک دژی یاساکە بوون و ئەو یاسایان پێشێل کرد و شکستێکی گەورەی هێنا، چونکە یاسایەک دەرکراوە بەبێ بوونی دانانی سیستمی پەروەردەیی خودی تاک، کەچی پەرچەکرداری پێچەوانەی هەبوو. دەبینی لە هەندێک وڵاتی عەرەبی و ئیسلامی مەی یاساغە، بەڵام ئەوانەی لە وڵاتدا مەی دەخۆنەوە، زۆرن -بەداخەوە هەر کەس سەیری سەرژمێرییەکان بکات، دەزانێت ژمارەی بەکارهێنەران و

هەوادارانــی مەی خــواردنەوە چەنــد زۆرن- بـۆچی؟ چـونکە لایەنی ڕۆحیی کۆمەڵگە وێران و لەسـەر لێواری لەناوچوونە. خۆشەویسـتی و پەروەردە بوونیـان نەمـاوە، کاتێـک دڵەکانـت لەدەست دا، بوونی یاسا وەک نەبوونی وایە، هیچ کاریگەری لەسـەر خەڵـک دانانێت، بەڵکوو داواکـاریی خـواردنەوە زیـاتر دەبێت. جارێکی دیکە (بەدەستهێنان و داگیرکردنی دڵەکان پێش دانـانی یاسـاکانە) ڕۆحـی یاسـا بەبـێ ئەو؛ هـیچ بـوون و کاریگەریی نییە، بۆیە گۆڕان دەبێتە بەشێک لە خەیاڵ بەتاڵی و پووچگەرایی و سەرگەردانی. ئەگەر بە شێوەیەکی ڕووکەشیش ڕوو بــدات، ئەوە بەخێرایــی و بە ســاتێک دادەڕووخێــت و نامێنێت.

پەیامی ئیسلامە، بەڕاستی تۆ تەنها گەیاندنی بەرنامە و بڕیارەکانی خوات لەسەرە، ئیتر حیساب و پاداشت و تۆڵەیان لەسەر ئێمەیە، کە وا بوو تۆ درێژە بە کاری خۆت بدە و مەوەستە.

خودای پەروەردگار بە محەممەدی پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێت: تۆ تەنها گەیاندنت لەسەرە، ناتوانیت لەسەر کردەوەکانیان لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەیت. ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی خودای تاقانە. خۆزگا خەڵکمان لەبیر دەکرد چی دەکەن و چی ناکەن بە حاڵی خۆیانەوە (بڕوادار بێت یاخود نا)، خۆمان لە جێگەی خودا دانەنیشتینایە و حوکممان بدایە بەسەر خەڵکدا! حاڵی ئێمە زۆر جار لە حاڵی ئەو دوو پیاوە دەچێت، خواناسێکیان بە کابرایەکی یاخی دەڵێت: سوێند بە خودا، خودا هەرگیز لێت خۆش نابێت! خودا لە ڕۆژی دواییدا هەردووکیانی هێنا و فەرمووی: کێ لەجیاتیی من، خودایەتیی کردووە! خواپەرستەکەی خستە ئاگر و خراپەکارەکەشی خستە بەهەشت.

بەڕاستی چیمان لێ بەسەر هاتووە لە دونیادا لە جێگەی خودا دانیشتووین! براکانم، لێ گەڕێ خەڵک؛ خودا حوکمیان بکات! ئێمە تەنها گەیاندنمان لەسەرە... تەنها گەیاندن. لە کۆتایی ڕێگە دەزانین کێ دەڕواتە بەهەشت و کێش دەڕواتە ئاگر، ئەمە پسپۆڕی و تایبەتمەندیی خودای پەروەردگارە، با دەست تێ وەرنەدەین.

## من کێم، تا لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەم؟

لە سۆنگەی ئەو سەرگەردانییە کە خەڵکی لە سایەیدا دەژی، چەندین حاڵەتی دەروونیی جیاوازم بۆ دروست دەبوو، هەندێک جار هەستی چاکی وەک لێبوردەیی و سۆزی میهرەبانیم هەبوو بۆیان، هەندێک جار هەستی سوپاسگوزاری کە خودا ڕێنمونیی کردووم بۆ ئیسلام بەبێ ئەوەی دەسەڵات و ویستی خۆمی تیا بێت. بەڵام هەندێک جار هەستی لەخۆباییبوونم بۆ دروست دەبوو، بەوەی ئەوانم بە پلەی لە خۆم خوارترم دەبینی، هەندێک جار لە ناخمدا لێپرسینەوەم لەگەڵ دەکردن بەوەی لە سەما و ئارەزووبازی و خواردنەوەدا ڕۆدەچن. ئەمڕۆ ئایەتێکم خوێندەوە، ئاسوودەیی پێ بەخشیم و هەر چی هەستی لەخۆباییبوون و لووتبەرزی و لێپرسینەوەی بەرامبەرم لایە، لەناوی برد و نەیهێشت، ئەویش ئەو فەرموودەی خوای پەروەردگارە دەفەرمووێت:

قَالَ تَعَالَى: ﴿ وَإِن مَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ ٱلَّذِى نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ ٱلْبَلَٰغُ وَعَلَيْنَا ٱلْحِسَابُ ﴿٤٠﴾ ﴾ الرعد: ٤٠

واتە: 'ئەی پێغەمبەر! ئەگەر لەماوەی ژیانتدا بڕێ لەو هەڕەشەو گوڕەشانەی لەدوژمنانەکانتمان کردوە بیانهێنینە دیو پیشانت بدەین چۆن کافرو موشریکەکان ریسوا دەکەینو سزایان دەدەینو لەناویان دەبەین، یان پێش ئەوەی ئەوەیان بەسەر بێنین ئەتۆ بمرێنین هەر لایەکمان بڕیار دابێ، ئەوەی لەسەر تۆ پێویستە ئەنجامی بدەی ڕاگەیاندنو بلاوکرنەوەی

پەیامی ئیسلامە، بەڕاستی تۆ تەنها گەیاندنی بەرنامە و بڕیارەکانی خوات لەسەرە، ئیتر حیساب و پاداشت و تۆڵەیان لەسەر ئێمەیە، کە وا بوو تۆ درێژە بە کاری خۆت بدە و مەوەستە."

خودای پەروەردگار بە محەممەدی پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێت: تۆ تەنها گەیاندنت لەسەرە، ناتوانیت لەسەر کردەوەکانیان لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەیت. ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی خودای تاقانە. خۆزگا خەڵکمان لەبیر دەکرد چی دەکەن و چی ناکەن بە حاڵی خۆیانەوە (بڕوادار بێت یاخود نا)، خۆمان لە جێگەی خودا دانەنیشتینایە و حوکممان بدایە بەسەر خەڵکدا! حاڵی ئێمە زۆر جار لە حاڵی ئەو دوو پیاوە دەچێت، خواناسێکیان بە کابرایەکی یاخی دەڵێت: سوێند بە خودا، خودا هەرگیز لێت خۆش نابێت! خودا لە ڕۆژی دواییدا هەردووکیانی هێنا و فەرمووی: کێ لەجیاتیی من، خودایەتیی کردووە! خواپەرستەکەی خستە ئاگر و خراپەکارەکەشی خستە بەهەشت.

بەڕاستی چیمان لێ بەسەر هاتووە لە دونیادا لە جێگەی خودا دانیشتووین! براکانم، لێ گەڕێ خەڵک؛ خودا حوکمیان بکات! ئێمە تەنها گەیاندنمان لەسەرە... تەنها گەیاندن. لە کۆتایی ڕێگە دەزانین کێ دەڕواتە بەهەشت و کێش دەڕواتە ئاگر، ئەمە پسپۆڕی و تایبەتمەندیی خودای پەروەردگارە، با دەست تێ وەرنەدەین.

## ڕۆژی چوارەم و پێنجەم (2-3ی شوباتی 2008)

هەست بە ئاسوودەییەکی دەروونی و پاکبوونەوەیەکی ئاوەزی دەکەم، هەرگیز پێشتر هەستی وەهام لا دروست نەبووە. هەست دەکەم ئاوەزم وەک ژوورێک وا بووە، هەمووی پەرشوبڵاو و تێکەڵوپێکەڵ، ئێستا هەموویم ڕێک خستووە و پاکم کردووەتەوە. هەست دەکەم ئاوەزم ئێستا بەرنامەڕێژییەکی تەواوم بۆ کردووە و بە بیرێکی فراوانتر کارەکانم ڕادەپەڕێنم... هەست بە ئازادیی ئاوەزم دەکەم، ئێستا چاوەڕوانی تەلەفۆنی هیچ کەسێک نییە، زۆر تامەزرۆی بینینی ئیمەیل و هەواڵەکانی دیکەی (فەیسبوک) نییە، هەروەها چاوەڕوانی ستایشکردنی هیچ کەس نییە... هەست بە هاوسەنگییەکی زۆر جوان دەکەم لەنێوان دەروون و ئاوەز و دڵمدا، وەک ئەوە وایە هەموویان بەیەکەوە ڕێک کەوتبن. پێشتر زۆربەی جار ئەم هەستانەم پێکەوە ناکۆک و لە ململانێدا بوون. بەڵام ئێستا هەست بەم ململانێیە ناکەم، وەک ئەوە وایە هەموو خانەیەکی جەستەم لە پێناو یەک ئامانجدا هەوڵ بدات، ئامانجی بیرکردنەوە لە خودا، ئامانجی تێڕامان لە بەدیهێنراوەکانی پەروەردگار، ئامانجی نوێکردنەوەی نییەتی سەرجەم کارەکان تەنها بۆ خودا بێت، وەک ئەو نزایەی لێ هاتووە دەفەرموێت:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿١٦٢﴾﴾ الأنعام: ١٦٢

واتە: ٭

ئەی محەممەد (ﷺ)! پێیان بڵێ بێگومان هەموو جۆرە خوداپەرستییەکم؛ نوێژو پاڕانەوەو قوربانیو حەجو عەمرەو هەموو کردارو گوفتارێکم لە ژیاندا، ئەو بیروباوەڕەی لەسەری دەمرم هەمووی بۆ خودای پەروەردگارەو مەبەستم لە ئەنجامدانیان بەندایەتی کردنی زاتی پاکی کردگارە، هەموو کارو مەبەستو نییەتم بۆ ڕازی کردنی خودای مەزنو بێ هاوەڵە! ٭

بێگومان ئەم ئایەتە کۆکەرەوەی هەموو کردارێکی چاکەیە، هەموو کردارو گوفتارێکی باشی لە خۆ گرتووە!.

سەرقاڵیی کارەکانی دونیا چەند زۆرن، چەند بەئاسانی دڵ دەکەوێتە ژێر کاریگەری و دەبێتە شوێنی نیشتەجێبوونی، دەبێتە کۆیلەی دونیا. کێشەکە لەوەدایە ئێمە هەست بەو بەندایەتی بۆ کردنەی ناکەین، وا هەست دەکەین ئازادین، کەچی کۆیلەی ئەوین!

# ئازاد یان کۆیلە

ئایا پێت وایە تۆ ئازادیت؟ بیر بکەرەوە و بەپەلە وەڵام مەدەرەوە! کاتێک ناتوانیت بەبێ مۆبایلەکەت بجووڵێیت و تەنانەت دەیبەیتە گەرماویشەوە، ئایا تۆ ئازادیت؟ کاتێک کێشەیەک دەکەوێتە ئینتەرنێتەکەت یاخود پاسۆردی فەیسبوکەکەت بیر دەچێت، هەڵدەچیت و تێک دەچیت و ئارام ناگریت، ئایا تۆ ئازادیت؟ کاتێک ڕۆژەکەت تێک دەچێت و تووشی بێزاری و ناخۆشی دەبیت لەسەر ئەوەی کۆمێنتێکی ناخۆشت بۆ هاتووە و ڕەخنەی لە کێش و ڕووخسار و بابەتەکەت گرتووە، ئایا تۆ ئازادیت؟ کاتێک ڕۆژانە وەک ئەوەی تەنگەتاو بووبیت، پەلاماری شاشەی مۆبایل دەدەیت بۆ ئەوەی بزانیت نرخی پشک و هەواڵەکان باس لە چی دەکەن و نان و ئاوت لەبیر چووە و ماڵەکەت لە پێناو پشکەکان لە خۆت تێک داوە، ئایا تۆ ئازادیت؟ کاتێک ئالوودەی خووی نهێنی و سێکسی ناشەرعی و خواردنەوەیت، هەر کاتێک هەستت بە بێزاری و وەڕسبوون کرد؛ پەنا بۆ ئەم شتانە دەبەیت، ئایا تۆ ئازادیت؟ بیر بکەوەرەوە و پێداچوونەوەیەک بە خۆتدا بکە! دڵەکانمان بوونەتە کۆیلەی دونیا. با ئیدی گاڵتە بە خۆمان نەکەین و بڵێین ئێمە بەندەی خوداین! ئەمە تەنها گوفتارە، گوفتاریش زۆر ئاسانە. با چیدی خۆمان فریو نەدەین و بڵێین ئێمە یەکتاپەرستین، ڕەنگە ڕاست بکەین ئێمە یەکتاپەرست بین، بەڵام یەکتاپەرستی ئارەزووبازی و داواکارییەکانی ژیان و ماڵ و جوانی و ناوبانگ و خۆشەویستیی ئاوڕلێدانەوە و سێکس و خواردنەوەین... بەڵێ، یەکتاپەرستین و دڵمان پڕە لەم

بابەتانە، لە دنیادا هەست ئازادی ناکەین تا بەتەواوی دڵمان دانەبڕین بە هۆگربوون بەم بابەتانەوە!

بەو پێیەی پێویستە هۆگری شتێک بێت نابێت خاڵی بێت لەوەی پەیوەست بێت بە شتێکەوە، پێویستە هۆگربوون بە دنیات بگۆڕیت بۆ هۆگربوون بە خوداوە. پرسیارێک لێرەدا: چۆن دەبێت! چۆن بتوانیت ئەو کارە بکەین! پرسیارێک ملیۆنان کەسی سەرسام کردووە، ئەو پرسیارە لە سەرەتای بەدیهێنانی مرۆڤەوە لەسەر زەوی دەکرێت... هیچ پێویست بەوە ناکات، من وەڵامت دەدەمەوە، گومانی تیا نییە وەڵامەکەی؛ خەڵوەت و گۆشەگیرییە و دابڕانی دەروونە لەم شتانە بۆ ماوەیەکی کاتییش بێت، هاوکاریی باشت دەکات بۆ گەیشتن بەو ئامانجە باڵایانە. هەموو کەسێک ڕێگەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ ئەوە هۆگری بێت، بۆیە ئەم ڕێگەیانە دەتوانێت لەناو گۆشەگیری و خەڵوەتدا دەریانبخات. هەتا دان نەنێین بەوەی ئێمە کۆیلەی دونیاین، ناگەینە ئەنجام. ئێمە دیلین، ئەوەی ئێمەی تیاین؛ ئازادی نییە. تا ئەمە نەدۆزینەوە و دەرینەخەین کە کۆیلەن، وەک خەوتوو واین، هیوادارم لەم خەوە بەخەبەر بێین و بۆ ئەوەی چاکسازی لە خۆماندا بکەین، پێویستە چاوەڕوانی دەرئاسا (معجیزە) نەبین. پەنا دەگرم بە خودا، بۆ ئەوەی بەخەبەر بێین.

# پاراستنی چاو

لەچاو ڕۆژی یەکەممدا، پاراستنی چاوم باشتر بووە. لەگەڵ زۆر دانیشتن و زۆر بیرکردنەوە و تێڕامان، هەست بەوە دەکەم ڕۆحم دەستی گرتووە بەسەر جەستەمدا، وام لێ هاتووە دەوروبەرم دەبینم، بەڵام سەیریان ناکەم. جیاوازییەک هەیە، بینین شتێکە و چاوخستنەسەر شتێکی دیکەیە. سەیرکردن ئەوەیە شتێک ببینیت، بەڵام هەموو ئەندێشە و بیرت لای ئەو شتە بێت. ئافرەتێک دێتە بەردەمت، بەڵام ئاوەز و بیر و بە دیدێکی ئارەزووبازی سەیری ناکەیت. پاک و بێگەردی بۆ خودا، ئەمڕۆ من لەناو کۆمەڵگەیەکی ڕووتدا چاوم پاراستووە، ئەی دەبێت چۆن خۆم بپارێزم کاتێک دەگەڕێمەوە کۆمەڵگەکەی خۆم کە پڕیەتی لە عەبا! بۆم دەرکەوتووە چاو پاراستن لە بنەڕەتدا پاراستنی ئاوەزە. ئەمە پەیوەندیی نییە بەوەی لە دەوروبەرتدایە. چەند گەنجمان هەیە لەناو ئاپۆڕەیەکی زۆری ئافرەتدایە، وەک ئەوە وایە کەسیان نەبینێت، کەچی بیر لەوە دەکاتەوە لەژێر ئەم عەباوە چی هەیە، یان بیر لەو چاوە ڕەشانەیان دەکەنەوە، چونکە تاکە شتێکە لە جەستەی ئافرەتەکەدا دیارە. خۆشەویستانم، ئەمە بانگەشە نییە بۆ ئازادیی ڕەهای ئافرەتان و لابردنی پەچە و عەبا، با وا بکەین ئافرەت بە شێوەیەک باڵاپۆش بێت کە بەڕاستی لەخواترس بێت، نەک وا بکات گەنجەکان لەخشتە بەرێت، تەنانەت ئەگەرچی ڕووخساریشی دیار بێت، خۆپارێزییەکە پەیوەستیی بە ناخەوە هەیە... ئافرەت هەیە باڵاپۆش و عەباپۆشە، کەچی هەست دەکەیت ڕەفتارەکانی پێچەوانەیە.

بەپێچەوانەوە، ئافرەت هەیە بالاپۆش نییە، کەچی دەبینی ڕەفتاری وا دەنوێنێت ناچارت دەکات ڕێزی بگریت.

لێرەدا وتەی کەسێکتان بە ڕاڤەیەکی جوانەوە بۆ دەگێڕمەوە:

"سۆرداس" هەردوو چاوی دەرهێنا، وا گومانی دەبرد بە دەرهێنانی چاوەکانی، ئارەزوو و ویستەمەنییەکانیشی دەڕۆن و نامێنن، وتی ئارەزووەکان لە چاودان، لە کاتێکدا ئارەزووەکان لە چاودا نین، بەڵکوو لە ئاوەز و ئەندێشەی مرۆڤدان. هەرگیز ئارەزووەکان ناڕۆن و کۆتاییان نایەت، ئەگەر چاوەکانیش دەربهێنیت (ئۆشۆ).

"Dhritarashtra is blind. But passion does not disappear with the absence of sight; desire does not disappear with the absence of sight. Had Surdas thought of Dhritarashtra, he would never have destroyed his own eyes.

"Surdas destroyed his eyes believing that once his sight was gone, desire and passion would never arise in him again. But desire does not arise in the eyes, it arises out of the mind. No passion will ever be finished in this way - even if one destroys one's own eyes" - Osho.

ئەگەر "سۆرداس" بیری لە "دریتاراشترا" بکردایەتەوە، چاوەکانی دەرنەدەهێنا. "دریتاراشترا" کوێر بووە، کەچی بە نەبوونی چاوەکانی، ئارەزووبازی و ویستەمەنییەکانی لەناو نەچووبوون، چونکە ئارەزوو بە نەبوونی چاو لا ناچن.

# توێژینەوە

شـــاعیرێکی ڕۆژئـــاوایی دەڵێـــت: ئەو کەســـەی بە گەڕان و تـوێژینەوە فێر دەبێت، حەوت هێنـدەی ئەو کەسـە شـارەزاتر دەبێت کە بە فەرمانەکان فێر بووە. ئەمە لەناو ڕاستیی ژیانی بڕواداراندا بەڕوونی دیارە. بۆیە دەبینی ئەو کەسەی بە هۆی گەڕان و توێژینەوەوە مسوڵمان دەبێت، تێڕوانین و بیرکردنەوە و ڕۆحـــانیبوون و بـــاوەڕی زۆر بەهێزتـــرە لەو کەســـەی بە میراتـی ئیسـلامی بـۆ مـاوەتەوە. جیـاوازیی زۆریـان لە نێوانـدا هەیە. تەنـــانەت هەنـــدێک بـــڕواداری جیـــاوازیش هەیە لەنـــاو بڕواداراندا، بەوە جیـاوازتر و نایابتر بوون، چونکە بە میراتی ئیســـلامیان بـــۆ مـــاوەتەوە و پاشـــان پرســـیار و تـــوێژینەوە و گەڕانـــی زۆریـــان کـــردووە تـــا ڕۆشـــتوونەتە نـــاو بێبـــاوەڕی و بوونەتە ئیلحـاد، پاشـان بەبەهێزی و بەقووڵی گەڕاونەتەوە بۆ ناو ئیسلام، وەک: "مستەفا مەحموود عەقاد" و خەڵکانی دیکە، بەڵام لە قۆناغی گومان و دوودڵیدا نەژیاون. ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵات ئیســـلامبوونەکەیان، ئیســـلامی فەرمـــان و چـــاولێکەرییە، ئیســـلامێکی نیمچەمـــردوو و بێهۆشـــە. بـــۆیە دەبینـــی کەسێکی ئەمەریکی کە مسوڵمان بووە، زۆر بەجۆشوخرۆشـەوە هـاتووە بۆ ئەوەی لەناو بڕواداراندا بژی، پاشان دوای تێپەڕبوونی یەک ساڵ دەڵێت: "هەستم بەوە دەکرد خەریکە خۆم ون دەکەم و لەنـاو دەچـم و ئـایینەکەم لەدەسـت دەدەم، بـۆیە بڕیـارم داوە بگەڕێمەوە بۆ ئەمەریکا بۆ ئەو جێگەیەی لێی مسـوڵمان بووم، هیچ نەبێت لەوێ دەتوانم بەو ڕۆح و گیانەی مسـوڵمان بووم، ئایینەکەم پیادە بکەم. بەبێ دوودڵی، زۆربەی وڵاتـانی ئیسـلامی

وەهایە: خۆزگا منداڵەکانمان فێری ئیسلامی پرسیارکردن و توێژینەوە بکردایە نەک ئیسلامی فەرمانەکان، بەتایبەت منداڵانمان. دوای ئیسلامی پرسیارکردن، فێری ئیسلامی فەرمانەکانمان بکردنایە. پاش ئەوەی ئارامیی دەروونی و دڵنیاییت دەست کەوت، زۆر ئاسان فێری ئیسلام دەبیت. ئەوە نییە ئیبراهیمی خۆشەویست دەفەرمووێت:

قَالَ تَعَالَى: ﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّ أَرِنِى كَيْفَ تُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ ۖ قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِن ۖ قَالَ بَلَىٰ وَلَٰكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِى ۖ قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ ٱلطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ ٱجْعَلْ عَلَىٰ كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءًا ثُمَّ ٱدْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا ۚ وَٱعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٦٠﴾ ﴾ البقرة: ٢٦٠

**واتە: " ئەی موحەممەد! ئەی رەهبەر! ئەوە بۆ خەڵک بگێرەوەو یادی ئەوە بکەرەوە: کە ئیبراهیم وتی: ئەی پەروەردگار! پیشانم بدە زاتی بێچوونتان چۆن مردووی پوڵکاوی رزیو زیندوو دەکاتەوە. پەروەردگار پێی فەرموو بۆچی بڕوات بە زیندوو کردنەوەی مردوان لە لایەن ئێمەوە نیە؟ ئیبراهیم وتی: پەروەردگار! بەڵێ: من بڕوای تەواو دامەزراوم بە رەهایی دەسەڵاتی ئێوە هەیە، ئیمانێکی تۆکمەو بەهێزم بە زیندوو بوونەوە هەیە، بەڵام حەزێکی گیانیو داخوازییەکی دڵاو دەروونمە بۆ ئەوەی ئارامی تەواو بە دڵاو گیانم بگا، پەردەم بۆ لەسەر ئەو نهێنییە بۆ لابەریو تامی ئەو خۆشییە بکەم. پەروەردگار فەرمووی: چوار باڵندە بگرەو لە خۆتیان نزیک بکەرەوە چاک سەرنجیان بدەرێ، چاک شێوەو روخساریان ببینە تا دوایی بیانناسیتەوە، ئەمجار سەریان ببڕەو پارچە پارچەیان بکەو پارچەکانیان**

بە تێکەڵاوی لەسەر کێوەکانی دەوروبەرت دابنێ، ئەمجار بەناوی ئێمەوە بانگیان بکە، بڕوانە: چۆن ئەندامەکانیان جارێکی تر کۆدەبنەوەو دەچنەوە پەنا یەکتریو ڕێک دەخرێنەوەو گیانیان تێ دەچێتەوەو سەر لەنوێ زیندوو دەبنەوەو بەڕاکردن دێنەوە بۆ لات!، دڵنیابەو چاک بزانە کە پەروەردگار دەسەڵاتی ڕەهای هەیە لە بوونەوەرداو چی بوێ ئەنجامی دەدا. لە هەموو کاروبارێکیدا داناو زانایەو ئیشی بێ حیکمەت ناکا.

ئیبراهیمی خۆشەویست دەیویست لە ئیمانەوە بڕوات بۆ ئارامی و دڵنیایی دەروونی، ئەم پلەیە زۆر بالاترە، پلەیەکە هەرگیز بە فەرمانەکان دەست ناکەوێت، بەڵکوو بە ئارەزوو و ئەوینی زۆر بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بەدەست دێت و دەگەیت بە بەرزترین پلە لای پەروەردگار.

# ئیلاهی

ئیلاهی، له وڵاتێکی زۆر دوورەوە هاتووم بۆ گەڕان بەدوای تۆ و خۆشەویستیتدا. تۆ خودامیت لە هەموو جیهان، زەوی هەمووی هیی تۆیە و جیهانیش هیی تۆیە، خودایە بە بێهیوا و بێئومێدی مەمگەڕێنەوە! خودایە، ئەم گەڕانەم تەنها لە پێناوی تۆدا بێت! خودایە، تێگەشتنم بە خودی خۆم پێ ببەخشە، چونکە وتراوە "ئەوەی خۆی بناسێت، خوداش دەناسێت"! خودایە، خوێندنەوە و خودناسینێکی زۆر قووڵم پێ ببەخشە، بۆ ئەوەی لە تۆ نزیک ببمەوە! خودایە، ئەگەر بەشێکی بچووکی دونیاویستی لەم گەشتەمدا هەیە، لای بە و وای لێ بکە هەمووی بۆ تۆ بێت و نییەتم باش بکە بۆ ئەوەی بۆ تۆ و بۆ خزمەتی گەورەی پەیامبەرمان محەممەد (ﷺ) بێت! خودایە، ڕێنمونیم بکە بۆ ڕێگای ڕاست! خودایە، باشترین ڕێگەم نیشان بدە، بۆ ئەوەی بگەم بەو ڕێگە ڕاستەی بە تۆ دەگەم! بە ژمارەی مرۆڤەکان؛ ڕێگە و شێوە هەیە، هەمووشیان دەڕۆنەوە سەر ئەو ڕێگە ڕاستە، خودایە ڕێنمونیی ڕێچکەکەی خۆم بکە، بۆ ئەوەی بگەم بەو ڕێگەیە! من ئەحمەدم، بەندەی تۆم، دەمەوێت بگەم بە ڕێگەی خۆشەویستیی تۆ. خودایە، ئەم گەشتەم بە هۆی ئەوەوە نەبوو کەم بڕوام بە ئیسلامی کۆتا پەیامبەر هەبێت، بەڵام ئەم گەشتەم بۆ بەهێزکردنی ئایینی ئیسلام و پتەوکردنی بەرنامەکەی خۆشەویستمان محەممەد (ﷺ) کرد، ئەویش ئەو بەرنامەیە هەموو مرۆڤایەتی لەسەری ڕێک بکەوێت، خودایە ئەم بنەمایە لە ناخمدا جێگیر بکە و پیایدا ڕۆبچێتە خوارەوە! خودایە، بەبێئومێد مەمگەڕێنەوە! خودایە، تۆ

بەخشندەیت؛ پێم ببەخشە، تۆ میهرەبانی؛ سۆزت بە سەرمدا ببارێنە! خودایە، تۆ ڕێنمونیکاریت، ڕێگام نیشان بدە!

## تێبینی

ئەمڕۆ و ئەم ئێوارە هەستم بە ئازارێکی کەمی سەرم دەکرد، پێشتر شتی وام نەبووە، هەستم کرد سەرم خەریکە قورس دەبێت، شەوی ڕابردوو زۆر بیرم لە کارەکە نەکردەوە، بەڵام ئەمڕۆ بابەتەکەم شی کردەوە. هۆکارێکی سەیرم دۆزییەوە بۆ ئازاری سەرم، ئەویش ئەوە بوو بە درێژایی ڕۆژ و بەبێ پشوودان ئاوەزم کاری دەکرد و بیری دەکردەوە، لە ڕابردوودا بە هۆی سەیرکردنی تیڤی و فەیسبوک و مۆبایل، جۆرێک لە جۆرەکان پشوویان بە ئاوەزی مرۆڤ دەدا، چونکە وای دەکرد مرۆڤ بیر نەکاتەوە و ڕۆدەچوو لەناو ئەو دیمە سەیروسەمەرانەدا و سەیری دەکرد و نوقم دەبوو تیایاندا، جا لە تیڤی بێت یاخود فەیسبوک یاخود ئینتەرنێت و مۆبایل، بەڵام لەو ماوەی لێرەدا بێ کار بووم، ئەو شتانە نەبوون سەرقاڵم بکەن، بەردەوام بیرم دەکردەوە. هەستم کرد ماسوولکەکانی ئاوەزم ئازاریان دەدام، لەبەر ئەوەی پێشتر هێندە پەستانم لەسەریان دانەدەنا، وەک ئازاری ماسوولکەی جەستە چۆن پاش ئەوەی ڕاهێنانیان پێ دەکەیت، هەست بە ئازارێک دەکەیت تیایاندا. ئەم کەڵکەم لە خەڵوەتدا بەدی کرد... بەڕاستی ڕاهێنانی بەهێزکردن و فراوانکردنی ماسوولکەکانی بیر و هۆشە.

# ئافرەتێکی تورک

کاتێک لە خەڵوەتگەکە بووم، لەگەڵ ئافرەتێکی تورک کەوتینە گفتوگۆ و گۆڕینەوەی چەند ڕازێک لەسەر هۆکاری هاتنمان بۆ ئەو جێگەیە، پێی وتم: بۆ ئەوەی بگەم بە پەروەردگار، پێویستم بە محەممەد و عیسا و بووزا نییە! لێم پرسی: ئەی بوونی پێغەمبەران چ کێشەیەک دروست دەکات؟ وتی: سەیری دەورت بکە، سەیر بکە بزانە شوێنکەوتووانی محەممەد و عیسا چییان لە سەر زەوی کردووە، ئایا بوونەتە هۆکاری ئەوەی ژیان لەسەر زەوی باشتر بکەن؟ لە تورکیا، لای ئێمە ئایینداره‌کان بە ناوی ئایینەوە هەزاران فێڵ و تەڵەکە دەکەن، بەڵام من پێویستم بەم فریودانە نییە. پێم وت: ئەم کارە مرۆڤ نیگەران دەکات، بە هۆی هەڵە و خراپەکاریی شوێنکەوتوانیەوە، وێنەیەکی ناشرینیان پیشانی جیهان داوە. ڕێک وەک گەوهەرێکی بەنرخ وایە، چۆن خاوەنەکەی بە پیسی و قوڕ دایدەپۆشێت و خەڵک لەبەری هەڵدێن. پاشان پێم وت: من داوایەکم هەیە! وتی: فەرموو! وتم: دەرفەتێکی دیکە بە خۆت بدە بۆ ناسینی محەممەد، دوور لەوەی بە چاوی شوێنکەوتووانی دەیبینی، بەبێ نێوەندگیری و نمایندە، خۆت ڕاستەوخۆ برۆ بیناسە. دەتوانیت ئەوە بکەیت؟ هەندێک بیری کردەوە، وتی: تۆ یەکەم بڕواداریت بینیبێتم و بۆچوونی خۆی بەسەر بەرامبەردا نەسەپاندووە، لە تۆدا ڕوناکییەک دەبینم، وای لێ کردووم ڕازی بم بەوەی دەیڵێیت، بۆیە دەمەوێت ڕێنوماییم بکەیت بۆ خوێندنەوەی ئامۆژگارییەک لەسەر محەممەد. هەستم بە خۆشییەکی زۆر کرد، بڕیارم دا باشترین

کتێبی نیشان بدەم کە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە، پاشان خۆم پەیمانم پێ دا کتێبی "محەممەد لە سەدەی 21"ی بەدیاری پێ ببەخشم.

وتەیەک هەیە زۆر ڕاستی فەرمووە: ئێمە باشترین کالامان هەیە، بەڵام فرۆشیاری خراپمان هەیە. منیش ئەوە دەڵێم، ئێمە باشترین خواردنمان هەیە، بەڵام خراپترین چێشتلێنەر. باشترین دەرمانمان هەیە، بەڵام خراپترین دکتۆرمان هەیە. باشترین کالامان هەیە، بەڵام خراپترین کڕیار. خودایە، بە هۆی مرۆڤە خراپ و ئایین فرۆشەکان، تووشی بەڵا و نەهامەتیمان نەکەیت و لە تاوانمان خۆش بیت!

# ڕۆژی کۆتایی

چەند کاتژمێرێکم ماوە لە هیندستان، ڕاستییەک هەیە پێویستە بیڵێم، ئەمە خۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو، زۆرتر هەست بە پارێزراوی و ئازادبوونم دەکەم (ئازاد بووم لە کۆتوبەندەکانی دونیا). پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەم حاڵەتە دوای گەڕانەوەم بەردەوام دەبێت، یاخود جارێکی دیکە بەکاروباری دونیاییەوە تێکەڵ دەبین، وەک دەڵێن: "سەری گا، هەر دۆڵە"؟ تەحەدای سەرەکی ئەوە نییە تۆ لەناو گۆشەگیرییەکەدا هەست بە ئارامیی دەروونی بکەیت، بەڵام ململانێ و ئاڵنگاریی سەرەکی ئەوەیە تۆ لەناو ئاپۆڕەی ڕووتێکردنی دنیا و بەربەستەکانیدایت. هیوادارم ئەم چەند ڕۆژی گۆشەگیری و پەناگیرییە ببێتە پاترییەکی خەزنکردنی وزەی ڕۆح و کاتێک گەڕامەوە، سەرجەم ئەو بڕیارە ستراتیژی و گرنگانەی لەم گەشتەمدا داومە؛ جێبەجێی بکەم. ئەو بڕیارانەش لە کۆتایی ئەم ڕازەدا دەیاننووسم.


Emirates
NAME OF PASSENGER
ALSHUGAIRI/AHMADMR
FROM
DXB
TO
JED
FLIGHT CLASS DATE TIME
EK 3805 F 05FEB 0900
GATE BOARDING TIME SEAT SMOKE
2 0815 1J NO
PCS WT UNCKD BAGGAGE ID NUMBER
0049
DOCUMENT NUMBER CPN
ETKT 1765662364016-4

سوپاس بۆ خودا، لەم گەشتەمەندا چەند ئەنجامێکم دەست کەوت:

1. پلانی نووسینی کتێبی "محەممەد لە سەدەی 21" دانا.

2. لێبوومەوە لە کتێبی "گەشتەکەم لەگەڵ گاندی" کە لەبەر دەستتە.

3. حەوت کتێبی ڕۆحانی و گەشەپێدانی خودم خوێندەوە.

4. توانیم بیرۆکەی نووسینی "چوار زنجیرەی ڕازەکان" بەئەنجام بگەیەنم.

5. هەستی ئارامیی دەروونی و پەیوەندیی توندوتۆڵم لەگەڵ خودا بەهێزتر بوو.

6. زیاتر هەستکردن بە بەرپرسیارێتی وەک مسوڵمان، چونکە ئێمە لەم سەردەمەدا بەرپرسیارێتیی گەورەترمان لە سەرشانە.

## بۆ یەکەم جار لەم گەشتەمدا:

1. بۆ یەکەم جار بوو لە تەمەندا، بۆ ماوەی (8) ڕۆژ لە مۆبایل داببڕێم.

2. بۆ یەکەم جار لە تەمەنمدا، بۆ ماوەی (8) ڕۆژ دابڕام لە ئیمەیل و ئینتەرنێت.

3. بۆ یەکەم جار دوای (6) ساڵ، لە سەرەتای بەرنامەی "یەڵا گەنجان" ڕۆشتم بۆ جێگەیەک کەس نەیدەناسیم و چاوی کەسم لەسەر نەبوو، هەر چی بکەم چاودێریم لەسەر بێت!

4. یەکەم جارە ڕۆبی سووری هەناری بپۆشم.

5. یەکەم جارە بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ کتێبێک بە دەستی خۆم و بێ کۆمپیوتەر بنووسم.

6. یەکەم جار بوو هەستم کرد مێشکم ژەنگی کردووە، چونکە نەمدەزانی دابەشکردن و چەندجاران شی بکەمەوە.

7. بۆ یەکەم جار بوو بۆ ماوەی (8) ڕۆژ لە ژوورێکدا بەتەنیا و بێ تیڤی و تەلەفۆن دابنیشم.

8. بۆ یەکەم جار بوو بۆ ماوەی (8) ڕۆژ، تەنها خواردنە ڕووەکییەکان بخۆم بەبێ گۆشت و چەوری (هەر چەند لە جەدە ڕاهێنانێکی وەهام کرد، بەڵام زۆری نەخایاند).

9. یەکەم جارم بوو گەشت بکەم بۆ هیند.

10. یەکەم جار بوو بە ڕوپیە کڕین و فرۆشتن بکەم.

11. یەکەم جار بوو لە ژیانمدا توانیم بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ، ڕۆژی پەرتووکێک بخوێنمەوە.

12. یەکەم جار بوو لە ژیانمدا بەڕاستی هەستم بە مەترسی کرد لەسەر ژیانم (کاتێک تەکسییەکە لە شەوێکی تاریکی ناوەڕاستی ڕێگەکە ڕایگرت).

13. بۆ یەکەم جار بوو هەستم کرد دڵم هۆگر و وابەستەی مۆبایل و ئینتەرنێتە، پێویستە لەسەرم ئەو هۆگری و پەیوەستبوونە بپچڕێنم.

14. یەکەم جار بوو سەگێک بە لامدا بڕوات و لێی نەترسم.

15. یەکەم جار بوو سۆزم بۆ گەڵایەک بجووڵێت و تۆز و خۆڵ و پیسی لەسەری لا بەرم و پاکی بکەمەوە.

16. یەکەم جار بوو گوێ لە کەسێک بگرم بە زمانی کۆری بدوێت، بەبێ ئەوەی هیچی لێ تێبگەم (لە ماوەی ئەو خولەی بەشداریم تیایدا کرد).

# دوگمەی ئاسانسوارەکە

دوگــمەی ئاسانســواری ئەو هــۆتێلەی تیایــدا بــووم، بە دەستلێدان کاری دەکرد، وەک دوگمەی ئاسایی نەبوو پەنجەی پیا بنێیت، تەنها ژمارەکان نووسرابوون. کاتێک گەشتم، زۆر بەنـارەحەتی ژمـارە (4)م دەنووســی، مـن لەو نهـۆمە بـووم، دەبووایە چەند جارێک بەتوندی پەنجەت پیا بنایە. ئەمرۆ کۆتا ڕۆژە، من لە لوتکەی کەیفخۆشی و ئارامیی دەروونیدا بووم، ســوپاس بــۆ خــوا -ســـەرجەم جووڵەکـــانم بە ئـــارامی و لەسەرخۆیی ئەنجام دەدا، بەنەرمونیانی مامەڵەم لەگەڵ خەڵک و لەگەڵ دەوروبەرم دەکـرد-. ڕۆشـتمە نـاو ئاسانسـوارەکە و کەمتر لە جاران پەنجەم بەتوندی لەسـەری دانـا، واو! بە یەکەم پەنــجە لەســـەر دانــان کــار دەکــات، ســـەیر دەکەم بـابەتەکە پێویسـتی بەوەیە لە دەسـتلێدان تۆزێـک هێواشـتر بێـت، ئەگەر یەکەم جار بەتوندی پەنجەی پیا بنێیت، ئەوە کار ناکات. پاکی و بێگەردی بۆ خـودا، باشـە هەمـان شـتیش لە مرۆڤـدا بـوونی نییە؟ تونـدوتیژی و مـامەڵەی ڕەق وا دەکـات بەرامـبەر وەک ئەوەی تۆ دەتەوێت؛ مامەڵە نەکات، وا دەکات یـاخی بێـت، بەڵام هەمیشـــە نەرمونیـــانی کـــارت بـــۆ ئاســـان دەکـــات. خــودای پەروەردگار چەند جوانی فەرمووە:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْ ۖ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّوا۟ مِنْ حَوْلِكَ ۖ فَٱعْفُ عَنْهُمْ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِى ٱلْأَمْرِ ۖ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَوَكِّلِينَ ﴿١٥٩﴾ ﴾ آل عمران: ١٥٩

واتە: " ئەی پێغەمبەر! بەهۆی رەحمەتی یەزدانەوە بوو، تۆ لەگەڵ هاوەڵەکانتدا ئەوەندە نەرمو نیانو لەسەرخۆو لێبوردە بووی! هەڵسو کەوتت لەگەڵیاندا قورئانی بوو، ئەگە تۆ ئەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێ) توندو تیژ بویتایە، قسە ڕەقو تورەو هەڵسو کەوت ناشیرین بوویتایە لەگەڵ هاوەڵانتدا، دەوریان چۆڵ دەکردی! لێت دوور دەکەوتنەوە، ئاوا ئاپوورەیان نەدەدای، ئەوەندە مل کەچو پابەندی فەرمانت نەدەبوون، نەتدەتوانی رێگای هیدایەتیان نیشان بدەیو قسەت لە ناویاندا کاریگەر نەدەبوو!!، ئەی پێغەمبەر! لێیان خۆش ببەو داوای لێخۆشبوونیان لە خودا بۆ بکە!، هەڵسو کەوتت لەگەڵیاندا هەڵسو کەوتی راوێژکارانە بێ، بەردەوام بە لەسەر پەیرەوکردنی راوێژ بۆ ئەو کاروبارانەی کە پێویستیان بە راوێژ هەیە، چونکە رام کردنی موسوڵمانان لەسەر راوێژ سوودی گرنگی دەبێ بۆ پاشەرۆژی فەرمانڕەوایی موسوڵمانان،لەم ڕووەوە کە رای گەلو کۆمەڵ زۆر جار لە هەڵەوە دوورە! ئەو تەنگژەو ئاستەنگانەی تووشی نەتەوە دەبێو خەتەر دەخاتە سەر ڕەوڕەوەی بەرێوەچوونو هەڵسوڕانی کاروباری، ئەگەر بدرێتە دەست تاکە کەس – هەرچەندە عاقڵو کارامەش بێ – لەوانەیە نەتوانێ خۆیو گەل رزگار بکات، وڵات تووشی کارەساتی سامناک دەکا! جا لەبەرئەوەی کە راوێژ وادەبێ را جیایی تێدا بێ – بەتایبەتی کە راوێژکارەکان زۆر بوون – پەروەردگار فەرمانی بە پێغەمبەری خۆی کردووە کە بە کردەوە ئەم دیاردەیە پەیرەو بکا لە واقیعی عەمەلی ژیانی خۆیدا ئەنجامی بدا، ئەوەبوو پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێ) مەشوورەتی بە هاوەڵانی دەکرد بە ئەو پەڕی لەسەرخۆییو ئارامییەوە گوێی بۆ رای هەموو کەسێک دەگرت، رایەکی بەسەر رایەک هەڵدەبژاردو ئەوی بیزانیایە کە بەرژەوەندی گەلو کۆمەڵی تێدایە پەسەندی دەکردو بە گوێرەی توانا کاری بۆ دەکرد!!!، ئەی پێغەمبەر! ئەگەر دوای راوێژو راگۆڕینەوە دڵت هاتە سەر جێبەجێ کردنی

کارێک، ئەوە پشت بە خودا ببەستەو شانی بەر بدە، بەڵام بۆ هەموو کارێک پێویستە هۆکارەکانی لەبەرچاو بگری. بێگومان پەروەردگار ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە پشتی پێ دەبەستنو هیوایان پێیەتی، یارمەتییان دەداو شارەزاییان دەکا بۆ هەر شتێک سوودمەند بێ بۆیان.

ئایەتێکی زۆر نایابە، واتە ئەی محەممەد تۆ لەگەڵ ئەوەی پەیامبەر و نێردراویت و لەلایەن خوداوە سرووشت بۆ هاتووە، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەگەر نەرمونیان و زمانشیرین نەبیت، کەواتە مامەڵەت توندە، هیچ کەس لەدەورت نامێننەوە! تەنها وتنی ڕاستییەکان سەرکەوتن بە دەست ناهێنیت، چۆنیەتیی وتنی ڕاستییەکان گرنگترە. شافیعی ڕاست دەفەرمووێت، کە دەڵێت:

**تقولُ هذا جَنى النَّحلِ تمدحُهُ ... وإنْ تشأ قلتَ ذا قَيءُ الزَّنابيرِ**

**مدحاً وذمّاً وما جاوَزْتَ وصْفَهُما ... والحقُّ قد يَعتريه سوءُ تعبيرِ**

دەڵێت: ئەمە شانەی هەنگوینە، پێیدا هەڵدەدا... ئەگەر دەتەوێت بڵێ ڕشانەوەی زەردەواڵەیە... بە ستایش و بەدگۆوتن مافی خۆیت پێ نەداوە، چونکە ڕاستی، هەندێک جار خراپ دەردەبڕرێت.

# سەگ

سـەگێک بەو شـوێنەدا تێـپەڕی کە مـن ڕازەکـانم تیـا دەنووسـی. لە یەکەم بینـین هەسـتم بە ترسـێکی زۆر دەکـرد و دڵم بەخێرایی لێیدەدا. لە ڕاستیدا من سەگم خۆش ناوێت، نەک هەر خۆشـم ناوێت، بەڵکوو لێشـی دەترسـم، وەک عـادل ئیمام دەڵێت: "من لە سەگ دەترسام، ئێستا شێر دەرچووە بۆم". وتـم ئەمە دەرفەتێکـی باشـە بـۆ ئەوەی سـتراتیژی ئـارامیی نـاخم پراکتیکە بکەم، ئۆتۆمـاتیکی نەکەومە ژێـر ئەوەی کـاردانەوەم هەبێـت. چـاوم داخسـت و وتـم ئەم سـەگەش بەدیهێنراوێکـی پەروەردگـارە، بە تەنیشـتمدا تێـدەپەڕێت، ئەو خـودایەی منـی بەدیی هێنـاوە، ئەویشـی بەدی هێنـاوە و هەر ئەویش دەتوانێت ئاشتی و ئارامی لە نێوانماندا دروست بکات. چەند ساتێکی کەم تێنەپەڕی، ئەو خێرا لێدانەی دڵم وەک باری ئاسایی خۆی لێ هـاتەوە و هەسـتم بە ئـارامییەکی دەروونـی دەکـرد. سـەگەکە بەلامدا تێپەڕی، مـن زۆر دڵخۆش بووم بەوەی بە پیادەکردنی ئەو یاسایە دەرچووم لە ژیانی ئۆتۆمـاتیکی، کە دەکەوتمە ژێر کـاریگەریی نەسـت و کـاردانەوەی خۆنەویسـتیم دەبـوو. پەڕیمەوە بۆ ئەوەی بە هەست کار بکەم و زیاتر چاوکراوە و پەیوەست بم بە بەدیهێنراوەکانی خودای پەروەردگارەوە.

# گۆرانیوتن لەگەڵ مێرووولە

لە کاتێکـدا دانیشـتبووم، مێـرووولەیەکم بینـی، لێـی نزیـک بـوومەوە و تێـی ڕامـام، دەبیـنم چەنـد دانەیەکی دیکە لەولاوە دەڕۆن بەدوای ڕۆزیـی خۆیانـدا دەگەڕێـن، یـان هـیچ نەبێت ئەوەی لە چارەیـان نووسـراوە. بـۆ سـاتێک هەسـتم کـرد لێکچوونێک هەیە لەنێوان مـن و ئەو مێرووولەدا، هەردووکمان بە دەسـتی پەروەردگارمـان دروسـت کـراوین. دەسـتم خستە ڕێگەیان بۆ ئەوەی یەکێکیان بێتە سەر دەستم بۆ ئەوەی بیری لێ بکەمەوە، دانەیەکیان هاتە سەر دەستم، دانیشتم دەستم کرد بە تەسبیحات و ئەو ئایەتەم بەبیر هاتەوە، دەفەرموویت:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوۡاْ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمۡلِ قَالَتۡ نَمۡلَةٞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمۡلُ ٱدۡخُلُواْ مَسَٰكِنَكُمۡ لَا يَحۡطِمَنَّكُمۡ سُلَيۡمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿١٨﴾ ﴾ النمل: ١٨

واتە: هەتـا حەزرەتـی سـولەیمان، بەخۆیـو لەشـکریەوە گەیشـتە (وادی النملە) ـ دۆڵە مێرولە ـ وەکوو دەڵێن: دۆڵێکە لەشـام مێـروی زۆرە. بۆیە بەنـاو مێـرووەوە نـاونراوە. ئـا لەو کـاتەدا مێـروویەک: کەسەرپەرشـتی مێرولەکانی تـری لەئەستۆ بـوو، بـانگی لەمێرولەکـانی تـر کـرد وتـی: ئەی مێرولەکان؛ هەمووتان خۆتان تاقەت بکەنو هەریەکەتان بچێتەوە شوێنو خانەی خۆی، نەبادا سـولەیمانو لەشـکرەکەی پـان.و پڵیشـتان بـکەنەوەو پێتان نەزانن. حەزرەتی سولەیمان، لەمانە حاڵی بوو.

پرسیارم کرد خۆزگا ئەم مێروولە دەزانێت من ئەحمەدم؟ دانیشتم و دەستم کرد بە بیرکردنەوە لێی و تەسبیحاتکردن، چونکە دەزانم ئەویش تەسبیحات دەکات:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبۡعُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا ﴿٤٤﴾﴾ الإسراء: ٤٤.

واتە: حەوت ئاسمانەکانو زەوی بەهەموو حەشامەتێکیانەوەو ئەوەی تێیاندایە لەدروستکراوان هەموویان تێکڕاو بەبەردەوامی شایەتی تاکو تەنهایی بۆ خودا دەدەن، گەواهیدەری ڕوبوبیەتو ئولوهییەتی زاتی پەروەردگارن، هەموویان خەریکی تەقدیسو تەنزیهی بەدیهێنەری خۆیانن. هەموو گەردیلەیەکی ئەم بوونەوەرە گەورەیە خەریکی تەسبیحاتی خودایە، هەموو بوونەوەر بەیەکدەم شایەتی دەدا: کە خودا تاکو تەنهاو بێ وینەو بێ هاوەڵو منداڵە. هەرچی شت هەیە لەبوونەوەردا هەموویان تەسبیحاتی خودا دەکەن، جا یا بەزوبانی حاڵ یان بەزوبانی مەقال!! وەلێ ئێوە لەتەسبیحاتەکەیان حاڵی نابن، نازانن: شتە جۆراو جۆرەکانی بوونەوەر چۆن تەسبیحاتی خودا دەکەن! چونکە تەسبیحاتکردنەکەیان بەزوبانێکە ئێوە لێی حاڵی نابن! بێگومان پەروەردگار زۆر بەحیلمو لەسەرەخۆیە، پەلە لەسزادانی ئەوانە ناکا کە لێی یاخی دەبن، هاوەڵی بۆ دادەنێن. مۆڵەتیان دەدا بۆ ئەوەی لەتاوانەکانیان پەشیمان ببنەوە، تۆبە بکەن، بەخۆیاندا بچنەوە! لێخۆشبوو لێبوردەوە بۆ ئەوانەی تۆبە دەکەنو دەگەڕێنەوە بۆ لای خودا!

پاشان خستمە سەر ڕێگەی خۆی، پاش کەمێک مێروولەیەکی دیکەم بینی بە خێرایی و شڵەژاوی دەسووڕایەوە، ئەوە هات بە ئەندێشـــەمدا ئەو مێـــروولە دەڵێـــت: ئێســـتا کەســـێک ئەو مێروولەی هاوڕێمی برد و تەسبیحاتی کرد، دەمەوێت وەک ئەو مێروولە منیش بڕۆمە سەر دەستی و تەسبیحاتی لەگەڵ بکەم! دەستم بۆ دانا و بەخێرایی هاتە سەر دەستم و بەرزم کردەوە و دانیشتم دەستم کرد بە تەسبیحات، ئارام بوویەوە، پاشان بەرم دا و وتم: سەلامی من بگەیە بە مێروولەکانی دیکە و پێیان بڵێ: لە پارچە زەوییەک لە زەویی خودای پەروەردگار، لەسەر زەویی وڵاتێک پێی دەڵێن هیند، بەندەیەکی خودا هات تەسبیحاتی دەکرد و سەلامی لێ دەکردن، بەو هیوایەی ئێوە شاهیدیم بۆ بدەن کە ئەحمەد لەم جێگەیە و لەم ساتەدا تەسبیحاتی خودای دەکرد (ئەوە بە گرنگترین ساتی ژیانم دادەنێم).

## پرسیار و وەڵام

پ: پشتگیریی ئەوە دەکەیت گەنجان بڕۆن بۆ ئەو خەڵوەتگەیە؟

و: نا، نەخێر، هەرگیز هانیان نادەم بڕۆن بۆ ئەو خەڵوەتگەیە، چونکە زۆر شتی پێچەوانەی شەریعەت و بنەماکانی ئیسلامم تیا دەبینی، بەڵام پشتگیریی ئەوە دەکەم بە شێوەیەکی ڕێکخراو گەشت بکەن بۆ خەڵوەتگەی دیکە بە مەبەستی تێرامان و بیرکردنەوە، لە هەر جێگەیەک بێت، هیچ نەبێت ئەو خەڵوەت و گۆشەگیرییە با کەمتر نەبێت لە پێنج ڕۆژ، لەگەڵ پارێزگاریکردن لەم ئامێرانە: 1. مۆبایلی پێ نەبێت. 2. ئینتەرنێتی نەبێت. 3. تیڤیی تیا نەبێت. 4. کەسیان نەناسیت. 5. جگەرە نەکێشیت. 6. هیچ هۆشداریکەرەوە و چالاککەرەوەیەکت پێ نەبێت.

پ: ئایا شەریعەتی محەممەد و فێرکارییەکانی، پێویستی مرۆڤ دەرناکات؟ بۆچی پەنا بەرینە بەر گەڕان بۆ ڕێگەی دیکە؟

و: بیروباوەڕی ئیسلامیمان بەسە و هەموو شتێکی تیایە، فێرکارییە ئیسلامی و ئامانجەکانی؛ باشترین و بەپێزترینە، بەڵام گەیشتن بەم ئامانجانە، تەنها لەسەر بڕواداران پێویست نەکراوە. نموونەیەک بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە: دەزانین ملکەچبوون ئامانجێکی مەزنە لە نوێژدا، بەڵام لە کتێبەکانی مسوڵمانان‌دا شێوازێک لە سستی و لاوازی دەبینین، چۆن و بە چ شێوەیەک دەتوانین بیگونجێنین لەگەڵ سەردەمی هاوچەرخ

و فریودەرەکان؟ ئەگەر جگە لەم ڕێگەیە (وەک: تێڕامان، یان هەندێک پلانی ستراتیژیی دیکە)، هیچ ڕێگەیەکی دیکە هەیە بۆ ئەوەی هاوکارت بێت بۆ ملکەچبوون؟ چ کێشەیەکی تیایە؟

نموونەیەکی دیکە: دابەشکردنی کات زۆر گرنگە، هەندێک کات ئەگەر نییەتی پەرستشی لێ بهێنیت، دەبێتە پەرستش. قورئانی پیرۆز سوێند بە کات (العصر) دەخوات، بەڵام ئایا ڕێزگرتنی کات تەنها بۆ بڕواداره؟ یان ئەوەی بڕوادار باشتر و پاداشتی زۆرتی دەست دەکەوێت لە ڕێکخستنی کاتدا.

نموونەی سێیەم: کاتێک قورئان دەخوێنینەوە، باسی ڕۆژووگرتنی کردووە لە قسەکردن. زەکەریا دەفەرموێت:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿قَالَ رَبِّ ٱجْعَل لِّيٓ ءَايَةًۖ قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَ لَيَالٖ سَوِيّٗا ١٠﴾ مريم: ١٠

واتە: حەزرەتی زەکەریا وتی: خودایە! نیشانەو بەڵگەیەکم پێ بفەرموو: بزانم: کە موژدەکە هاتۆتە دی! پێم خۆشە بزانم کەی ژنەکەم منداڵی لەسکی دەکەوێ. بۆ ئەوە دڵم ئارامی تێ بکەوێ، چونکە منداڵ لەسک کەوتن لەسەرەتادا شتێکی نادیارەو پەنامەکییە، بەتایبەتی لەئافرەتێکدا کە لەعادەتی ژنانە وەستابێتەوە. ئیتر پەروەردگار بەهۆی فریشتەی نیگاوە وەڵامی دایەوە: فەرمووی: نیشانەی سک پڕ بوونی خێزانت ئەوەیە: کە ناتوانی سێ شەوو سێ ڕۆژ ئاخاوتن لەگەڵ ئادەمیزاددا بکەی، ئەتۆ ساغیو هیچ نەخۆشیت تێدا نابێ، بەڵام ناتوانی قسە بکەی.

یاخود مەریەم دەفەرمووێت:

قَالَ تَعَالَى: ﴿فَكُلِي وَاشْرَبِي وَقَرِّي عَيْنًا فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ الْبَشَرِ أَحَدًا فَقُولِي إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَٰنِ صَوْمًا فَلَنْ أُكَلِّمَ الْيَوْمَ إِنسِيًّا ﴿٢٦﴾﴾ مريم: ٢٦

واتە: لەو خورمایە بخۆو لەو جۆگە ئاوەش بخۆرەوە عافێتت بێو نەوشی گیانت بێ، چاوو دڵت رۆشەن بەو مندالە جوانەی بووتە، غەم و پەژارە لەخۆت دوور بخەرەوە، دڵتەنگ مەبە، چونکە پەروەردگار دەتوانێ پاک دامێنی تۆ بچەسپێنێو قسەو قسەلۆکی گومڕایانت بۆ بەرپەرچ بداتەوە، راستی روداوەکە بۆ خەڵکی دەربکەوێ، پاکیو بێ تاوانی تۆ بۆ خەڵکی ئاشکرا ببێ. هەر کەسێکت لەئادەمیزاد بینیو روبەڕووی بوویەوەو پرسیاری لێ کردی دەربارەی ئەم مندالەو چۆنیەتی لەدایکبوونی، ئیشارەتیان بۆ بکە، بەقسە نا بەڵکوو بەشێوەیەک لەشێوەکانی تێگەیاندن و فێر بوون تێیان بگەیەنە: کە من بۆ خودا بەرۆژوومو بڕیارم داوە لەگەڵ هیچ کەسدا قسە نەکەم.

کەواتە ڕۆژووگرتن لە قسەکردن سوودی خۆی هەیە، ئەگینا دانەدەبەزییە سەر مرۆڤ. هەر چەند ئێمە بڕوامان بەم شەریعەتە نییە و ئەمە شەرعی پێش خۆمانە، هیچ کێشەیەک نییە ئەگەر شتێکی لێ وەربگریت و پیادەی بکەیت، بەتایبەتی پێچەوانە نییە لەگەڵ هیچ بنەمایەکی ئیسلامدا. فەرموودەیەکی زۆر جوان هەیە دەفەرمووێت: "نموونەی من و پەیامبەرانی پێش من، وەک خانوویەک وایە هەموو خشتەکانی دانرابن

تەنها یەک خشتی نەبێت، کە دەدەن بە لایدا دەڵێن خۆزگا ئەو خشتەشی دابنرایە جوانتر دەبوو، من ئەو خشتەی کۆتاییم و کۆتا پەیامبەرم." ئەم شەریعەتەش خانوویەکی تەواوە، تەنها یەک خشتی ماوە بۆ ئەوەی جوانتر بێت، ئەویش شەرعی پێش خۆمانە (بە مەرجێک پێچەوانە نەبێتەوە لەگەڵ بنەما شەرعی و دەقەکانی شەریعەتدا).

پ: ئایا تۆ بانگەشە ڕەبەنیبوون و پشتکردنە دنیا دەکەیت؟

و: نەخێر، هەرگیز. بانگەشەی مامناوەندبوون دەکەم، ئیسلام ئایینی مامناوەندبوونە، نێوەندێکە لەنێوان ڕۆچوون لە دنیا و پشتکردنە ڕۆح و لەگەڵ ڕۆچوون لە ڕۆح، پشتکردنە دنیایە. بەڵام لەگەڵ ئەوەدام بۆ ماوەیەک گۆشەگیری و پەرگیر بێت، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ڕووی ڕۆحییەوە خۆی ئامادە و بەهێز بکات. وەک وێستگەیەکی بەنزین وایە، ڕۆحت پڕ بەنزین و گەشەکردن بکەیت. لەگەڵ ئەوەدام بە لایەنی کەمەوە ئەم گۆشەگیرییە لە ساڵێکدا، جارێک یاخود دوو جار ئەنجام بدەیت. ئەم کارە من دامنەهێناوە، چەندین بەڵگەی دیکە هەیە ئاماژەی پێ داوە، لەوانە: چیرۆکی مووسا بۆ ماوەی (40) ڕۆژ دوور کەوتەوە لە گەلەکەی. خۆشەویستمان پێش هاتنی سرووش و پەیام بۆی، ماوەیەکی زۆر لە ئەشکەوتی حەرا خۆدامالین لە دونیا بە پۆشاکی سپی... پێشەوا غەزالی چەند ساڵێک لە دووریی خزم و کەسوکار و گۆشەگیریدا ژیانی بەسەر برد و پاشان گەڕایەوە باشترین کتێبی دانا بە ناوی "إحیاء علوم الدین". جگە لەوانە، چەندین ئاماژە هەیە

سەرچاوەی ئیلهامبەخش و ئاماژەیە بۆ ئەوەی گرنگە جار جار گۆشەگیری هەڵبژێریت.

پ: من کچم، ئارەزووی ئەوە دەکەم ئەو بنەمای خەڵوەتە جێبەجێ بکەم، بەڵام دابونەریت ڕێگرم دەبن لەوەی گەشت بکەم، دەبێت چی بکەم؟

و: دەتوانین لە ماڵەکەی خۆت، لە ژوورێکدا ئەم خەڵوەت و گۆشەگیرییە ئەنجام بدەیت، بەڵام بە جێبەجێکردنی ئەو مەرجانەی باسمان کرد. ئەم کارە لە ژوورێکدا قورسە، چونکە دەروون وات لێ دەکات بڕوات پێ بهێنێت تۆ بۆ شتی زۆر بچووک گۆشەگیرت کردووە. بەڵام ئەم کارە زۆر ئاسانترە لەوەی لە وڵاتێکی بێگانەی دووری وەک هیند گۆشەگیر بیت! کارەکە پێویستی بە تۆزێک هەوڵ و کۆشش و ماندووبوون و بڕواپێهێنانی کەسوکارتە لەسەر ئەو نییەتە هەتە. دەتوانیت بۆ نانخواردنیش، چەند کاتێکی دیاریکراو تەرخان بکەیت.

پ: پێشنیارت چییە بۆ ئەوەی لە ماوەی خەڵوەتدا ئەنجامی بدەم؟

و: خوێندنەوە، ڕۆژوو، دانانی پلانی ژیان، تێرامان و بیرکردنەوە، نوێژکردن، یادی خودا و نزاکردن، نووسینەوەی ڕاز و نیازەکانت، هەر کارێکی دیکە وات لێ بکات هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەروونی بکەیت.

پ: دەترسم هەست بە بێزاری و وەڕسبوون و بێئومێدی و دڵتەنگبوون بکەم!

و: بەدڵنیاییەوە ئەوە ڕوو دەدات، هەتا بێزاریت زیاتر بێت، ئەوە بەڵگەیە لەسەر هۆگری و وابەستەبوون بە کاروباری دنیاوە. ئەم هەستکردنە بەشێکە لە چارەسەر. ڕۆژە سەرەتاکان لای من زۆر ئەستەم و قورس بوو، بیری مۆبایلەکەم دەکرد. لەبەر ئەوەی بۆ ماوەی (15) ساڵ من بەرنامەڕێژی دەکەم، بەڵام بە تێپەڕبوونی (3-4) ڕۆژ، ئەو بیرە بەرنامەڕێژییەی مۆبایل و ئیمەیل و ئینتەرنێت لە ئەندێشەم و تەنانەت بیریشم دەرچوو. ئازادبوونی ڕاستی ئەمەیە، هەمان دەردەسەریم تووش بوو کاتێک وازم لە ئالوودەبوون لە جگەرە و قاوە هێنا... بیرت بێت، ئامانجەکە پەیوەندیی بە ئازادبوونی دڵەوە هەیە لە کۆتی پەیوەستبوون و هۆگربوون بەو شتە بێکەڵک و زیادانەوە.

لەم پەرتووکەدا چیت دەست دەکەوێت؟

چەند ڕاز و کارامەییت لە چەند لایەنێکی ژیانت دەست دەکەوێت، لە کۆتاییدا هەمووومان بەدەست هەمان شتەوە دەناڵێنین، چونکە هەمووان خاوەنی جەستەی لاوازی مرۆڤبوونین. لەم پەرتووکەدا بە ڕاشکاوانە و ڕوونی تیشک دەخەینە سەر ئەو لایەنە لاوازانەی ئەم گەشتەم، کە بۆ چارەسەرکردن و بەهێزکردنی ئەو لایەنانە ئەنجاممان دا.

چەند لایەنێکی ڕۆحی و ئەندێشەیی تیا بەدی دەکەیت، لێرەدا لە هەموو باخێک لە باخەکانی ژیان؛ گوڵێکتان پێشکەش دەکەین.

زۆر بەکورتی ئاماژە دەدەین بە ژیانی "مەهاتما گاندی"ی ڕزگارکەری هیندستان لە سەدەی بیستەم. ئاماژە نادەین بە

لایەنی سیاسیی ژیانی، بەڵکوو تەنها تیشک دەخەینە سەر لایەنە مرۆییەکەی و گەشتەکەی بۆ گەڕان بەدوای ڕاستی و ئەو هەنگاوانەی گرتبوویە بەر بۆ ئەوەی چارەسەری لایەنە لاوازەکانی خۆی بکات.

## گەشتێکی بەچێژ لەگەڵ کەسێکی ناوازە...



# ژیاننامەی ماهاتما گاندی بە کورتی



موهانداس کەرمچاند گاندی (ماوەی ژیانی: 2ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٦٩ تاکو ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨) لە ٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٦٩ لە گوندێکی هەژارنشین بە ناوی «پۆراندێر» لە ناوچەی «گەجرات»ی هیندستان لە

خێزانێکی پارێزەر کە باکگراوندێکی سیاسی دوورودرێژیان هەیە، لە دایک بووە. گاندی رابەری سیاسی و مەعنەوی هیندییەکان بوو کە گەلی هیندستانی لەرێی ئازادی و بەرامبەر بە کۆلۆنیالی بەریتانیا رابەرایەتی کرد. گاندی بە درێژایی ژیانی هەر جۆرە تیرۆر و توندوتیژییەکی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی رەت دەکردەوە. فەلسەفەی ناتوندوتیژیی گاندی کاریگەری لەسەر زۆر بزووتنەوەی جیهان داناوە. گاندی هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ ئەو نەریتەی بنەماڵەکەی ئاشنا دەبێت کە نابێ ئازار بە هیچ جۆرە ئاژەڵ و زیندەوەرێک بگەیەنێت.

لە رابردوودا باپیری و پاشانیش باوکی سەرۆک وەزیرانی ناوچەی (بور بەندەر)بوون. وەک لاوە هاوتەمەنەکانی خۆی لەولاتەکەیدا زوو چۆتە بنباری ژنهێنان و لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا ژنی هێناوەو چوار منداڵی لەو خێزانەی هەبووە. لەساڵی ١٨٨٨ بۆخوێندنی یاسا چۆتە لەندەن و لەسەرەتادا ویستوویەتی وەکو هەر گەنجێکی رۆژهەلاتی کە چووبێتە رۆژئاوا، ژیان بەسەر بەرێت، بەلام هەر زوو بالانسی خۆی وەرگرتۆتەوە و پەیوەست بۆتەوە بە خوێندن و ئایینەکەیەوە و بەردەوام لە هەوڵی زیاتر خۆ رووناکبیر کردندا بووە. ئەو کەسێک بووە کە پشتی بە خواردنی رووەکی بەستووە و کۆمەڵەیەکیشی لەو پێناوەدا دامەزراندبوو. باوکی ئەندام بووە لە دەستەی دادوەری «راژەستینگ» و دایکیشی زۆر بەرێز و خانەدان بووە و هەر برپارێک کە داویەتی لێی پاشگەز نەبۆتەوە. گاندی لە بنەماڵەیەکی ئایینی هاتە دنیا، هەر بەپێی دابونەریتی هیندییەکان، لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا ژیانی هاوبەشی پێک هێنا، لە قۆناغەکانی دواناوەندی و زانکۆ قوتابییەکی مامناوەندی بوو،

تەنانەت پێی وابوو ناتوانێت زانکۆش تەواو بکات، لە کاتی خوێندن لە زانکۆ بە پێشنیاری یەکێک لە خزمەکانی سەفەری لەندەنی کرد، بەڵێنیشی بەدایکی دا کە لەو سەفەرەدا واز لە خواردنی شەراب و گۆشت بێنێت و بە دوای ژنانەوە نەبێت. لە لەندەن، جیا لە غوربەت، کێشەیەکی تریش بۆ گاندی ساز بوو، ئەویش ئەو بەڵێنە بوو کە بە دایکی دابوو و دەبا بربایە سەر لە مەڕ خواردنی گۆشت. ناوبراو تووشی ژیانێکی نالەبار هاتبوو تا ئەوەی کە ڕێستورانێکی ڕووەکخۆری دۆزییەوە و توانی لە برسێتی نەجاتی بێت. دوای ئەوەش بوو بە ئەندامی ڕێکخراوی ڕووەکخۆرەکان و لە گۆڤارێک کە هی ئەوان بوو بە نێوی «ڕووەکخۆرەکان» خەریکی وتار نووسین بوو.

وەختێک خوێندنی یاسایی تەواو کرد و لەساڵی ۱۸۹۱ گەڕایەوە هیندستان، هەستی کرد کە لەکاری پارێزەریدا ناگاتە ئامانج و لەگەڵ ویستی ئەودا ناگونجێت و ڕێگایەک نییە بۆ سەرکەوتن، بۆیە ماوەیەک کاری عەریزەنووسی دەکات، پاشان بەگرێبەستێک بۆ ماوەی یەک ساڵ لەگەڵ کۆمپانیایەکی هیندیروو دەکاتە (ناتال) لەباشووری ئەفریقا بۆ کارکردن. لێرەوە بە سەرەتاکانی تێکۆشانی ناتوندوتیژی ئاشنا دەبێت.

گاندی کەسێکی شەرمن بوو و ئەم بێدەنگی و قسەنەکردنە، لە کۆمەڵدا زۆری ئازار دەدا. بەڵام هەر لەوێش کتێبگەلی وەک «باگاوادگیتا»و «بەڵێننامەی نوێ»ی خوێندەوە و دوو چەمکی «ئاپریگراها»و «سامابهاوا» کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر دانا کە یەکەمیان بە واتای ئەوەی کە جیهانی مادی موڵکی کەس نییە و سووک کردنی باری سەفەر. ئەوەی تریشیان بەواتای «چۆک دانەدان لە بەرامبەر تێکشکان و سەرکەوتن و

بە ئاسـایی وەرگرتنیـان» بـوو، گانـدی کاتێـک گەڕایەوە هیندستان، زانی کە دایکی لەژیاندا نەماوە. مەرگی لەناکاوی دایکـی، سـەرەڕای بڕوانـامەی پـارێزەریش، دووبـارە ئەوی تووشـی نائومێـدی کـردەوە. لە پیشـەی پارێزەرییەکەیـدا نەیـدەتوانی لە کـاتی دادگاییـدا لەو کتێبـانەی کە لە زانکـۆ خوێنـدبوونییەوە کەڵکـی پێویسـت وەربگرێـت و سـەرکەوتن بەدەست بێنێت. لەو سەردەمەدا بوو کە پێشنیاری سەفەرکردن بـۆ ئەفریقـای باشـووری پێکـرا، تـا ببێـتە بەڕێـوەبەری کۆمپانیـایەکی هینـدی لەو وڵاتە، لەوێ لە گەڵ زوڵـم و زۆری سپی پێستەکان ئاشنا بوو.

لە تەمەنی 13 ساڵیدا ژیانی هاوسەری لەگەڵ «کاستۆربا» پێکدەهێنێت و لە (16) ساڵیشـدا دەبێـتە بـاوک. سـاڵی ١٨٩٣ گانـدی و خێـزانەکەی چـوونە نـاوچەی ناتـاڵ لە باشـووری ئەفریقا و لەوێ دەستی بەکارەکانی کرد، هەر لەوێش ئاشنابوو بە ململانێ و تێکۆشانی ناتوندوتیژی.

## پرەنسیپەکانی گاندی

### حەقیقەت:

گانـدی هەمـوو ژیـانی خـۆی تەرخـان کـرد بـۆ دەرخسـتن و ئاشکرا کردنـی حەقیقەت یـان «سـاتیا». گاندی هەوڵـی دەدا بە فێربـــوون و دەرس دەرخســـتن لە هەڵەکـــانی خـــۆی و ئەزموونەکـانی، بە حەقـیقەت بگـا. ژیاننـامەی خـۆی لە ژێـر ناونیشــانی «مــاجەرای ئەزموونەکــانم لەگەڵ دۆزینـەوەی حەقیقەت»دا نووسیوەتەوە.

گاندی رایگەیاند کە گرنگترین شەڕی ئەو هەوڵدان بووە بۆ شکست پێ هێنانی شەیتانە دەروونییەکان و ترس و نائارامییەکانی خۆی.

**ناتوندوتیژی، نەرمونیانی:**

چەمکی ناتوندوتیژی" گاندی لەکاتی باس کردنی فەلسەفە و شێوازی ژیانی خۆیدا، لە بیۆگرافییەکەیدا دەڵێت:

«کاتێک نائومێد دەبم، بەبیرم دێتەوە کە بە درێژایی مێژوو، رێگەی حەقیقەت و عەشق هەمیشە سەرکەوتوو بووە. حوکمڕانەکان و قاتڵەکان لە بڕگەیەکدا وا دەردەکەون کە قەت تووشی شکست نابن، بەڵام سەرەنجام هەموویان رووخاون – هەمیشە ئەم واقیعەتان لەیاد بێت».

«چ جیاوازییەکی هەیە کە مەرگ و ئاوارەیی و دەربەدەری، سەرچاوەکانیان حکومەت بێت، یان بەناوی نیسک ئازادی و دیموکراسی دروست ببێت؟»

«گورز بەرامبەر بە گورز و چاو بەرامبەر بە چاو دنیا کوێر دەکات».

«من بەهۆکارگەلێکی زۆر ئامادەی مردنم نەک کوشتن».

گاندی لە جێبەجێ کردنی پرەنسیپەکانی خۆیدا، هەرگیز لەسەر رێگەی مەنتق لای نەدا. لەساڵی 1940دا کە واپێدەچوو ئەڵمانیای نازی هێرش بکاتە سەر دوورگەکانی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا، گاندی رووی کردە خەڵکی بەریتانیا و پەیامێکی بۆ ناردن لەژێر ناونیشانی «ناتوندوتیژی لە شەڕ و ئاشتیدا»:

«حەز دەکەم چەکەکانتان دابنێن، چونکە هیچ یارمەتییەکی پاراستنی گیان و مرۆڤایەتیتان نادات. بە چەک هەڵگرتن و چوونە ناو شەڕەوە، هیتلەرەکان و موسولینی-یەکان بانگهێشت دەکەن تاکو بێنە ناو وڵاتەکانتان و بوون و نەبوونتان لێ بستێنن. ئەگەر ئەم پیاوە بەڕێزانە بڕیار بدەن وڵاتەکەتان داگیر بکەن، چییان لەگەڵ دەکەن؟ ئەگەر بێ لایەنانە دەستبەرداری ئێوە نەبوون، ئەو کاتە ژن و پیاو و منداڵ بەرگری لە خاکی خۆتان دەکەن و ڕێگە نادەن بە ئامانجەکانیان بگەن».

تەنانەت لە ساڵی 1946دا بە «لویس فیشەر»ی وت:

«جوولەکەکان خۆیان داوەتە دەست چەقۆی قەساب، ئەوان دەبێ خۆیان لە لووتکەکانەوە هەڵدەنە ناو دەریاوە».

بەڵام گاندی دەیزانی کە پەنانەبردنە بەر توندوتیژی، پێویستی بە باوەڕێکی بەهێز و ئازایەتییەکی کەم وێنە هەیە کە هەڵبەت دەشیزانی لە هەمووانیدا نییە، بۆیە هەوڵی دەدا هەمووان تێبگەیەنێت کە پێویست ناکا هەموو کەس واز لە توندوتیژی بهێنێت، بەتایبەت ئەگەر توندوتیژی لەبەرامبەر ترس بێت:

گاندی نەیدەویست دروستبوونی ترس لە چەک هەڵگرتن یان ترس لە هەستی لاوازیی بەرەنگاری و خۆڕاگری لە بزووتنەوەی ساتیاگراهادا ببینێت. بۆیە لە یاداشتەکانیدا نووسیبووی: «لەو باوەڕەدام کە لە هەر شوێنێک، لەنێوان توندوتیژی و ترسدا گیرۆدە بووین، دەبێ توندوتیژی قبوڵ بکەین».

«لەهەر کۆبوونەوەیەکدا جەخت دەکەمەوە کە تاکو ڕێگای ناتوندوتیژی نەبێتە هۆی بەچۆکداهاتنی کەسانی خاوەن هێز لە بەرامبەر کەسانی بەهێزتر لەخۆیان، دەبێ ئەو ڕێگەیە هەڵبژێرین، بەڵام ئەگەر بە توندوتیژی بتوانن لە بەرامبەر ئەم دۆخەدا بوەستنەوە و، تاکە ڕێگەی گەیشتن بە حەق، توندوتیژی بێت، بێ هیچ تێڕامانێک دەبێ چەک هەڵگرن، من هەرگیز ئەوە قبوڵ ناکەم کە مرۆڤە ئازاکان بەهۆی ڕەچاوکردنی بنەماکانی ناتوندوتیژی، لە بەرامبەر زێدڕۆیی هێزە ترسنۆک و خراپەکانی «پاشا فان» تەسلیم ببن و لێیان بترسن کە نەوەک توندوتیژی دروست ببێت. ئازایەتی تەنها لەوەدا کورت نەکراوەتەوە کە تیرهاوێژێکی باش بی، بەڵکو ڕێگە گرتن لە مەرگ و ئامادەبوون بۆ ئەوەی سنگی خۆت بکەیتە قەڵغان لە بەرامبەر فیشەکی دوژمن، هەردووکی هەر ڕەهەندی ئازایەتین.

## ژیانێکی سادە:

گاندی شێلگیرانە جەختی لەو باوەڕە دەکردەوە کە تاکێک لە خزمەتی کۆمەڵگەدا بێت، دەبێ ژیانێکی سادەشی هەبێت و، گاندی شێوازی ژیانی ڕۆژئاوایی ڕەت دەکردەوە و لە ئەفریقای باشوور دەستی کرد بە ڕەوتی ژیانی سادە و وەکو هەوڵێک بۆ گەیشتن بە خاڵی سفر ناوزەدی دەکرد. بەمجۆرە دەستی بە خەرجییەکانیشیەوە دەگرت و شتێک زۆر پێویست نەبووایە پارەی لێ خەرج نەدەکرد. گاندی تەنانەت خۆی جلوبەرگەکانی دەشۆرد. ڕۆژێک بەهۆی خزمەتەکانیەوە

کۆمەڵێک دیارییان پێشکەش کرد، بەڵام ئەو هەموو دیارییەکانی گەڕاندەوە و قبوڵی نەکردن.

گاندی لە هەفتەدا یەک ڕۆژی تەرخان دەکرد بۆ ڕۆژووی بێدەنگی. بێدەنگی و قسە نەکردنی بە مایەی ئارامی بۆ دل ودەروون دادەنا. ئەم وانەیەشی لە ئایینی براهما و بنەمای موناشافتی واتە بێدەنگی و ئارامی، فێر ببوو. لەو ڕۆژانەدا کە ڕۆژووی بێدەنگی دەگرت، بە نووسینی قسەکانی لەسەر کاغەز، پەیوەندی بە کەسانی دەوروبەرییەوە دەکرد. گاندی لە تەمەنی 37 ساڵییەوە، بۆ ماوەی سێ ساڵ و نیو وازی لە خوێندنەوەی ڕۆژنامە هێنا و دەیووت بارودۆخی نالەباری جیهان و کاروباری جیهانی، دەروونی دەشێوێنێت و ئارامی لێ هەڵدەگرێت. لە کاتی گەڕانەوەی بۆ هیندستان و دەستبەکاربوونی، دەستی لە پۆشینی جلی ڕۆژئاوایی هەڵگرت، ئەگەرچی ئاماژەیەک بوو بۆ دەوڵەمەندی و سەرکەوتن. گاندی جلێکی لەبەر کرد کە تەنها جێی پەسندی هەژارترین کەسی هیندستان بوو و لە کوتاڵێک بەناوی «خادی» دروست دەکرا کە بەرهەمی ناوخۆ بوو. گاندی و لایەنگرەکانی جلەکانی خۆیان لەو ریسانە دەدووری کە بەدەستی خۆیان لە خوری دروستیان دەکرد. خەڵکی تریشیان بۆ ئەم کارە هان دەدا. لەکاتێکدا زۆربەی کرێکارە هیندییەکان بێکار بوون، جلوبەرگی پێویستی خۆیان لەو فرۆشگایانە دەکڕی کە موڵکی بەریتانییەکان بوو.

گاندی لەو باوەڕەدا بوو کە ئەگەر هیندییەکان خۆیان جلوبەرگی خۆیان بەرهەم بهێنن، گورزێکی ئابووری کوشندە بەر هەیکەلی داگیرکەرە بەریتانییەکان لە هیندستان دەکەوێت.

ئەم هەوڵەی گاندی وای کرد کە چەرخی تەشی ڕێسی هیندییەکان لەسەر ئالاّی کۆنگرەی نەتەوەیی هیندستان-یش دابنرێت. گاندی بۆ ئەوەی نیشان بدات چەندە ژیانێکی سادەی هەڵبژاردووە، بەدرێژایی ژیان تەنها یەک دەست جلی «هوتی» لەبەر کرد.

**بەنرخترین ووتەکانی:**

دەتوانی کەلەپچەم بکەی، دەشتوانی ئازارم بدەی، لە توانا شتدا هەیە ئەو جەستەیە وێران بکەی. بەڵام قەت سەرکەوتوو نابیت لە دیلکردنی هزرم.

خۆم دەناسم بەهۆی ئەو شتانەی کە کردوومە، نەک بەهۆی ئەو شتانەی کە دەمەوێت بیکەم.

بوختان کەسێکی حەسود دروستی دەکات، کەسێکی گێژ بڵاوی دەکاتەوە، کەسێکی بێ ئەقڵ بڕوای پێ دەکات.

ئێمە لە چ سەردەمێکدا دەژین..! مرۆڤی وا دەبینی جلەکانی گرانترە لە خۆی..!

لاواز توانای لێبووردنی نییە، چونکە لێبووردەیی ئەرکی بەهێزەکانە.

کۆت و بەندەکانی جەستەی خاکی، تێپەڕ دەبن و نامێننەوە، بۆچی دەبێ بیری لێبکەینەوە و شیوەنی بۆ بکەین؟

مەرگ دۆستی راستەقینەیە. بێ ئاگایی ئێمەیە کە دەبێتە هۆکاری خەم و پەژارە.

ئەگەر هەموو ساتێک لەگەڵ خۆتاندا راستگۆ بن، ئیتر پێویست ناکات کردەوەکانی خۆتان بسەلمێنن.

هەمیشە وتار و رەفتار دەبێ لەگەڵ ئامانج هەماهەنگ بێت. کاتێک ئامانج روون و ئاشکرا بێ، کردەوەکانیش باش دەبن.

مرۆڤ دەبێ سەرەتا گەشەکردن و کامڵ بوون بناسێت، ئینجا خودا بناسێت و پێی بگات.

کەسێک کە دەیەوێت باش و جوامێر بێت، دەبێ لەگەڵ نەوسەکانی خۆی شەڕ بکات.

من لەرێگەی خزمەت کردنی ملیۆنەها خەڵکی نەزان، عیبادەتی خودا دەکەم. خودا حەقیقەتە.

من لەو باوەڕەدام کە ئەگەر هەڵەکانمان نیەتی خراپی لەپشتەوە نەبێت، هیچ زیانێک بە کەس ناگەیەنێت و خوداش پشت و پەنامانە.

هیچ گوناهێک لەوە گەورەتر نییە کە خەڵکی بێ گوناه، بەناوی خواوەندەوە بخەیتە ژێر گوشار و بیانترسێنیت.

ڕەوشتی ڕاستەقینە لەوەدا نییە کە ببیتە شوێنکەوتووی خەڵک، بەڵکو لەوەدایە کە ڕێگای حەقیقەت بۆ خۆمان بدۆزینەوە و بەبێ ترس و دوودڵی بکەوینە شوێنی.

لەوانەیە من کەسێکی هەژار و سادە بم، بەڵام ئەو کاتەی کە حەقیقەت لەڕێی منەوە قسە دەکات، هەرگیز تووشی شکست نابم.

هونەری ڕاستەقینە دەبێ ڕەنگدەرەوەی شادومانی و سەرخۆشی و پاکی بێت.

هەموو ئەندێشەیەکی خراپ، سەرچاوەی نەخۆشیی جەستەشە.

له هەموو جیهاندا یەک مەزهەب هەیە و هەموو مەزهەبەکان یەک سەرچاوەیان هەیە، هەروەک خوداش تاک و بێ هاوتایە.

خزمەتکردن نابێ سنووری هەبێت، ئەو هەموو سنوورەی کە هەن، خودا دروستی نەکردوون.

بۆ کەسێک کە ئەندێشەی ناتوندوتیژی لەخۆیدا پەروەردە کردووە، هەموو جیهان یەک بنەماڵەیە. نە ترسی لەدڵدایە و نە کەسیش لێی دەترسێت.

نابێ یەک دنکە برنج یان پارچە کاغەزێک خەسار بکەن، تەنانەت کەتەکانیشتان بەفیڕۆ مەدەن. کاتەکانمان هی خۆمان نین، بەڵکو هی میللەتە و لای ئێمە ئەمانەتە. دەبێ بە باشترین شێوە کەڵکی لێ وەربگرین بۆ خزمەتی میللەت.

زانستی ئیلاهی لەڕێی کتێبەکانەوە بەدەست نایەت، بەڵکو دەبێ لەناخی خۆتدا درکی بکەیت.

ناتوندوتیژی تەنها لەیەک حاڵەتدا جێبەجێ دەبێت، ئەو کەسانەمان خۆش بوێت کە رقیان لێمانە.

دەربڕینی خۆشەویستی، گەورەترین هێزە لەم جیهانەدا و، لە هەمان کاتدا سادەترین هێزیشە.

سەرکەوتن ئەوە نییە کە هەرگیز نەکەویت، بەڵکو ئەوەیە کە دوای هەر کەوتنێک هەستیتەوە سەرپێ.

خۆمـان بکەیـن بە قوربـانی باشـترە لەوەی خەڵـک بکەیـنە قوربانی.

مـن ئیمـانم بەو کەسـانە نیـیە کە بانگەشـە بـۆ مەزهەبەکەی خۆیان دەکەن، بەتایبەت ئەو کاتەی دەیانەوێت تۆ بچیتە سەر مەزهەبـی ئەوان. مەزهەب و بـاوەڕ بە قسـە نیـیە، بەڵکـو بە کـردەوەیە. کـرداری هەرکەسـەو باشـترین بانگەشـەیە بـۆ مەزهەبەکەشی.

ئەو گۆڕانکارییـانەی حەز دەکەیـن لە خەڵکیـدا بێـتە ئـاراوە، سەرەتا دەبێ لەخۆماندا دروستی بکەین.

هیچ کەسێک ناتوانێت ئازارم بدات بەبێ ڕێگەپێدانی خۆم.

بەهای ژیان لەوە زیاترە کە بەخێرایی تێیپەڕێنین.

کتێبی: گەشتەکەم لەگەڵ گاندی
نوسەری :ئەحمەد شوقەیری
وەرگێرانی لەعەرەبیەوە بۆکوردی:هێمن قادر.

# بە pdf کردنی
# هیوا خضر حسێن



## ئەم گەشتە بۆچی؟

بەو پێیەی لەناو ڕاگەیاندندا کار دەکەم، زۆر پرسیارم لێ دەکەن، بەتایبەت گەنجان: چ ئامۆژگارییەکت هەیە بۆ ئەوەی لە ژیاندا سوودی بۆمان هەبێت؟ پێیان دەڵێم: ئامۆژگاریتان دەکەم بەبێ ماندووبوون و وەڕسبوون، گەشە بە توانا و ڕۆشنبیرییەکانتان بدەن. هەر یەکە لە ئێمە کەموکورتیی هەیە، کامڵبوون تەنها بۆ خودایە، بەڵام جیاوازی لەنێو مرۆڤەکاندا ئەوەیە هەندێک کەس لە گەشتی ژیانیاندا زۆر پێداگر و وردن لە بنبڕکردن و هەڵکێشانی کەموکورتی و نەنگییەکانیان.

هەمیشە دەڵێم: ئامانج ئەوە نییە بگەیتە کامڵبوون و بێ کەموکورتی، چونکە کامڵبوون تەنها بۆ خودایە، بەڵام ئامانج ئەوەیە بەردەوام کۆشش بکەیت بۆ کامڵبوون، بۆ ئەوەی بگەیتە نزیکترین پلە لێیەوە.

لەم کتێبەدا چەند ڕاز و پەند و ئامۆژگاری لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانت بەرچاو دەکەوێت. لە کۆتاییدا هەموومان بەو دەردەوە دەناڵێنین و هەمان لاوازیی مرۆڤبوونمان تیایە، لەم پەرتووکەدا بەڕاشکاوانە بە ڕوونی و دیاریکراوی باسی ئەو لاوازییە دەکات لە گەشتی ژیانمدا تووشی بووم و چارەسەر و هەستانەوەی بۆ دیاری کراوە.

1000

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان